ژمارە (١٠)
ساڵی پێنجەم
زستانی ٢٠٢٥

ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ئایندەی مرۆڤایەتی لەنێوان

جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرددا

زیرەکی دەستکرد و هەنگاوەکانی داهاتووی

جەنگی ئەلیکترۆنی کۆن و نوێ

کاریگەرییەکانی ژیری دەستکرد و سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق - بە هەرێمی کوردستانیشەوە

کاریگەرییەکانی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد لە هەژدە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە

حاجی علی بەستێ سەرۆك هۆزی مەنمی و ڕۆڵی لە ڕووداوە شومەکەی حوزەیرانی 1959دا

ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (١٠)، ساڵی پێنجەم، زستانی ٢٠٢٥ ز - ١٤٤٦ ك - ٢٧٢٤ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

محمد عزیز لۆتەری

(07501670344)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

دیزاینی ناوەوە و بەرگ

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

د. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی **هەردی ئەنوەر فەقێ ساڵح**

ڕاوێژکاران

پ.د. عوسمان عەلی **د. عبدالرحمن صالح میران**

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی **عەلی ئیبراهیم حەسەن**

ئەحمەد غازی سامەڕائی

ناوەڕۆک

٤	سەروتار.. جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد چەکی هەزارەی سێیەم
٦	حوکمی ڕەشید لەنێوان ڕێساکانی ئیسلام وتێڕوانینی ئەورووپادا
٢٠	کاریگەرییەکانی ژیری دەستکرد و سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە
٣٤	کاریگەرییەکانی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد لە هەژدە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە
٦٢	جەنگی ئەلکترۆنی کۆن و نوێ
٧٦	زیرەکی دەستکرد و هەنگاوەکانی داهاتووی
٨٠	پێوەری کارداشیف بۆ پۆلێنکردنی ژیارەکانKardashev scale بۆ ئەو گریمانە و تیۆریانەی بناغەی زیرەکی دەستکرد و پێشکەوتنی ئەلکترۆنین بەنموونە
٩٦	ڕۆڵی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد لەسەر بواری پەروەردە و پێگەیاندن
١٠٨	زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا: ئاسۆ، ئالنگاری و دەرفەتەکان
١١٨	کاریگەری دەرکەوتن و گەشەی قەوارەکان لەسەر یەکتر ... میرنشینی عەننازی و میرنشینی حەسنەوی بەنموونە
١٣٠	ڕەهەندەکانی ئاسایشی خۆراک
١٣٨	حاجی عەلی بەستێ سەرۆک هۆزی مەنمی و ڕۆڵی لە ڕووداوە شومەکەی حوزەیرانی ١٩٥٩دا
١٥٨	گەردوونی بینراو چییە؟
١٦٢	ئیعجازێکی زانستی و پزیشکی لەبارەی ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ
١٦٨	ڕانانی کتێب ... پەیوەندی نێوان پێشبینییە ئاینییەکان و ڕووداوە سیاسییەکان
١٨٢	بەشی عەرەبی

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

ئایندەی مرۆڤایەتی لەنێوان جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرددا

جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد چەکی هەزارەی سێیەم

لە نێو کێشمەکێش و ئاریشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان و گۆڕانکارییە خێراکان، لەوانە گۆڕانکارییەکانی سوریا و غەززە و ئاگربەستی نیوان بزووتنەوەی حەماس و ئیسرائیل، هەڵبژاردنەوەی دۆنالد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، بەردەوامی ئاڵۆزیەکان لەنێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و پرسی کورد، ئایندەی رۆژئاوای کوردستان، کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و، چەندین کێشەی تری جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی، گۆڤاری ئایندە بۆ ئەم ژمارەیە بابەتێکی نوێی هەڵبژاردووە بۆ گفتوگۆ و تاوتوێکردنی ئەویش بریتییە لە «ئایندەی جیهان لە سایەی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرددا».

جەنگی سایبەر یان سیبرانی بەشێکە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاری گەورە لەبواری زیرەکی دەستکرد لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هێناویەتییە ئاراوە.

لە دەیەی ڕابردوودا، تەکنەلۆژیا لەسەر بنەمای زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا هەبووە.AI لە کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا کاریگەر بووە. زیرەکی دەستکرد دەکرێ بە باری ئەرێنی یان نەرێنی بەکار بهێنرێت. لەڕاستیدا جەنگی ئەم سەدەیە بە تەواوی جیاوازە، لە ئەنجامی ئەو پیشکەوتنانەی لەبواری تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد بەدەستهاتوون، لەپاڵ سوودەکانیدا، دەکرێ زۆرترین ماڵوێرانی و زیانی گیانی و داراییش بە دوای خۆیدا بهێنێت.

ئەگەر لە دیوە مرۆییەکەیەوە سەیر بکەین، پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست بوون، کاری مەزن و گرنگن و خەریکە رۆبۆت و ئامێرە خۆکارەکان زۆرترین پانتایی لە ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن، ئەمانەش ناکرێ نادیدە بگیرێن، چونکە ژیانی مرۆڤ زۆر ئاسانتر دەکەن، بۆ نموونە لە بواری هاتووچۆ یان پزیشکی و یاخود پەیوەندیکردن هتد..

بەڵام لەگەڵ لایەنە ئەرێنی و گەشەکانی، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەتە هەڕەشەش لەسەر ژیانی مرۆڤ، نموونەی هەرە دیاری ئەو

سەرنووسەر

جەنگە شاراوەیە کە پێی دەوارێت (جەنگی سیبرانی)، کە هێرشکردنە سەر سیستەمەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان و کارەبا و دەزگا هەواڵگرییەکان و سیستەمی کۆمپیوتەری و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکانی لێدەکەوێتەوە کە خزمەت بە مرۆڤەکان دەکەن، ئەمەش وادەکات وڵاتان پارەیەکی زۆر خەرج بکەن بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و ڕێگەگرتن لەهەر هێرشێك دەکرێتە سەریان کە زیان بە سیستەمی ئەلیکترۆنییان لە بواره جیا جیاکان دەگەنێت.

لەوانەیە ئەمڕۆ هیشتا بەو شێوەیەی باسەکرێت ئێمە شاهێدی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد نەبین، بەهۆی ئەوەی بە وردی نازانین چییە و چی دەکات، بەڵام لە داهاتوودا زیاتر تێکەڵی ژیانمان دەبێت، لەڕاستیدا زۆرێك لەو کارانەی ئەنجامی دەدەین وەك گەڕان لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەستخستنی زانیاری لەڕێیانەوە، کاریگەری زیرەکی دەستکردیان لەسەرە، بەڵام خۆمان هەستناکەین زیرەکی دەستکرد بەکار دێنین. پێشبینی دەکرێ لەم دەیەی سێیەمی هەزارەی سێیەمی زانینییەدا زۆرترین گرنگی بەم بواره بدرێت و زۆرترین پانتایی لە نێو ململانێی وڵاتان داگیر بکات، بەڵکو دەتوانین بڵێین جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد چەکی دیار و کاریگەری هەزارەی سێیەمی زانینییە.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئایندە بۆ ئەم ژمارەیە «ئایندەی جیهان لە سایەی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرددا»ی هەڵبژاردووە وەك تەوەری سەرەکی ژمارە بۆ گفتوگۆ و تاوتوێکردنی. بە سوپاسەوە چەندین قەڵەمی بەبڕشت تێیدا بەشداریان کردووە و بەرچاوڕوونییان پێداوین؛ ئەڵبەتە چەندین بابەتی تری گشتیشی لەخۆگرتووە.

مەبەست لەم تەوەرە، لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانیAI لەبواره جۆراوجۆرەکاندا، شیکردنەوەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی و دەستنیشانکردنی پێشنیارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و چۆنیەتی خۆپاراستن لە جەنگی سیبرانی دەخاتە ڕوو.

حوکمی ڕەشید لەنێوان ڕێساکانی ئیسلام وتێڕوانینی ئەورۆپادا

ڕێخۆشکردن:

ئیبن خەلدون دەڵێ مرۆڤ هەر بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی شارستانییە، بۆیە ناتوانێ بەتەنیا ڕووبەڕووی توشهات و کێشەکانی ئەم ژیانە ببێتەوە، بۆیە تاکە چارەی مرۆڤ لە کۆمەڵ بوون و بەیەکەوەژیاندایە، گردبوونەوە و کۆمەڵ بوونیش پێویستی بەسەرکردەی ڕەشید هەیە، کە لەهەموو قەیرانەکان ڕێنمایکار بێت.

جا بۆیە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی لەهەموو ساات و چاخ و ئاین و ڕەنگەکان هەمیشە وێڵن بەدوای ئەو پێشەنگە دا، هەرکاتێ پێشکەوتن و گەشەی هەر شارستانییەتێکت دەرککرد ئەوە یەکسەربزانە ئەوانە پێشەنگێکی ڕێنماییکاریان لە ناودا هەڵکەوتووە.

پێغەمبەرمان ﷺ وەک پێشەنگێکی سەرڕاست هانمان دەدات کەزۆرسووربین لە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی ئەو و فەرمانەکانی ئەو جێنشینانەی پێغەمبەر ﷺ کە ڕەشید و ڕێنماییکراو و ڕێنیشاندەرن و فەرموویەتی ئەوەندە سوور بن لەسەریان کە بە ددانەکانتان توند بیگرن و هەرگیز واز لەو ڕێ وشوێنە مەهێنن تا لاڕێ نەبن، ئەبوداود گێڕاویەتەوە.

ئادەم و ئادەمیزادی خەلیفە و جێنشین لە قورئاندا ئاوەدانکردنەوە و سەرپەرشتیاری و بڵاوکردنەوەی داد و هاوسەنگی و میهرەبانی و زانست و ئەمەکداری وەک پەرستشی پەروەردێنەکەی پێ سپێردراوە.

فریشتەکان پێیان وابوو کە جێنشینایەتی تەنیا بە پەرستش و عبادەتکردن دەبێ، بەڵام پەروەردگار پێی سەلماندن کە جێنشینی پێویستی بەدادگەری و حوکمڕانی و جهاد و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و گۆڕانکاری و زانست و زانین هەیە. حوکم لە زمانی عەرەبیدا واتە یاساغکردن و پاوانکاری و پەرژینکردن، حیکمەت وادەکات مرۆڤەکان خۆیان لە خراپەکاری پەرژین بکەن. وە حوکم لە زاراوەدا پێناسەدەکرێ کە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە بەشێوەیەک کەبەرژەوەندییەکان دابینبکات و زەرەر و



زیانەکان نەهێڵێت، بەمەش مەبەستەکانی شەرع بەدیبێنێت. وە حوکم لەقورئاندا بەواتاکانی تێگەیشتن و لێزانی و دانایی و یەکلاکردنەوە و دادگەری و ئامۆژگاری و شارەزایی و زانایی و پەیامبەرێتی و لێکدانەوەی ڕاست هاتووە.

وشەی (رشد) لە عەرەبی بە واتای ڕاستەڕێ و ڕێنمایی و پێکانی حەق و ڕۆشنایی و هۆشیاری و چاکسازی و پابەندی هاتووە و پێچەوانەی سەرگەردانییە.

ئیبن خەلدون لە پێناسەی فەرمانڕەوایی و جێنشینی و خەلیفەدا دەڵێت: ڕاهێنان و ڕامکردنی هەموو خەڵکە کەبەپێی دید و ڕێنمایی شەرع بەڕێوە بچن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دواڕۆژ و جیهانیان دا. کەواتە خەلیفە دەسەڵاتی بەسەرهەمووانداید، تاکە دیاریکردن و سنووڕێکیش بۆ دەسەڵاتی ئەو سنووەرەکانی شەرعە، هەر کاتێ کەسێک لە سنووری شەرع دەرچوو ئەوە پێی ناگوترێ خەلیفە.

ئیبن خەلدون لەجیاکردنەوەی خەلیفە لە پاشا دەڵێ: پاشایەتی بە پێچەوانەی خەلیفە هەموو ژێردەستانی ناچار دەکات کە بەشوێن داخوازی و هێنانەدی خواستەکانی ئارەزووی پاشاوە بن و بارودۆخی دنیا و دواڕۆژی خۆیان لەگەڵ ئەو داخوازی و ئارەزووانەی پاشادا بگونجێنن. هەربۆیە فەرموودەکە تەنیا هەڵمان دەنێ کە شوێن پێی خەلیفە ڕاشیدەکان هەڵگرین، وە لەفەرموودەش هاتووە کەخیلافەتی ڕاشید دوای پێغەمبەر سی ساڵە و دوای ئەوە پاشایەتی نەزۆک و خۆسەپێنە و پێی ناگوترێ خیلافەت.

پێغەمبەرمان ﷺ هانمان دەدات کەزۆرسووربین لە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی ئەو و فەرمانەکانی ئەو جێنشینانەی پێغەمبەر ﷺ کە ڕەشید و ڕێنماییکراو و ڕێنیشاندەرن و فەرموویەتی ئەوەندە سوور بن لەسەریان کە بە ددانەکانتان توند بیگرن و هەرگیز واز لەو ڕێ وشوێنە مەهێنن تا لاڕێ نەبن،

لەقورئاندا ١٩جار رشد هاتووە و بەشەش واتا هاتووە کە بریتین لە ڕێنمایی (هدایە)، سەرکەوتن و، هاوڕای حەقبوون (توفیق)، ڕادروستی و پێکان(صواب)، چاکسازی (اصلاح)، عەقڵ پێگەیشتن و کامڵ بوون و باڵغ بوون(سن الرشد).

زاراوەی حوکمڕانی ڕەشید وەفەرمانڕەوایی :Good Governance=باشی لەبەکارهێنانی هاوچەرخدا:

وشەی ڕاشید لەفەڕەنسیدا هەر لەسەدەی ٣١وە هاومانای حیکمەت و لەیاسادەرنەچوونە، چونکە کەسی پێگەیشتوو لەیاسادەرناچێ، پێدەچێت فەڕەنسییەکان ئەو واتایەیان لە مسوڵمانانی ئەندەلوس وەرگرتبێ و لەساڵی ٨٧٩١ز وەک زاراوەیەکی یاسایی وشەی ڕاشید چووە ناو فەرهەنگی یاسایی فەڕەنسییەوە. بەگشتی ئێستا گەیشتنبەتەمەنوقۆناغیڕاشیدیواتەپێگەیشتن و تەواوی و کاملّی لەهەموو بوارەکانی ژیان..

لەفەرهەنگدا ئەو کۆمەڵگا و میللەتانەی بتوانن دۆخی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی هەموو کاروبارێکیان ڕێکبخەن لەسەرهەموو ئاستەکان و ئەرک و مافە یاساییەکانیان بەجوانترین شێوە بەڕێوەببەن و بەهەموو گرێبەستەکانیانەوە پابەند بن و لەکاتی سەرهەڵدانی هەر ناکۆکی و قەیرانێک بەدانوستان چارەی بکەن ئەوانە کەسانێکی ڕەشیدن.. وە بەوەش پێناسە کراوەکە ئەو فەرمانڕەواییەیە کە هاوڵاتیان هاوبەشن لە حوکمڕانی و شەفافیەت هەیە لە دابەشکردنی داهات و گەل لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسانی بکات و کۆمەڵگایەکی کارا و بە ویژدان بێ و یاسا بەسەر هەموواندا سەروەر بێ، ڕێز لەڕابردووی شکۆداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری تاکەکانی بگرێت و لەسەر بنەمای ئەو خزمەتەی دەیکەن پلە و پۆستیان بۆدیاری بکرێت. گوێ لەهەموو چین و توێژەکان دەگیرێ و لە بڕیاری دابەشکردنی داهات و خزمەتگوزاری و مافەکان کەسیان بێبەش ناکرێن..

حوکمی ڕەشید ئێستا لەلایەن ناوەندەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەواجی هەیە، پێوەری ئەم جۆرە حوکمڕانییە وابەستەیە بەهەر ڕێگایەک کە خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دێنێت، بۆیە ئەم سیستەمە هەوڵ دەدات کە تواناکانی مرۆڤایەتی بەرفراوان بکات و بژاردەکانی فرە و هەمەجۆر بکات و هەلی کار لەبەردەمیان واڵا بکات و ئازادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریان زۆرتر بکات. جا بۆیە هەموو دامەزراوەکان لەچالاکییەکانیان دەبێ ملکەچی هەندێ یاسا بن کە پێویستن بۆ بوونی کوالێتی و لێگرتەیی لە هەڵسوکەوتەکان و دەرەنجامەکان.

لەڕاپۆرتی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی ٢٠٠٢داهاتووە کەئەو حکومڕانە ڕەشیدە کەبتوانێ ئاشتی کۆمەڵایەتی بەدی بێنێ و سەروەری یاسا و ڕژێم بپارێزێ و بیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکات بە لێهاتوویی.

ئەوەی گرێنتی پایەداری ئەم جۆرە فەرمانڕەوایـیـەدەکـــات بریتییەلە:

١- دژایەتی هەموو جۆرێکی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی بکرێ.

٢- حکومەت وەرشەیەک بێ بۆ بەرهەمهێنانی کادیر و ڕووخساری نوێ و پۆست و پلەوپایەکان زوو زوو بگۆڕێن.

٣-توێژینەوەی بەردەوام بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان لەڕێگای دەستنیشانکردنی پێویستیرینەکانی کۆمەڵگا.

٤- خۆلادان لەقەیرانە داراییەکان و کە تێکەوت بتوانێت بەخێرایی و کەمترین زیان لێی دەربچێت.

٥- هەڵکشانی پێوەری داهات و دامەزراوە مەدەنییەکان و بوونی ڕاپۆرتی ڕووپێوی بەردەوام.

پێوەرەکانی حوکمڕانی ڕەشید بریتین لە:

١- سەروەری یاسا بۆهەمووان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

٢- بەشداری لەدەسەڵات لەڕێگای هەڵبژاردن و مافی دەنگدان بۆ هەموو باڵغەکان.

٣- بوونی شەفافیەت، تا بتوانرێ لێپێچینەوە بکرێت.

٤- پڕۆژە و پلان و بەڵێنەکان دەبێ لەسەقفی زەمەنی دیاریکراو بەکوالێتی باش جێبەجێکرابن.

٥- ڕێککەوتن و پێکەوە هەڵکردن لەکاتی بوونی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، دەبێ حکومەت هەمووان ڕازی بکات..

٦- یەکسانی لە ڕەخساندنی هەلەکانی کار و پۆستەکان و، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش بۆهەمووان.

٧- نەبوونی زیادەڕەویی و بەفیڕۆدانی کەرەستە و سامانی گشتی.

٨- بوونی میکانیزمێکی بەتوانا بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێری و لێپێچینەوە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات.

٩- بوونی ڕوانگە و جیهانبینییەکی ستراتیژی.

ئەم تێڕوانینە ستراتیژییە هەموو سەرنجی سەرکردەکان یەک بخات و پێوەرێکیان لا گەڵاڵە بکات کەهەماهەنگ بێ لەگەڵ ڕەوتی گەشەی یەکەکانی ئەو کۆمەڵگایە،وەدەبێ حساب بۆهەموو ئەگەرێک کرابێ و بەدیل و پێگۆڕەکان ڕۆشن بن.

پایەکانی حکومەتی ڕشیدیش بریتین لە: دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت.

حوکمی ڕەشید لەئیسلامدا:

ئایا حوکمی ڕەشید چوارچێوەیەکی پەسندە لەهەموو چاخ و سەردەمێک و تێپەڕینی سەدە و سەردەمەکان ناتوانن بیکەنە میکانیزمێکی بەسەرچوو؟ ئایائەومەبەستوبنەماوڕێساوئامانج و ڕەوشت و بەهایانە چین کەدەبنە چوارچێوەیەکی ئەوەندە فراوان و ئاسۆیەکی ئەوەندە دووربین کە کات و سەردەمەکان پێیان کۆن نەکرێ ؟

حوکمـــــــــی ڕاشبد کۆمەڵێک بڕیارە کەدەرهاویشتەی چەند ڕێکخستنێکی پێوانەییە کە بەرگێکی پێگەیشتوو و ڕەشید بەبەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەکات و دەوڵەت و حوکمڕانی و کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی و شارستانی پێوانە دەکات، ئەم پێوانە وادەکا کەئەو جۆرە کۆمەڵگایە ئازاد بێ لە بەندی کات و شوێن و تیشک دەخاتە سەر هەموو گۆشەکانی بوون و ناهێڵێ لەناو ململانێی چەند بازنەیەکی سیاسی کروشمە ببین کە ئەو بازنە و ململانێیانە چەکوش و کوتەکی ستەمکارانی کات و شوێنەکان و ژینگەکان دروستیان کردون، زاڵکردنی سیاسەت بەسەر بنەما و ڕێسا و بەهاکاندا بۆتە هۆی لەدایکبوونی چەند حوکمڕانێک کە پێیان وایە زۆر پابەندی ڕاوێژ و دیموکراسی و ئازادیخوازن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جۆرە دامەزراوانە دیموکراتیەت و ئازادی و ڕاوێژیان وێک هێناوەتەوە و کردوویانەتە پەیکەرێکی بێ گیان.

لەڕاستیدا بوون و سەقامگیری چوارچێوەی دەوڵەت بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە مێژووی هەزار و سێسەدساڵەی مسوڵمانداندا وەک ڕاستییەکی مێژوویی، نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو چوارچێوە سەدان ساڵییەی ئەو دەوڵەتە بەشێکە لەو ئاین و پەیڕەوە و قاڵبێکە بە باڵای ئیسلامەتی بڕاوە و دەبێ هەر شوێن ئەو نمونە و شێوازە بکەوێ و بۆی نییە لەو بازنە دەرچێت؛ چونکە پێشەواکەمان صلى الله عليه وسلم تەنیا داوای شوێنکەوتنی جێنشینە ڕاشیدەکانی لێ کردووین و تەنیا ئەوانیشی بە جێنشینی خۆی زانیوە و فەرموویەتی "الخلافة بعدي ثلاثون سنة" وە زۆر بەڕاشکاوانەش فەرموویەتی دوای ئەو سی ساڵە پاشایەتی نەزۆک و خۆسەپێنە.

ئەگەرچی ئەو وێنە ڕۆتینییەی دەوڵەت زیاتر لە دوازدە سەدەی کێشاوە، بەڵام گۆڕانی زۆریشی بەخۆیەوە بینیوە و زۆر نەتەوە و میللەت بەشداریان تێدا کردووە و چەندین شار و مەڵبەند بوونە پایتەختی ئەو دەوڵەتە، هەموو ئەو گەلانەی ئێستا ئوممەتی ئیسلامی پێک دێنن هەموویان قولینچکێکیان لەو

حوکمڕانییە پێ بـــــڕاوە، وە پایتەختەکانیش لە هەرسێ کیشوەری جیهانی کۆن بوون.

ئیسلام تەنیا دروشم و ڕۆتین و سیمایەکی دەرەکی نییە، ئەو دوڵەت و ئەزموونانەش بەقەدەر ئەو بڕەی لە ئیسلام تێگەیشتن ئەوەندەیان لە پڕەنسیپەکانی پیادە کرد و ئاوێتەی ژینگە و جۆری ژیان و کات و سەردەمی خۆیان کرد، بەڵام هەموو ئەو ئەزموونانە واتای ئەوە ناگەیەنن ئیسلام پەیڕەو و میتۆدێکی چەسپاو و چەند ڕێسا و بنچینەیەکی داکوتراو و جێگیر و چەند مەبەست و بەها و هۆکارێکی بڵندی نین. دەوڵەت هەرچەند هۆکار و میکانیزمە بەڵام زۆر جار کراوەتە مەبەست و بنچینە و لە پێناوی مانەوەی دەوڵەت قوربانی بە دادگەری دراوە، لە پێناوی یەکڕیزی لەدوای ستەمکارێک سەری زۆر حوسێن و ئیبن زوبێر و ئیبن جوبێر و ئیبن ئەشعەس بڕدراوە و لە پێناو بنەماڵەیەک ماڵی کەعبە ئاگری تێبەردراوە.

ویســـــت و ئیرادەی کەونی خوا کراوەتە بەڵگەی دروستی دەسەڵات و گوتراوە مادام زۆربەی ئوممەتی ئیسلامی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەرکێشی ئەو پاشایە ڕازین با وێستی شەرعیشی گۆڕیبێ، کەواتە هەرچی لەو ڕێسایە لایدا ئەوە گێرەشێوێن و لەدین دەرچووە ...

ماوەردی شێوازی حوکمی ڕەشید لەشەش بنەمادا بەرجەستە دەکات ودەڵێت: ئەو فەرمانڕەوایەی کە کاروباری ڕێک و سەقامگیر بێت دەبێ ئەم شەش بنچینەیەی تێدا بن:

١- ئاینێک کە لەناو ورد و درشتی ئەو وڵاتە پەیڕەوی لێ بکرێت.

٢- دەسەڵاتێکی تۆکمە کە لەناو هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە باڵادەست بێت.

٣- دادپەروەرییەکی گشتگیر کەهەموو تاکەکان لێی بەهرەمەند بن.

٤- بوونی ئاسایشێکی گشتی کە چەتری پارێزەری سەروماڵ و مافی هەمووان بێت.

٥- داهات بە دادوەری بگاتە هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە.

٦-خۆزگەو ئاواتێک هێندە بەرفراوان بێ کەهەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بتوانن بەشوێن ئاوات و خولیاکانیاندابڕۆن.

ئیبن تەیمییە حوکمی ڕەشیدی لە دوو بنچینەدا کۆکردۆتەوە کە بریتین لە:

١- گێڕانەوەی سپاردەکان بۆ لای خاوەنەکانیان. سپاردەکانیش دوو جۆرن:

أ- دەسەڵاتەکان دەبێ تەنیا خاوەن دەسەڵاتەکان بەکاریان بێنن.

ب- ماڵ و سامان و کاڵاکان بگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

٢- حوکم و فەرمانڕەوایی دەبێ دادگەرانە بێت.

حوکمیش دووجۆرە:

أ- دەبێ هەموو سنوور بەزێنەکان سزایان بەسەردا بەدادپەروەرانەبچەسپێنرێت.

ب- دادەگەری لەگەیاندنی مافەکان بۆ ئەو کەسانەی شایانی ئەو مافانەن.

هێڵە گشتییەکانی حوکمی ڕەشید:

١-بوونی مەرجەعێکی دەستووریی ڕەبانی:

لەحوکمڕانی ڕەشیددا چوارچێوەی هەموو بڕیارەکان بنچینەکەی ئاینێکی بە بەهایە کە مەرجەعێکی دەستوورییە و، لەم مەرجەعیەتە دەستوورییەوە هەموو بڕیار و دەسەڵاتە یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەرییەکان لەچوارچێوەی پاراستنی مەبەستە باڵاکانی شەرع و ڕەوشت و مرۆڤدۆست دەردەچن و دەبنە مایەی سەروەری و شکۆداری هەمووان.

٢- گەل و میللەت خاوەنی ڕەسەنی دەسەڵاتە و بەگرێبەستی بەیعەتدان ئەو دەسەڵاتە دەداتە جێنشینی ڕاشید لەهەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ چەواشە و هەڕەشەلێکران. چونکە لەشەرعدا هیچ گرێبەستێک بەبێ بوونی ئازادی و ڕەزامەندی تەواو لەهەڵبژاردندا دانامەزرێت.

دەستور وای داناوە کە ئوممەت بەیعەت دەدات بە خەلیفە و هەڵی دەبژێرێ کە ئەو برا گەورەییە بەڕاشیدی و پابەندی بگرێتە ئەستۆ و، هەرئەو میللەتە دەستەیەکی (حل وعقد) بەسەر خەلیفەوە داناوە کە پێیان دەگوترێت ئەنجومەنی وەلی ئەمرەکان، لەکاتی هاتنی هەر قەیرانێک دەستوور فەرمانی گەڕانەوەی کردووە بۆلای ئەوان.

پێناسە و دەسەڵاتەکانی وەلی ئەمر:

وەلی لەڕووی زمانەوانییەوە بەواتای خاوەن و دۆست و پشتیوان و هاوکار و ئاشنا دێت. ئەمر، واتە فرمان کردن و مۆڵەت و ڕێپێدان و داخوازی و داهێنان و ئافراندن و پلان و نەخشە بۆکێشان و هەڵێنجان.

پێناسەی زاراوەیی وەلی ئەمر:

زوبەیدی دەڵێ: ئەو کەسەی کاروباری ئاینی خەڵکی بەڕێوەدەبات و چ ڕێوشوێنێک دەبێتە هۆی چاککردنی دۆخی ئەو گەلە ڕەچاوی دەکات.

شارەزایانی کۆن وەلی ئەمریان لەدووچیندا کۆکردۆتەوە:

- زانا و شارەزایانی دین کە میراتگری پەیامبەرانن.
- کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکان و پاشاکان و سوپاسالار و وەزیرەکان.

زانایانی دین بنچینه و نەخشەکێشن و دەسەڵاتدارەکان ڕاپەڕێنەر و چەسپێنەرن.

ئیبن عابدین دەڵێ: مەبەست لە" أُولِي الْأَمْرِ- زانایانی دینن،، چونکە زانایان فەرمانڕەوا و ڕێپێدەر و نەخشەکێشی پاشا و دەسەڵاتدارەکانن.. ئەصفهاني دەڵێ: "أولوا الأمر ئەوانەن کەزۆر ملکەچ وگوێ لەمستی فرمانەکانی شەرعن، هەرئەوان کەخۆیان زۆر گوێڕایەڵن، خەڵکیش فێری دینداری دەکەن و فەرمانیان پێدەکەن بەهەرچی شەرع فەرمانی پێکردووە و لەهەرچیش دین لێی قەدەغەکردوون قەدەغەیان دەکەن، بۆیە شەرع گوێڕایەڵی ئەو وەلی ئەمرانەی لەسەر هەموو خەڵکی پێویست کردووە.

موحەممەد عەبدە دەڵێ وەلی ئەمر لەم سەردەمەدا گەورە زاناکان و سوپاسالارەکان و دادوەرەکان و گەورە بازرگانەکان و خاوەن سەرمایە دەوڵەمەندەکان و بەڕێوەبەری کۆمەڵگە و کۆمپانیاکان و سەرۆک حیزبەکان و نووسەر و ئەدیب و پزیشکە گەورەکان و سەرۆکی پارێزەران و....کە ئوممەت متمانەیان پێ دەکات و بۆ چارەسەری کێشەکانی پەنایان بۆدێنێت. مەحمود شەلتوت دەڵێ: "أولو الأمر ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەتمەندانەن کەلە بوارەکانی خۆیان کامڵ و تەواون ولە و کاروبارانە تەواو قوڵ بوونەوە و دەرکیان بە هەموو بەرژەوەندییەکانی خەڵک لەو بوارانە کردووە..

لەم پێناسانەدا سەلاحیات و ماف و ئەرکەکانی وەلی ئەمرەکانیش دەرکەوت، کەواتە وەلی ئەمرەکان زۆر لەئەندامانی پەرلەمان زۆرترن بەم پێناسانە و، هەمەجۆرن و کەسیان ناتوانێ جێی ئەوی تریان بگرێت..وەئەگەر ئەمانە وەلی ئەمر بن، مەرجەکانیان لانی کەم ئەکادیمی و ئەزموونکار بن لەبوارەکانی خۆیان و لەکورەی پسپۆڕییەکەیان قاڵ بوو بن و شۆرەت و شایەتی خەڵکی بۆیان هەڵبژاردبن.بەم ناساندنە سەرۆک و دەسەڵاتداری وڵات تاکێکە دانان و لێخستنی بەدەست ئەم وەلی ئەمرانەیە نەک ئەو خۆی وەلی ئەمربێت.

هەر لەقورئان و فەرموودەکانیشدا وایە، ئاشکرایە لەسەردەمی پەیامبەر علیه السلام وەلی ئەمر هەبووە، ئێمە دەزانین کە لەو سەردەمەدا کەس خەلیفە و سەرۆک نەبووە، کەواتە ئەنجومەنی وەلی ئەمران مافی دیاریکردن و لێپێچینەوە و لێخستنی خەلیفە و سەرۆکەکانیان هەیە، هەرئەوان ئەهلی حەل و عەقدن، واتە هەڵوەشێنەرەوە و گرێدەری پەیماننامەکانن.

ڕۆڵـــــــــــــــــی کـــــــــــــــــەمینە ئاینییەکان لە ئەنجومـــــــەنی حەل وعەقددا:

کاتێ کۆمەڵێک لە نەسڕانی و جولەکە ویستیان نوێنەرێک دیاری بکەن کە لەئەنجومەنی وەلی ئەمرانی ئەو دوو تویژە بێت کە لەناو کۆمەڵگای

ئیسلامیدا بن، ئەوە باشترە لەخۆیان بێ، لە ئایەتەکەش دەفەرموێ دەبێ وەلی ئەمری هەر کۆمەڵگایەک بەشێک بن لەو کۆمەڵگایە، بەرژەوەندی دەوڵەت و کاروباری وڵات وادەخوازێ کەنوێنەریان هەبێت، هەرچەندە کە دروستیشە ئەوان بەهەڵبژاردنی خۆیان مسوڵمانێک هەڵبژێرن، وەک دانانی ئەبوعوبەیدەی جەراح بەئەمیندار بۆ مەسیحیەکانی نەجڕان لەسەرداوای خۆیان.

ئیسلام کە دەبینێ کەسێکی وەک عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی لەناو گەلەکەی و تیرەکەی هەژموونی هەیە، وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی وەلی ئەمران سەیری دەکات و لەبابەتی تایبەت بەتیرەکەی پرسی پێدەکات و حوکمی ئەو بۆ چارەنووسی جولەکەکانی بەنی قەینوقاع لەسەر داوای خۆیان پەسند دەکات. بێگومان بەو مەرجانەی باسکران زۆر لەخانمان لەزۆر بواری جیاجیادا لە دەستەی وەلی ئەمر دێنە هەژمارکردن.

٣- پەنابردنە بەر ڕاوێژکردن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات:

وەک لە قورئاندا هاتووە کەیەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئیمانداران ئەوەیە تاکڕەو و دیکتاتۆرنین و(وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) [الشورى: ٣٨] کار و فرمانڕەوایی لەنێوانیان بەڕاوێژە. چونکە وەک ماوەردی دەڵێت: پۆستی جێنشینی بۆ جێگری پێغەمبەرە بەمەبەستی پاسەوانیکردن لە دین و دنیای کۆمەڵگا.

ئیبن خەلدونیش دەڵێت: لەڕێ و شوێنەکانی قورئاندا گرێنتی حوکمڕانی ڕەشید گرێدراوە بە بنچینەی ڕاوێژکردن، جێنشین لە فەرمانەکانی قورئان و فەرموودە گوێڕایەڵی لەسەرە، گەڕانەوەش بۆ ڕاوێژکردن لەو بڕیارانەی وەحی پێنەهاتووە بەشێکە لەگوێڕایەڵی قورئان و فەرموودە، کە خەلیفە ئەمانەی نەکرد مافی گوێڕایەڵیکردنی لەلای میللەت نامێنێ و خەلیفەیەکی ڕاشید نییە، چونکە میللەت بەمەرجی پابەندی بەدەستوور(قورئان و سوننەت) ئەویان داناوە بەخەلیفە، وەک ئەبوبەکر گوتی: «أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم»، کەواتە جگە لە بنەمای گەڕانەوە بۆ ڕاوێژ و گوێگرتن لەڕەخنە و پێشنیاری میللەت و ملکەچ بوون بۆ بۆچوونەکانیان و بنەمای (خێرمان تێدا نییە ئەگەر گوێتان لێ نەگرین و خێرتان تێدا نییە کە فرمانمان پێنەکەن بەچاکە و قەدەغەمان نەکەن لەخراپە) و بنەمای(سوپاس وستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی لەناو مسوڵمانان کەسانێک هەن کەئەگەر عومەری خەلیفە لاڕێ بوو بەنوکی شمشێر ڕاستی دەکەنەوە).

جگە لەم ڕاوێژە لادانە لە ڕوشد و ڕێنمایی و بوونە بەفیرعەون بەسەر خەڵکەوە، قورئانیش

دەفەرموێ: (فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ وَمَا أَمْر فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ) [هود:٩٧]. قورئانی پیرۆز فرمانی بە پێشەوای مەعسوم لەهەڵە و پەڵە کردووە کەدەبێ ڕاوێژ بەیاوەرانی بکا :(وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) [آل عمران: ١٥٩]. بەم ڕاوێژە هەتا بەرامبەر وەحی و نەقڵ ڕێزی لە هۆش وعەقڵەکان گرتووە. بۆیە ئەنجومەنی ڕاوێژکاران و نوێنەران و هەڵبژێراوان و حەل وعەقد و پەرلەمانتاران تاکە جێگرەوەی تاکڕەوی و فیرعەونایەتییە.

٤- ڕەچاوکردنی دادپەروەری:

زەقترین پێوەر و تایبەتمەندی حوکمی ڕەشید ڕەچاوکردنی دادپەروەرییە، لەدەستوورە هەمیشەییە کەماندادەفەرموێ:(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)[النحل:٩٠].

ئیبن خەلدون دەڵێت: دیاردەی ستەمکاری هەواڵدانە لە هاتنی وێرانبوون و ڕووخانی ئاوەدانی و شارستانییەتەکان، چونکە جیهان بە بێباوەڕی دادپەروەر بەڕێوەدەچێت، بەڵام بەستەمکاری بەناو مسوڵمان بەڕێوەناچێت.

٥- پابەندبوونی کۆمەڵگا بە بەها باڵا وڕەوشتە بەرزەکان:

وەک لەقورئاندا دەفەرموێ: (وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ) [القلم: ٤]. سەروەریشمان دەفەرموێ: من بۆ تەواوکردنی ڕەوشتە باڵاکان نێردراوم، وە دەفەرموێ باشترینی ئێوە و نزیکترینتان لە منەوە ئەی مرۆڤەکان بەڕەوشترینتانە.

٦- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

جیاکردنەوە و سنووردارکردنی سێ دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندکردنی کەسی شیاو لە بواری تایبەتمەندی خۆی لەڕێ و شوێنەکانی پەیامبەر و خەلیفە ڕاشیدەکانە و ئەوڕوپییەکان لەم سەردەمە دەیانەوێ بیکەنە کەلەپوورێکی خۆیان، لە فەرموودەدا هەر یەکێ لەسەحابەکان بەبەهرەیەک ناسراوە، عەلی لەسەردەمی سەروەرمان بۆتە قازی یەمەن، خەلیفەی یەکەم عومەری کردۆتە قازی. هەر لەو سەردەمەوە دەسەڵاتی یاسادانان بەڕاوێژ و پێشنیار بڕیار و ڕێسا و هەڵێنجانی بەکۆمەڵیان لەکێشە چارەنووسسازەکاندا کردووە.

٧- چاودێری و لێپرسینەوە:

ئەم بنچینەیە لە ئیسلامدا بە پایەی فرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لەخراپە و بەحوسبەبەناوبانگە، لەقورئاندا ٣٨ جار فرمان بەچاکە و١٦ جار ڕێگری لە خراپە هاتووە، قورئان فەرمان دەکا و دەفەرموێ: ﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ﴾[آل عمران:١٠٤].

پێویسته له ئێوه ئوممەتێک پێک بێت، که بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکه، فەرمان بدەن بەهەموو کارێکی باو و دروست، قەدەغەی هەموو نادروستییەک بکەن. وه لەسەدان فەرموودەش ئەم پایه گەورە باسکراوه.

ئەبو داود له ئەبو سەعیدی خودری دەگێڕێتەوه که پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «أفضل الجهاد كلمة عدل عند سلطان جائر. ترمذی له حذیفه دەگێڕێتەوه که پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی «والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقاباً منه، ثم تدعونه فلا يستجاب لكم.

٨- دانانی کەسانی شایستە و دڵ و دەروون و دەست و زمان و داوێنپاک لەسەرپۆست و پلەکان:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ئەگەر کاروباردرایە دەستی کەسانی ناشایستە ئەوه چاوەڕێی هەڵسانی قیامەت بکەن. وه فەرموویەتی هەموتان شوانن و هەموتان بەرپرسن لەوەی لەژێردەستتاندایە.

٩- خەلیفە دەست و پەیوەندی باش و شارەزا لە لەلای خۆی کۆبکاتەوه:

سەروەرمان ﷺ دەفەرموێ: «ما بعث الله من نبي ولا استخلف من خليفة إلا له بطانتان: بطانة تأمره بالخير وتحضه عليه، وبطانة تأمره بالشر وتحضه عليه، فالمعصوم من عصم الله تعالى»، رواه البخاري.

١٠-دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات:

ئەزموونی حوکمی ڕەشیدی ئیسلامی بازدانێکی گەورە بوو لە ڕەوتی چاکسازی حوکمڕانیدا، لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتی و لەسەرانسەری شانشینەکانی جیهان ئاڵوگۆڕی حوکمڕانی پشتاوپشت و لەباوانەوه بۆ ڕۆڵەکان بوو هەر لە میسر و عێراقی کۆن تا یەمەن و حەبەشە و ئێران و چین و هیند و یۆنان و ڕۆمان، نەک هەر پاشایەتی بەڵکو دەرەبەگایەتی و پۆست و گەورەی ویلایەتەکان و ئاینیەکانی هیندۆسی و تاوی و سابیئە و مەجوسی و جولەکە و مەسیحیش هەر بەو شێوەیە بوو. لەدەستووری ئیسلامدا هیچ دەقێکی تێدا نییە که فرمان بکا که ئەگەر کەسێک بووه خەلیفە و جێنشین دەبێ هەتا دەمرێت هەر خەلیفە بێت.

بەڵام لەبـــەر کورتی ماوەی خەلافەتی ڕەشید و گەورەیی و خێرایی ڕووداوەکان مسوڵمانان نەپەرژانە سەر ئەوەی که بگەنە سنووردارکردنی کاتی خەلیفە، بەڵێ هەموو ساڵێ عومەر لێپرسینەوەی لەگەڵ والییەکانی کوفە و بەسرە و یەمەن و بەحرێن و میسر و

شام دەکرد و زۆر جار لەبەر سکاڵای هاوڵاتیان والییەکانی لەکار دەخست، وەک لابردنی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس و خالیدی کوڕی وەلید و ئەبوهوڕەیرە و زۆر والی تریش.

دەقی زۆر لەفەرموودە هەیە کە فەرمانڕەواکان کاتێ کەوتنە خراپەکاری گوێرایەڵییان ناکرێ و بەڵکو فرمانیان پێ دەکرێ بەچاکە و لەسەر ئەو خراپەیەی دەیکەن دژایەتییان دەکرێ، ئیبن عەتییە دەڵێ: زۆر لەزانایان لێخستنی ئەو خەلیفەیەی کە واز لە ڕاوێژکردن دێنێ و گوێ لە ئەهلی حوسبە ناگرێت بە واجب دەزانن، چونکە فرمانێکی قورئانی پشتگوێ خستووە کە ڕاوێژکردنە.

مادام لە گرێبەستی خیلافەت ئوممەت ئەسڵ و خاوەنە و وەلی ئەمرەکان بریکار و وەکیلن، دەبێ بریکارەکان یان خاوەنی گرێبەستەکە هەر خاوەن بن و مافی مەرجدانانیان هەبێت لەسەر خەلیفە. زانایان قسەیان لەهەندێ حاڵەت کردووە بۆ لادانی خەلیفە وەک هەڵگەڕانەوە و شێت بوون و ئیفلیج بوون و بەدیلگیران و پەککەوتنی لەوەی حوکمەکە بەڕەشیدی بەڕێوەبەرێت، پێویستە ئەو پۆستەی لێ وەرگیرێتەوە و خەلیفەی نوێ دادەنرێت.

کاتێك دەبینین لەم سەردەمە بەئەزموون ساغ بۆتەوە کە بەردەوامی حوکمڕانی کەسێک دەبێتە هۆی ستەم و گەندەڵی و لەکەداربوونی دادوەری، وە گەندەڵی و ستەمیش پێچەوانەی حوکمی ڕەشیدن، حوکمی ڕەشیدیش بوونی واجبە بۆیە بەڕێسای (مالایتم الواجب الا بەفهو واجب) کەواتە سنووردارکردنی فەرمانڕەوایی دەبێتە واجب.

هەڵبەت لەسەردەمی سەرەتای ئیسلامدا زۆر بەابەت سنووردار نەکرابوون وەک ماوەی خوێندن و سەربازی و خانەنشین بوون و زۆر کاری تریش، کەچی ئەمڕۆ ئەم دیاریکردنانە لەناو مسوڵمانان کاریان پێدەکرێ، بۆیە سنووردارکردنی ماوەی پۆستەکانیش بە گەورە و بچوکەوە وەک ئەو داهێنانەیە.

ئیسلام لەدەستوورەکەیەوە ڕێگای داوە کە مسوڵمانان وێڵی ڕاستی و لێزانی و حیکمەت بن و هەر کاتێ و لەهەر کوێیەک کارێکی باش و ڕێکیان دی ئەوان شایستەترین کەسن بەکار پێکردنی، بگرە سەروەرمان ﷺ فەرمویەتی : «من سن في الإسلام سنة حسنة كان له أجرها وأجر من عمل بها من بعده لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا» رواه مسلم. وە فەرموویەتی: «من دل على خير فله مثل أجر فاعله» رواه مسلم.

گۆڕینی خەلیفە و سنووردارکردنی بەشێک نییە لەدین تاکو بگوترێ بیدعەیە و گومڕاییە، بەڵکو سونەتێکی باش و ئاسانکاری و ڕێنماییە، بۆیە وەک چۆن ئیسلام ڕێکخستنی مۆر و لێدانی سکە

و دیوانی سەربازی و دیوانی مووچەی سەرباز و کارمەندان و لێدانی خەندەق و شورا بۆ پاراستنی شارەکان لە فارس و ڕۆم وەرگرتووە و لەم سەردەمەش یاسای هاتوچۆو و خوێندنی بنەڕەتی و باڵاو چاپەمەنی و ئەلکترۆنی و زۆر ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازی تری وەرگرتووە، بۆیە زۆر ئاساییە لە بواری حوکمڕانی ڕەشیدیش فیقهی هاوسەنگکردن و ئەولەویات و دانانی ستراتیژ و بەدامەزراوەییکردنی دام و دەزگاکان و ڕێکخستنی وەزارەتەکان ڕەچاو بکات و هەر ڕێکارێکی باش و جوانە لە شارستانی تری وەرگرێت..

فیقهی ئیسلامی بەشێوەیەک لەبوارەکانی سەودا و ئاڵوگۆڕ و فیقهی مامەڵە و فیقهی پەرستش و دروشمەکان و قەزا و دادوەری و بواری نیکاح و گرێبەستەکانی ئابووری و باری کەسێتیش زۆر ئیجتهاد و هەڵێنجان و داهێنان و تەقنین کراوە، بەڵام فیقهی ئیسلامی لەبواری سیاسەتی شەرعی نەک بەرەو پێشەوە نەچووە بەڵکو لەو کاتەوەی دانانی پۆستی خەلیفە لەهەڵبژاردنەوە کرایە پاشایەتی پشتاوپشت، هێشتا فیقهی ئیسلامی نەیتوانیوە بە بوێرانە لەو کۆتە دەرچێ و قۆناغی ڕەشیدی بەدەست بێنێتەوە، هەر ئەو دواکەوتنەیە لەو بوارە کە جیهانی ئیسلامی کردۆتە پاشکۆی وڵاتان و وڵاتانی جیهان لەبەرەوپێشچوونێکی خێرادان لەبواری حوکمڕانی ڕەشیددا، کەچی جیهانی ئیسلامی تا ئێستا ناتوانێت لەو زیندانەی سەردەمی حوکمی نەزۆک و جەبری دەرچێ و پێویستی بەتەکانێکی بوێرانە هەیە.

لیستی سەرچاوەکان:

١- مقدمة ابن خلدون.

٢- معجم مقاييس اللغة.

٣- مفردات ألفاظ القرآن.

٤- الحكم والتحاكم في خطاب الوحي ـ عبدالعزيز مصطفى كامل.

٥- لسان العرب، لابن منظور.

٦- المصباح المنير؛ للفيومي.

٧- القاموس المحيط؛ للفيروزآبادي.

٨- قاموس القرآن للدامغاني.

٩- الماوردي, أدب الدنيا والدين.

١٠- برنامج الأمم المتحدة الإنمائي (PDNU).

١١- أثر الحكم الرشيد على التنمية الإقتصادية المُستدامة في الدول العربية, د. محمد محمود العجلوني.

١٢- أحمد العلوي: (مناقشة مقال عابد الجابري حول التراث ومشكلة المنهج).

١٣- نصر محمد عارف، جدلية الذات والآخر في الحضارة الإسلامية، ورقة مقدمة إلى الندوة الدولية الرباط ـ المملكة المغربية، في الفترة ٢٦ ـ ٢٨ فبراير ٢٠٠٧م.

١٤- تأملات في مدنية الدولة وبعض قضاياها، د. عصام البشير.

١٥- (لؤي صافي، الرشد السياسي وأسسه المعيارية.

١٦- محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن.

١٧- الماوردي، الاحكام السلطانية.

١٨- ابن تيميه، مجموع الفتاوى.

١٩- تفسير ابن كثير.

٢٠- د. طه جابر العلواني: جريدة الشرق الأوسط الدولية، العدد: ٣٩٥٣.

٢١- د. حسن الترابي: تجديد الفكر الإسلامي.

٢٢- د. محمد البهي: الفكر الإسلامي في تطوره.

٢٣- د. محسن عبد الحميد: تجديد الفكر الإسلامي.

٢٤- الدكتور صبري محمد خليل خيري، النظام السياسي الجزائري من الأحادية إلي التعددية السياسية، الجزائر.

٢٥- يعقوب عادل ناصر الدين، واقع تطبيق الحاكمية في جامعة الشرق الأوسط من وجهه نظر أعضاء الهيئتين التدريسية والادارية.

٢٦-عماد الشيخ داود، الشفافية ومراقبة الفساد، الفساد والحكم الصالح في البلاد العربية.

٢٧- المهارات الادارية في تطوير الذات، بلال خلف السكارنة.

٢٨- د. عصام أحمد البشير، مفاهيم الحكم الراشد ومعاييره في التراث الإسلامي.



کاریگەرییەکانی ژیری دەستکرد و سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە

پوختە

تێکەڵکردنی ڕێوشوێنی ژیری دەستکرد وئاسایشی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی و نیمجە ئەلیکترۆنیدا بووەتە بواریکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە بەهۆی زیادبوونی پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵییەکان لە سیستەمەکانی دیموکراسیدا. ئەم توێژینەوەیە کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی ژیری دەستکرد هەڵدەسەنگێنێت و لە سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەکۆڵێتەوە. پاشان تیشك دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی ژیری دەستکردو سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەریەك لە بێگەردی و پتەوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ڕەفتاری دەنگدەران و بەربژێرەکان و حوکمڕانی دیموکراسی. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی بەرفراوانی (١١) کتێبی مەنهەجی وچەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بەراوردکراو بەرجەستەکراوە بۆ پێشکەشکردنی شیکارییەکی گشتگیر لە دۆخی ئێستای زانیاری دەربارەی ژیری دەستکرد وئاسایشی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا. تێکڕای دەرئەنجامی توێژینەوەکان ڕوونی دەکەنەوە کە لە کاتێکدا ژیری دەستکرد توانایەکی زۆر باشی هەیە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کارایی و پتەوبوونی هەڵبژاردنەکان، لە هەمان کاتیشدا لاوازی و کەلەبەرە نوێکانیش دەخاتە ڕوو کە دەتوانرێت لەلایەن کەسە خراپەکارەکانەوە بقۆزرێتەوە. هەرچی پەیوەست بێت بە سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە، لەوانەش هاککردن و هەڵمەتەکانی پەخشکردنی زانیاری هەڵە و دەستکاریکردنی داتا، مەترسییەکی گەورە لەسەر پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکان دروست دەکەن بەمەبەستی لاوازکردنی متمانەی گشتی و دەستکاریکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە چەند پێشنیارێك دەخاتە بەردەست یاسادارێژەران و بەرپرسانی دەزگاکانی هەڵبژاردنەکان و پسپۆرانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەترسییانە و پاراستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە بە یەك لە بنەما هەرە گرنگەکانی سیستەمی دیموکراسی هەژمار دەکرێت.

توێژەر
دکتۆر سەعید کاکەیی

پێشەکی

عێراق لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣وە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەدا. گۆڕەپانی سیاسی عێراق پڕە لە دابەشبوونی تایفەیی و گرژیی نەتەوەیی و دەستوەردانی دەرەکی. تێکڕای ئەم ئاریشانە کاریگەری نەرێنی و ئاڵۆزییان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دروستکردووە. هەرچی پەیوەست بێت بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا سەرباری هەبوونی تاڕادەیەك سەقامگیری، بەڵام پارێزراو نەبووە لە ئاڵنگاریە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وابەستە بە پرسەکانی هەڵبژاردنەکان لەلایەك، و پرسەهەرەهەستیارەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، چ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و چیش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان.

دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی شۆڕشێکی گەورەی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤدا هێناوەتە ئاراوە، لەوانەش چۆنێتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی ئەلیکترۆنی و نیمجە ئەلیکترۆنییەکان. هەر لە تۆمارکردنی دەنگدەرانەوە بگرە هەتا دەگاتە دەنگدان و ڕاگەیاندنی خشتەی ئەنجامەکان، بەکارهێنانی سیستەمەکانی دیجیتاڵی بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی هاوچەرخ. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە دیجیتاڵیە ئالنگاری نوێشی هێناوەتە کایەوە، نەخاسمە لە بواری ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. بە تواناکانی لە شیکاری داتا و ناسینەوەی نەخشاندنەکان و ئۆتۆماتیکیکردنی ئەرکەپێسپردراوەکانی، ژیری دەستکرد توانایەکی زۆر باشی هەیە لە پێشخستن و پەرەپێدانی کارایی و بێگەردبوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکاندا. لە هەمبەر ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەی ژیری دەستکرددا، دەبینین کە سەرپێچیەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وەك هاککردنی بەرنامەکان و هەڵمەتەکانی پەخشکردنەوەی زانیاری هەڵە و دەستکاریکردنی داتا، بوونەتە مەترسییەکی گەورە لەسەر پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکان.

لە ٣١ی مایسی ٢٠٠٤دا و پاش سالێك لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، بە بڕیاری ژمارە (٩٢) ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی ئەوێ ڕۆژئ، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێکهێنرا. بە دیاریکراویش بەپێی ماددەی (١٠٢) لە دەستوری کۆماری عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا و لە ڕاپرسییەکی گشتیدا دەنگی لەسەر درا و تێچوێندرا (الدائرة الاعلامیة لمجلس النواب، ٢٠١٣)، هەروەها بەپێی ماددەی ٣٣ وابەستە بە بڕگەکانی (أ، ب)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر و پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ٣٧ی هەمان یاسای ئاماژەپێکراو، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەستا بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای هەڵبژارکردنەکانی ژمارە (٩٦)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە ئاماژەی تێدانەبوو بۆ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا (سفیح و عبدالستار، ٢٠١٦).

شایانی باسە، لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە هەتا ساڵی ٢٠١٤، هیچ هەوڵێك لە ئارادا نەبووە لەلایەن ئەنجومەنە جیاجیاکانی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردناکانەوە بۆ کرانەوە و بەکارهێنانی سیستەمی دیجیتاڵی (البدران، ٢٠١٦). بەڵام بەهۆی ساختەکاری زۆرلە بە دەستی جیاکردنەوە و هەژماردن و خشتاندن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و لە ژێر فشاری دەنگدەران و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان، ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی ئەو کـــــاتە و بە ناچاری بڕیاریدا بە بەکارهێنانی سیـــــستەمەکانی دیجیتاڵی لە بواڕەکانی ناسنامەی ئەلیکترۆنی بۆ دەنگدەران و جیاکردنەوە و هەژمارەی دەنگەکان و گواستنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ناوەندی خشتاندنی دەنگەکان لە نوسینگەی نیشتمانی سەربە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەغداد.

تۆێژەری ئەم بابەتە، وەك کۆمسیارێکی پێشووی ئەنجومەنی کۆمسیاران، هەوڵێکی زۆریدا بۆ گۆڕینی کارتی دەنگدەری کاتی لە ئەلیکترۆنییەوە بۆ پیادەکردنی کارتی بایۆمەتری

ئەلگۆڕیتمەکانی ژیری دەستکرد دەتوانن لایەنگر و تەرەفداری بکەن لە کەسێك یان لایەنێکی باڵادەست و شارەزا لە بەرنامە دارێژیەکانی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیدا، بەوەش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکرێ نادادپەروەر بن و دەتوانرێت لەلایەن هاککەرە تاوانکارەکانەوە دەستکاری بکرێن

دەنگدەران و پوختە و پارێزراوترکردنی ئامێرەکانی بەکارهێنراو لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، کە پاشتر بە تێروتەسەلی تیشکیان دەخرێتە سەر.

بۆیە، مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەرجەستەکردنی ئەم پێنج ئامانجەی خوارەوەیە:

١- لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ژیری دەستکرد لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی و نیمجە ئەلیکترۆنی عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، و ئەگەرەکانی سوود و مەترسییەکانی.

٢- شیکردنەوەی کاریگەری سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکان.

٣- لێکۆڵینەوە لە بەرخوردی نێوان ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکرۆنی لە بواری هەڵبژاردنەکاندا.

٤- دەستنیشانکردنی ئەو لاوازیانەی لە سیستەمی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەیە کە بەهۆی هەڕەشەکانی ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنی توندتر دەبنەوە.

٥- پێشنیارکردنی چارەسەری شیاو بۆ سنووردارکردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە ژیری دەستکرد و سەرپێچیەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنە ئەلیکترۆنی و نیمجەئەلیکترۆنییەکاندا.

پرسیارەکانی توێژینەوە

١. چۆن ژیری دەستکرد تێکەڵ بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە؟

٢. هەڕەشە سەرەتاییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر هەڵبژاردنەکانی عێراق چین و چۆن کاریگەرییان لەسەر یەکپارچەیی هەڵبژاردنەکان هەیە؟

٣. ئەو لاوازییانە چین لە سیستەمی هەڵبژاردنی عێراقدا کە بەهۆی هەڕەشەکانی ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنی تووندتر دەبنەوە؟

٤. چ ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانە و دەستەبەرکردنی یەکپارچەیی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟

پیاچوونەوەی ئەدەبیات

ژیری دەستکـــــرد لە زۆربەی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی وڵاتاندا بەکاردەهێنرێت، هەر لە تۆماری دەنگدەرانەوە بگرە هەتا دەگاتە خشتاندن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەجیاجیاکان. بەپێی گوتەی نۆریس (٢٠١٧)، ژیری دەستکرد دەتوانێت ئاستی کارایی و وردبینی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان بەرزبکاتەوە لە ڕێگای بە ئۆتۆماتیکیکردنی ئەرکە دووبارەبووەکان، شیکارکردنی داتا کەڵەکەبووە گەورەکان، و

دەستنیشانکردنی ئەو خشتانەی کە ڕەنگە بە شیکارانی مرۆڤ دەستەبەر نەکرێن. لە هەمان کاتدا، پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبیر نەچێت کە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە هەڵبژاردنەکاندا ئەگەری نیگەرانییەکانی ئەخلاقی و ئاساییشیش دەوروژێنێت. بۆ نموونە، ئەلگۆڕیتمەکانی ژیری دەستکرد دەتوانن لایەنگر و تەرەفداری بکەن لە کەسێك یان لایەنێکی باڵادەست و شارەزا لە بەرنامە داڕێژیەکانی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیدا، بەوەش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکرێ ناداپەروەر بن و دەتوانرێت لەلایەن هاککەرە تاوانکارەکانەوە دەستکاری بکرێن لە بەرژەوەندی ئەو کەس و لایەنەی کە پاڵنەر و پشتگیرییان (Zittrain, ٢٠١٨) دەکات؟

هەرچی پەیوەستبێت بەهەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر هەڵبژاردنەکان، ئەوا بێگومان نیگەرانییەکی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییە، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦دا کە بەهۆی تۆمەتەکانی دەستێوەردانی دەرەکییەوە تێکچوو. بەپێی سەنتەری برینان بۆ دادپەروەری (٢٠١٨) هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر سیستەمی هەڵبژاردنەکان دەتوانن شێوەی جۆراوجۆریان هەبێت، لەوانە هاککردنی بنکەی تۆماری دەنگدەران، بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە لە سۆشیال میدیا و تێکدانی ژێرخانی هەڵبژاردنەکان. ئەم هێرشانە دەتوانێت متمانەی گشتی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بلەقێنێت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بشێوێنێت.

لە کۆنتێکستی عێراقیـــــدا، سیستەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەتایبەتی لەبەردەم هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا کە گرێدراوی ژینگەی سیاسی و ئەمنی هەستیارە، ئەلمەرعەشی (٢٠١٩) لەو باوەڕەدایە کە سیستەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە تۆمەتی ساختەکاری و تۆقاندنی دەنگدەران و دەستێوەردانی دەرەکی تووشی کێشە و ئاریشەی هەمەجۆر بووە. بەڵام هەرێمی کوردستان کە تاڕادەیەك سەقامگیرترە، ڕووبەڕووی ئاستەنگی نەخوازراو دەبێتەوە، لەوانەش ڕەگداکوتانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و بەرفراوانبوونی گەندەڵی و گەمژاندنی خەڵکی (Al-Ani, ٢٠٢٠).

میتۆدی کارپێکراو

توێژینەوەکە میتۆدی تێکەڵی شیکاری داتاکانی چۆنایەتی و چەندایەتی تێکەڵ دەکات لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی بەرفراوانی (١١) کتێبی مەنهەجی وچەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بەراوردکراو بەرجەستە دەکرێت. هەڵبژاردنی سەرچاوەکانوابەستەیەبەوپەیوەندییەڕێنماییانەی

ئەگەر لایەنێکی سیاسی ژیری دەستکردی ڕاهێنابێت بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر داتای لایەنگرانی خۆی، ئەوا ڕەنگە بەشێوەیەکی نارێژەیی هەندێك گروپی دەنگدەران بێبەش بکات لە مافی دەنگدان

کە هەن لەنێوان ئامانجەکانی تۆژینەوەکە و تۆژینەوەکانی ئەو تۆژەرە متمانەپێکراوانەی کە میتۆدۆلۆژیای پتەویان بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا. شیکاریەکەش لە دەوری ئەو بابەتە بنەڕەتیانەدا بونیادکراوە کە پێکهاتوون لە ڕۆڵی ژیری دەستکرد لە هەڵبژاردنە ئەلیکترۆنی و نیمچە ئەلیکترۆنیەکاندا، سروشت و کاریگەری سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەرخوردی نێوان ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکرۆنیدا.

ڕۆڵی ژیری دەستکرد لە هەڵبژاردنەکاندا

ژیری دەستکرد گۆڕانکاری لە هەڵمەتی سیاسیدا دەکات بۆ چالاککردنی پرۆسەی بە ئامانجگرتنی وردتری دەنگدەران. شیکاری پێشبینیکراو دەکات بۆ هەڵمەتە سیاسییەکان و ڕەفتار و ئارەزووەکانی دەنگدەرانیش شیدەکاتەوە و پەیامەکانیشیان بەپێی پێکهاتە دیمۆگرافیە تایبەتەکان دەگونجێنێت. ئەم شێوازە وردە لە ئامانجگرتنی دەنگدەراندا کاریگەری بنەڕەتی هەیە لە نەخشاندنی ستراتیژیەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ کاندیدە سەربەخۆ و لایەنە سیاسیەکان، لە هەمان کاتیشدا نیگەرانی ئەخلاقیش دەوروژێنێت سەبارەت بە تایبەتمەندی و خراپ بەکارهێنانی (Johnson & Lee, ۲۰۱۹) پێداویستیەکانی دەنگدەران).

ژیری دەستکرد لە چاودێریکردنی هەڵبژاردن و دۆزینەوەی ساختەکاریدا

ئامرازەکانی ژیری دەستکرد بەکاردەهێنرێن بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی چالاکییە ساختەکان. بۆ نموونە، ئەلگۆریتمەکانی ژیری دەستکرد دەتوانن شێوازی دەنگدان شیبکەنەوە بۆ دیاریکردنی ئەو ناتەواویانەی کە ڕەنگە ئاماژە بن بۆ ساختەکاری یان نارێکی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەها، دەتوانرێت ژیری دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ چاودێریکردنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ ڕێگریکردن (Brown et al., ۲۰۲۱)، ئەڵبەتە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەڵبژاردنەکانەوە.

تۆمەت هەبووە کە ئەلگۆریتمەکانی ژیری دەستکرد لە تۆماری دەنگدەراندا بەکاردەهێنرێن و لایەنگرییان لە هەندێك پێکهاتەی تایفی و نەتەوەیی کردووە، بەوەش بوونەتە هۆی دەرکردنی دەنگدەرانی شایستە لە تۆماری دەنگدەراندا

مەترسییەکانی ژیری دەستکرد لە هەڵبژاردنەکاندا

سەرەڕای سوودە گرنگ و بەرچاوەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا، ژیری دەستکرد مەترسی نوێش دەخاتە ڕوو. یەك لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی بریتییە لە لایەنگری یان تەرەفداری ئەلگۆڕیتمەکانی ژیری دەستکرد بەوەی کە توانای هەیە ببێتە هۆی دەرخستنی ئەنجامە نەخوازراوەکان. بۆ نموونە، ئەگەر لایەنێکی سیاسی ژیری دەستکردی ڕاهێنابێت بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر داتای لایەنگرانی

هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر ژێرخانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و تێکدانی شەرعیەتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەکارهێنراون

خۆی، ئەوا ڕەنگە بەشێوەیەکی ناڕێژەیی هەندێك گروپی دەنگدەران بێبەش بکات لە مافی دەنگدان. هەروەها، ناڕوونی ئەلگۆڕیتمەکانی ژیری دەستکرد دەتوانێت وردبینی و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان قورس بکات، ئەمەش نیگەرانییەکانی پەیوەست بە شەفافیەت (Taylor et al., ۲۰۲۲) و لێپرسینەوە دەهێنێتە ئاراوە.

ڕۆڵی ژیری دەستکرد لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی و نیمچە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقدا

تەکنۆلۆژیای ژیری دەستکرد زیاتر لە پرۆسەکانی تۆمارکردنی دەنگدەراندا بەکاردەهێنرێن لەپێناو پوختەکردن و پاککردنەوەی لیستی دەنگدەران، لەلایەك و لەلاکەی تریشەوە، بۆ زامنکردنی وردبینی و کارایی لە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکـــــانی بەرنامەڕێزیی ئەلکترۆنی بە مەبەستی تێگەیشتن لە پرۆسەی چۆنێتی فێربوون و کارپێکردنی ئەو ئامێرانەی کە دەتوانن داتای زۆر گەورە شیبکەنەوە بۆ دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ناو لیستی دەنگدەران و دڵنیابوون لەوەی کە دەنگدەرانی یاسایی و شایستە لە مافی خۆیان بێبەش نەکرێن بەهۆی (IHEC, چەند هەڵەیەکی کارگێڕی نەخوازراوەوە

٢٠٢١). بۆ نموونە، ژیری دەستکرد دەتوانێت تۆماری دووبارە و زانیاری بەسەرچوو و تۆماری (Smith et al., ٢٠٢٠) ساختە دەستنیشان بکات بە مەبەستی یەکلاکردنەوەوە چارەسەرکردنیان.

بەڵام بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا نیگەرانییەکانی لەبارەی لایەنگری و دەستکاریکردنیشەوە دروستکردووە. بۆ نموونە، تۆمەت هەبووە کە ئەلگۆریتمەکانی ژیری دەستکرد لە تۆماری دەنگدەراندا بەکاردەهێنرێن و لایەنگرییان لە هەندێك پێکهاتەی تایفی و نەتەوەیی کردووە، بەوەش بوونەتە هۆی دەرکردنی دەنگدەرانی شایستە لە ٢٠٢٠). سەرەڕای (Al-Ani, تۆماری دەنگدەراندا ئەوەش، نیگەرانی ئەوە هەبووە کە ئامرازەکانی چاودێریکردنی سۆشیاڵ میدیا کە لەلایەن ژیری دەستکردەوە بەڕێوەدەبرێن، بەکاردەهێنرێن بۆ سەرکوتکردنی ناڕازییە سیاسییەکان و بە (Human ئامانجگرتنی کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن ٢٠٢١). Rights Watch,

هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق

سیستەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق بووەتە ئامانجـــــی هەڕەشەی جۆراوجۆری ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لەوانە هاککردن، هەڵمەتی زانیاری ناڕاست و هێرشی سەر ژێرخانی ئابووری. بەپێی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی کارنێگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا بڵاوکراوەتەوە، کۆگای تۆماری دەنگدەرانی عێراق لە پێش هەڵبژادنەکانی پەرلەمانی عێراقی ساڵی ٢٠١٨ دا هاککراوە وبووەتە هۆی دزینی زانیاری هەستیاری دەنگدەران، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتووە کە هەڵمەتی زانیاری ناڕاست لە سۆشیال میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لەسەر کاندیدەکان و دەستکاریکردنی ڕای گشتی بەکارهێنراوە.

هەروەها، هەرێمی کوردستانیش کراوەتە ئامانجی هەڕەشەی ئاسایشی ئەلکترۆنی، بە تایبەت لە چوارچێوەی ناکۆکییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای توێژینەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی (٢٠٢١)، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر ژێرخانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و تێکدانی شەرعیەتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەکارهێنراون.

سەرپێچیەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا هاککردن و پێشێلکردنی داتا

پێشێلکارییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وەك هاککردن و دەستکاریکردنی داتا، مەترسییەکی

بەرچاو لەسەر بێگەردی هەڵبژاردنەکان دروست دەکەن. کەسە زیانبەخشەکان دەتوانن دزە بکەنە ناو سیستەمی هەڵبژاردنەکانەوە نەك تەنها بۆ گۆڕینی لیستی دەنگدەران و دەستکاریکردنی هەژماری دەنگەکان، بەڵکو دەتوانن دەستکاری ی ئەو(Source codes) کۆدە بنەڕەتییەکان پرۆگرامانەش بکەن کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی دەنگدان بەگەڕ دەخەن بە مەبەستی تێکدانی پرۆسەی دەنگدان یان بۆ سوود و قازانجی چەند لایەنێکی سیاسی. بەگوێرەی ئەلمەرعەشی (٢٠١٩)، سیستەمی هەڵبژاردنی عێراقی تووشی کێشەی ساختەکاری و تۆقاندنی دەنگدەران و دەستێوەردانی دەرەکی بووە. تێکەڵکردنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی و ژیری دەستکرد لە سیستەمی هەڵبژارنەکانی عێراقدا لاوازی نوێی هێناوەتە کایەوە، بەتایبەت لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا.

یەك لە لاوازییە سەرەکییەکانی سیستەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق بریتییە لە نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕێکخراوەیی پتەو بۆ زامنکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. بەپێی ڕاپۆرتی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپیدان (UNDP, ٢٠٢٠)، عێراق یاسای گشتگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنی نییە، ئەمەش وا دەکات کە دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی ژێرخانی هەڵبژاردنەکان لە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان قورس بێت. نەك هەر ئەمە، بەڵکو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەوانەش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، شارەزایی تەکنیکی و سەرچاوەی پێویستیان نییە بۆ وڵامدانەوەی کاریگەرانەی (Al-Ani, هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ٢٠٢٠).

لاوازییەکی دیکە بریتییە لە نەبوونی متمانەی گشتی دەنگدەران بە پرۆسەی هەڵبژاردن. بەپێی ڕاپرسییەکی دامەزراوەی نێودەوڵەتی (IFES, ٢٠٢١)، بۆ سیستەمەکانی هەڵبژاردن تەنها ٣٠٪ی دەنگدەرانی عێراق متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو نیگەرانیە بەربڵاوانەی هەن دەربارەی بوونی ساختەکاری و گەندەڵی و دەستێوەردانی دەرەکی. ئەم نەبوونی متمانەیە هۆکارە بۆ دەستوەاڵاکردنی کەسە زیانبەخشەکان لە شێواندنی ڕای گشتی و تێکدانی شەرعیەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

کاریگەری ژیری دەستکرد و سەرپێچییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر پتەوی هەڵبژاردنەکان

دەرئەنجامەکانی ئەم کورتە توێژینەوەیە ئاشکرای دەکەن کە لە کاتێکدا ژیری دەستکرد دەتوانێت کارایی و وردبینی پرۆسەکانی هەڵبژاردن پەرەپێبدات، بەڵام مەترسییەکی بەرچاویشی هەیە، بەتایبەتی لە عێراقدا کە ژینگە سیاسی و

ئاسایشییەکەی هێشتا ناسەقامگیرە. بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە تۆماری دەنگدەران و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا نیگەرانییەکانی پەیوەست بە لایەنگری و ساختەکاری دروستکردووە، هاوکات هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لەوانەش هاککردن و هەڵمەتەکانی زانیاری نادروست متمانەی گشتی دەنگدەرانی بە پرۆسەی هەڵبژاردن شێواندووە.

کاریگەری ئەم هەڕەشانە لەسەر پتەوبوونی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە دیار و بەرچاون. بۆیە، بۆ کەمکردنەوە و بەرتەسککردنی ئەو مەترسیانەی کە ژیری دەستکرد و هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەسەر هەڵبژاردنەکان دروستی دەکەن، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن:

پێشنیارەکان

١- بەهێزکردنی یاسای ئاسایشی ئەلیکترۆنی: پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای گشگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەرەپێبدەن و جێبەجێی بکەن بۆ پاراستنی ژێرخانی هەڵبژاردنەکان لە هێڕشی ئەلیکترۆنی و دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی. ئەم یاسایە پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان و بڕگەکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان و ڕێگریکردن لە هێڕشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر سیستەمی هەڵبژاردنەکان لەخۆبگرێت.

٢-بەرزکردنەوەی شارەزایی تەکنیکی و سەرچاوەکان: پێویستە دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و هەرێمدا شارەزایی تەکنیکی و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت لەپێناو وەڵامدانەوەی کاریگەرانەی هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەمەش دەکرێ بە دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەناو هەردوو کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەرجەستە بکرێن، هەروەها دابینکردنی ڕاهێنان و سەرچاوەی پەیوەست بە ژیری دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ بەرپرسانی هەڵبژاردنەکان.

٣-پەرەپێدانی متمانەی گشتی لەبارەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن: پێویستە لەسەر پەرلەمانتارانی

پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای گشگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەرەپێبدەن و جێبەجێی بکەن بۆ پاراستنی ژێرخانی هەڵبژاردنەکان لە هێڕشی ئەلیکترۆنی و دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی

بواره‌کانی شه‌ڕی ئه‌لیکترۆنی و زیره‌کی ده‌ستکرد جێپه‌نجه‌ی قوونڵی خۆیان له‌سه‌ر تیۆری زانستی و گریمانه و هاوکێشه بیرکاریه‌کان به‌جێده‌هێڵن که بنه‌مای توێژینه‌وه‌ی زانستی و پێشکه‌وتنه ته‌کنه‌لۆژییه‌کان پێکده‌هێنن، وه کاریگه‌ری له‌سه‌ر بنه‌ما و چوارچێوه زانستییه‌کان هه‌بووه و ده‌توانن ڕه‌وته تیۆری و کارپێکراوه‌کان له زانسته جیاوازه‌کاندا دابڕێژنه‌وه.

شه‌ڕی ئه‌لیکترۆنی، کاریگه‌رییه‌کانی درێژده‌بێته‌وه بۆ توێژینه‌وه‌ی زانستی و چه‌مکه تیۆریه‌کان که توێژه‌رانی به‌شه جیاوازه‌کان پشتیان پێده‌به‌ستن. بۆ نموونه هێرشی ئه‌لیکترۆنی بۆ سه‌ر بنکه دراوه زانستییه‌کان یان سیسته‌می زانیاری پەیوەست به توێژینه‌وه‌کان ڕه‌نگه ببێته هۆی له‌ده‌ستدان یان شێواندنی داتاکان، ئه‌مه‌ش به‌ڕێوه‌بردنی توێژینه‌وه‌کان تێکده‌دات یان ئه‌و گریمانانه دابڕێژێته‌وه که تیۆرییه‌کان له‌سه‌ریان پەره‌پێده‌درێن. له هه‌مان کاتدا، ئه‌م شه‌ڕانه ڕه‌نگه پێویستیان به پەره‌پێدانی میکانیزمی تیۆری نوێ هه‌بێت بۆ به‌ڕێوه‌بردنی داتا هه‌ستیاره‌کان و دڵنیابوون له ئاسایشی ئه‌لیکترۆنی. تیۆرییه‌کانی پەیوەست به شیکاری تۆڕ، سیسته‌می ئاسایش، یان ته‌نانه‌ت دیزاینی پرۆتۆکۆڵه ئه‌منییه‌کان ڕه‌نگه له وه‌ڵامی ئه‌م جۆره هه‌ڕه‌شه‌یه‌دا پەره بسێنن.

زیره‌کی ده‌ستکرد نوێنه‌رایه‌تی شۆڕشێک ده‌کات لـــــــه چۆنیه‌تی پرۆسێسکردن و شیکردنه‌وه‌ی داتاکان. ده‌توانرێت زیره‌کی ده‌ستکرد به‌کاربهێنرێت بۆ تاقیکردنه‌وه‌ی گریمانه زانستییه‌کان و دابینکردنی ئه‌نجامه‌کان که ڕه‌نگه ته‌حه‌دای تیۆرییه‌کانی ئێستا بکه‌ن. بۆ نموونه له بواره‌کانی وه‌ک فیزیا یان بایۆلۆجیدا، AI ده‌توانێت پەیوەندی ناته‌قلیدی یان ڕوونکردنه‌وه بۆ دیارده‌کان بدۆزێته‌وه که پێشتر به به‌کارهێنانی ڕێگه‌ی ئاسایی نه‌ده‌کرا.

جگه له‌وه‌ش، AI یارمه‌تی ڕێنماییکردنی توێژه‌ران ده‌دات به‌ره‌و گریمانه نوێیه‌کان به به‌کارهێنانـــــی ته‌کنیکه‌کانی فێربوونی ئامێر بۆ شیـــــکردنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵه داتایه‌کی گه‌وره. ئه‌م ته‌کنیکانه سه‌کۆیه‌ک بۆ تاقیکردنه‌وه‌ی گریمانه‌کان دابین ده‌که‌ن که ڕه‌نگه ئاڵۆز بن یان به شێوازه ته‌قلیدییه‌کان تاقی نه‌کرێنه‌وه.

زیره‌کی ده‌ســـتکرد کاریگه‌رییه‌کی گه‌وره‌ی هه‌یه له‌سه‌ر دووباره داڕشتنه‌وه‌ی هاوکێشه زانستییه‌کان، به‌تایبه‌تـــــی له بواره‌کانی وه‌ک بیرکاری و فیزیادا. له گه‌ڵ پەره‌سه‌ندنی ئه‌لگۆریتم و ته‌کنیکه‌کانی فێربوونی ئامێر، بووه‌ته هۆی

چارەسەرکردنی هاوکێشە ئاڵۆزەکان کە پێشتر کاتێکی زۆری دەویست بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدییەکان. لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دەتوانرێت سیستەمی فیزیایی و بایۆلۆژی بە مەودای بەرفراوانی پارامێتەرەکان خێراتر و وردتر مۆدێل بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەری ناتەقلیدی بۆ هاوکێشە بیرکارییەکان کە وەسفی ئەم سیستەمە دەکەن.

هەروەها زیرەکی دەستکرد یارمەتی کەمکردنەوەی هەڵەکانی مرۆڤ دەدات لەکاتی چارەسەرکردنی هاوکێشە بیرکارییە ئاڵۆزەکان. لە داهاتوودا ڕەنگە مۆدێلە بیرکارییەکان زیاتر یەکگرتوو و وردتر بن بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ چارەسەرکردنی هاوکێشەکان کە پشت بە گۆڕاوەکان دەبەستن کە بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدییەکان پێوانە کردنیان قورسە.

ئەنجام وپێشنیارەکان:

پەرەپێدانی تیۆری نوێ لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا: بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیاکانی شەڕی ئەلیکترۆنی، زانایانی کۆمپیوتەر و ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت تیۆری نوێ لەم بوارەدا پەرەپێبدەن کە پاراستنی زانیاری و پاراستنی لە هەڕەشە بەردەوامەکان مسۆگەر بکەن.

بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە توێژینەوە زانستییەکان: پێویستە توێژەران زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنن بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ئاڵۆزەکان کە چارەسەرکردنیان قورسە بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدیەکان. هەروەها زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی گریمانە نوێیەکان کە لەبەرچاو نەگیراون.

لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردەوە، هاوکێشەی بیرکاری وردتر و کاریگەرتر لە ڕوونکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان پەرەپێبدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زیاتر لە بواری زانست و تەکنەلۆجیادا.

شەڕی ئەلیکترۆنی و زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یەکخستنی بەشە زانستییەجیاوازەکانی وەک بیرکاری، ئەندازیاری، فیزیا، و زانستی کۆمپیوتەر بەرز بکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی داهێنان و چارەسەری پێشکەوتووتر لە زانستدا. کاریگەری شەڕی ئەلیکترۆنی و زیرەکی دەستکرد لەسەر تیۆری زانستی و گریمانە و هاوکێشەکان بۆ خۆی شۆڕشێکە. ئەم تەکنەلۆژیایانە دەتوانن شێوازی تێگەیشتنمان لە جیهان لە قاڵب بدەنەوە بە پەرەپێدانی شێوازی نوێ بۆ شیکردنەوەی داتا و تاقیکردنەوەی گریمانەکان. لە داهاتوودا پشتبەستن بە زیرەکی دەستکرد زیاتر دەبێت بۆ

باشترکردنی وردی مۆدێلی بیرکاری و فراوانکردنی بازنەی بەکارهێنانی زانستی، توانای تۆێژەران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگە ئاڵۆزەکان لە بواره جیاوازەکاندا بەرز دەبێتەوە.

سەرچاوەکان:

1- Al-Omari, A., & Al-Qudah, M. (2020). The role of artificial intelligence in enhancing cybersecurity: Challenges and opportunities. Journal of Cybersecurity Studies, 2(1), 45-60.

2- Arnold, R. (2018). The impact of cyber warfare on international business. Global Business Review, 29(3), 123-136.

3- Finkelstein, S. (2021). Artificial intelligence and the future of digital marketing: A critical perspective. Journal of Digital Marketing, 15(2), 102-113.

4- Hackett, P., & Davis, M. (2019). The evolution of cybersecurity threats in the age of AI. Journal of Technology and Innovation, 12(4), 87-98.

5- Khan, M. I. (2022). Cybersecurity in the age of artificial intelligence: A global analysis. International Journal of Cybersecurity, 8(3), 210-225.

6- Kline, D. (2020). The intersection of AI and cybersecurity in business strategy. Business Strategy Review, 11(1), 57-69.

7- Markov, S. (2017). Understanding the principles of artificial intelligence. Journal of Computational Intelligence, 24(3), 120-135.

8- Weaver, W. (1963). The mathematical theory of communication. University of Illinois Press.

9- Shannon, C. E. (1948). A mathematical theory of communication. Bell System Technical Journal, 27(3), 379-423.

10- Turing, A. M. (1950). Computing machinery and intelligence. Mind, 59(236), 433-460.

11- Van der Meer, L., & Richards, H. (2021). Artificial intelligence and digital marketing: From theory to practice.

Marketing Intelligence & Planning, 39(4), 134-145.

12- Woods, C. (2019). Cybersecurity strategies in a globalized digital economy. Oxford University Press.

13- Zhang, Y., & Li, J. (2021). Artificial intelligence and its role in business transformation. Technology in Business, 30(5), 200-212.

پرۆفایل:

ڕاوێژکاری ڕاهێنان ناسر سەعدی

-شارەزایەکی متمانەپێکراوی نێودەوڵەتییە لە شیکار و گەشەپێدانی سیستەمەکانی زانستی بەڕێوەبردن و پیشەسازی و ئابووری.

- هەڵگری ئەم بڕوانامانەیە:

- دبلۆم لە کارەبا لەساڵی١٩٩٤

- بکالۆریۆس لە زانستی کۆمپیوتەر لەزانکۆی بەغداد لەساڵی٢٠٠١ز

- ماستەر لەبواری سیستەمی زانستی بەڕێوەبردن لەزانکۆی فەرەنسی لوبنانی لەساڵی٢٠١٢

ئێستا لەهەولێر دادەنیشێت.

جەنگی ئەلکترۆنی کۆن و نوێ

١- پێشەکی و ناساندن

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بوونەتە هۆکاری دروستکردنی گۆڕانکاریی دوورمەودا، لە هەموو کایەکانی ژیاندا، پێشکەوتنی خێرایی کۆمپیوتەرەکان و گەیاندن و بەرنامەکانیش هۆکارگەلێکن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بە کەمترین تێچوون و لە کەمترین کاتدا. هەموو ئەمانەش بوونە هۆکاری شۆڕشی زانیارییەکان The Information Revolution، لەگەڵ ئەوەشدا، تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکان Information and Communications Technology (ICT) بەبەردەوامی و زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و، بەرەوپێشدەچێت و فراوان دەبێت، بەمەش سەردەمێکی نوێتر لە شۆڕشی زانیارییەکان سەری هەڵداوە، هەمووشیان بوونەتە هۆی دروستبوونی ڕووبەرێکی بەردەوام و شوێنێکی نوێ لە جیهاندا. ئەم ڕووبەرە بەردەوام و مەودا ئەلکترۆنییە Cyberspace مرۆڤ کردە، سوودی گەورەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی مەترسی نەناسراویشی هەیە (Tabansky، ٢٠١١).

لەگەڵ فراوانبوونی ئینتەرنێت و ڕێککەوتننامە Protocols پەیوەندیدارەکانی وەك وێبی فراوانی جیهانی World Wide Web (WWW) سەردەمێکی زانیاری دەستی پێکرد کە لە هەڵگرتنی زانیارییەکان سوودێکی زۆر وەدەست دێت، وەك: پەیوەندیی بە ئاسانترین شێوە، دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بەشێوەیەکی خێرا، مامەڵەی بازرگانی گونجاو و .... هی تر. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، تاوانکاری پێشکەوتووشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، وەك ساختەکاری ئینتەرنێت، داوێنپیسی ئەلکترۆنی و .... هی تر، هەروەها ڕەهەندێکی دیکەیان لە هونەری جەنگدا هێنایە کایەوە (Mukherjee, ٢٠١٩).

هەروەها ئاسایشی نەتەوەییش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شۆڕشی زانیارییەکان و دیاردەی مەودای ئەلیکترۆنی Cyberspace،

نووسینی:
هێمن مەلاکەریم بەرزنجی و
عومەر مەلاکەریم بەرزنجی

لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتیمانیدا، گۆڕانکارییە ڕیشەیی و دورمەوداکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی کان (تەزا) (Information Technology (IT) ، نوێترین گەشەسەندن و بازدانی جۆری بەخۆوە بینیوە لە بەردەستبوون و چۆنێتی هەواڵگریی، خێرایی گواستنەوەی زانیاریی و چەك، کە چەمکی شۆڕش لە کار و باری سەربازیدا Revolution in Military Affairs ی لێکەوتەوە، لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە (Tabansky، ٢٠١١).

سوون تسوو لە فلیمی هونەری جەنگدا، کە پێدەچێت لە ٤٦٧-٧٠٠ پێش زاین ژیابێت، دەڵێت: (هونەری باڵای شەڕ، بریتییە لە ملکەچکردنی دوژمن بەبێ شەڕ) کە لە ئێستادا جەنگی ئەلکترۆنی ئەو هونەرەیە (Gazula، ٢٠١٧)، لەسەرەتادا، جەنگی ئەلکترۆنی Cyber Warfare بە تەنها چالاکی سەربازی دەگرتەوە، بە پشت بەستن بە کۆمپیوتەرەکان و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی دیکە و تۆڕەکان Networks، لەناو کۆمپیوتەرەکانیشدا، بەتایبەتی کۆمپیوتەری جێگیرکراو و بەیەککراوو Embedded Computer، بۆئەوەی هێرشبکەنە سەر دوژمن و نەیارەکان. کەواتە جەنگی ئەلیکترۆنی Cyber Warfare ئەو کردارانەن کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمپیوتەرەوە Computer Network جێبەجێدەکرێن بۆ لەکارخستن، بەرپەرچدانەوە، تێکدان یان لەناوبردنی ئەو زانیارییانەی لە خودی کۆمپیوتەر و تۆڕەکاندان یان لە کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی بەرامبەردان. بەو پێیەی کە هێرشەکانی تۆڕی کۆمپیوتەریی Computer Network Attacks (CNA) هێز و وزەی جوڵەیی بەکارناهێنن بۆئەوەی زیان بگەیەنن و ئامانج بپێکن، ئەم کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیەش لە سەر سیستەمی کۆمپیوتەر بەراورد دەکرێت لەگەڵ کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی لەسەر بوونەوەرە زیندووەکان. ئامانجی سەرەکی جەنگی ئەلیکترۆنی Cyber

سوون تسوو له فلیمی هونەری جەنگدا، کە پێدەچێت لە ٤٦٧-٧٠٠ پێش زاین ژیابێت، دەڵێت: (هونەری باڵای شەڕ، بریتییە لە ملکەچکردنی دوژمن بەبێ شەڕ)

Warfare بەرپەرچدانەوەی دوژمن و نەیارە لەکاتی بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنیدا، یان دەستڕاگەیشتن بە کار و ئەرکەکانیان بۆئەوەی جڵەوی Control بەشەپێکهێنەر و پێکهاتەکانی ژێر بەڕێوەبردنیان بگرێت. لەوانەیە ئامانجەکان هەر سیستەمێکی کۆمپیوتەر لە خۆبگرێت، کە لە ڕێگەی تۆڕێکەوە دەستپێبگات. ئەمەش لە مۆبایلی زیرەکەوە دەستپێدەکات بۆ کۆمپیوتەری کەسی، سیستەمی فەرماندەیی و جڵەوگیری سەربازیی تا سیستەمی جڵەوگیری چاودێری و وەرگرتنی کە لە سیستەمی گەورە و ئاڵۆزدا بەکاردەهێنرێن.

بە شێوەیەکی باو، شەڕی ئەلیکترۆنی هاوتایە لەگەڵ هێرشی تۆڕی کۆمپیوتەر Computer Network Attacks (CNA) (Woltag، ٢٠١٥)

٢ - مێژووی جەنگی ئەلیکترۆنی

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ شەڕیکردووە، لە شەڕە شمێرەکانی ڕابردووەوە تا دەگاتە لێدانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکـــان و بێسەرنشینەکانی ئەمڕۆ، پەرەپێدانی زرێپۆش و فڕۆکە و کەشتی و بەکارهێنانی ئەلیکترۆنیات و پەیوەندییەکان هەموویان پانتاییەکانی شەڕیان فراوانتر کردووە و ڕێگەی نوێ و داهێنەرانەیان ناساندووە بۆ سەرکەوتن بەسەر نەیارەکاند. هەروەك چۆن داهێنانی تەکنەلۆژیای فڕین پێشبڕکێیەکی بۆ زاڵبوون بەسەر ئاسمانەکاندا دەستپێکرد. لەم ساڵانەی دوایشدا، جەنگی ئەلکترۆنی نێوان گەلانی جیهان بۆتە جێگەی قسە و باس و زۆر گرنگی پێدەدرێت، حکومەتەکان کارمەندە تەواو لێهاتوو و شارەزاکانیان لە بواری دزە کردنە ناو سیستەمەکان (هاکەرز) کۆدەکەنەوە و ڕاهێنانیان پێدەکەن بۆ چوونە ناو سیستەمی دوژمن. هەموو نەتەوەیەکیش ئەو چەکانەی هەیە کە لەم شەڕەدا بەکاردەهێنرێت کە کۆمپیوتەرەکان Computers و بەرنامەکانە Software، بۆئەوەی ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بەبێ ئەوە پێویست بکات زلهێزێکی گەورە بێت. ئەو ڕووداوەی کە سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، شەپۆلێکی سێ هەفتەی هێرشی دابەشکراوی بەرپەرچدانەوەی

خزمەتگوزاریی Distributed Denial of Service (DDoS) بۆ سەر چەندین ماڵپەڕ Website ئیستۆنیا کە لە ٢٤ ی ٤ ی ٢٠٠٧ دەستی پێکرد، لەو کاتەدا ئیستۆنیا و ڕووسیا لەسەر لابردنی سەربازە برۆنزییەکەی تالین کە یادگارییەکی جەنگی سۆڤێت بوو لە ئیستۆنیا، تووشی ناکۆکی بوون. ئیستۆنیا لە ٢٧ ی ٤ دا، پەیکەرەکەی گواستەوە، ئەمەش ناڕەزایەتی توندی ڕوسییە نەتەوەییەکانی لێکەوتەوە کە ١٣٠٠ کەس دەستگیرکران، لەبەر ئەوەی هێرشە ئەلکترۆنییەکان دوای گواستنەوەی پەیکەرەکە دەستی پێکرد، ململانێکان وەك هۆکاری هێرشەکان هەستی پێدەکرا. گومانەکان سەبارەت بە ئەنجامدەرانی هێرشە ئەلکترۆنییەکان، دەستبەجێ کەوتە سەر ڕووسیا، وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری ئیستۆنیا بە ئاشکرا ڕووسیایان بە هەماهەنگی هێرشە ئەلکترۆنییەکە تۆمەتبار کرد، هەرچەندە دانیان بەوەدا ناوە کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە. ڕەنگە هێرشەکانی دابەشکراوی بەرپەرچدانەوەی خزمەتگوزاریی (Distributed Denial of Service (DDoS بۆ سەر ئیستۆنیا، جەنگی ئەلکترۆنی ڕاستەقینە نەبووبێت، بەڵام زۆرێك لە حکومەتەکان، ئەگەری هێرشە ئەلکترۆنییەکان لایان جێی سەرنج و بایەخە و فەرامۆشی ناکەن، بۆ نموونە ئەمریکا لە مانگی ٥ی ٢٠١٠ دا، فەرماندەیی ئەلکترۆنی Cyber Command لە فۆرت مید لە ویلایەتی ماریلاند دامەزراند بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە تۆڕە سەربازییەکانی ئەمریکا. شانشینی یەکگرتووش (بەرتانیا) ناوەندی زنجیرە کردارەکانی ئاسایشی ئەلکترۆنی لە بارەگای پەیوەندییە حکومییەکان کە بارەگاکەی لەشاری چێڵتنهامە Cheltenham دامەزراند (Robinson, Jones, & Janicke, ٢٠١٥).

دواین پێشکەوتنی جەنگی ئەلیکترۆنی Cyber Warfare کە دۆزرانەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ز، کە لەلایەن کۆمپانیای ستۆکسنێت Stuxnet دەستی پێکردووە، کە کرمی ستۆکسنێتی بەرهەم هێناوە و یەکەم چەکی ئەلکترۆنی بوو بەمەبەستی تێکشاندن و زیان گەیاندن بە جەستە و بەشەپێکهێنەرەکانی پارچە ڕەقەکان و ئامێرەکان و پێکهاتە و ناوەڕۆکەکانیان. زانیاریی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە کۆمپانیای ستۆکسنێت Stuxnet توانی لەسەدا بیستی (٢٠٪) ئەو سەنتەرفیوژانە Centrifuges لەناوبەرێت کە لەلایەن ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوە، بۆ دروستکردنی چەك و جبەخانەی ئەتۆمی

Nuclear Arsenal بەکاردەهێنران. سەبارەت بە کۆدی ئەم کرمە، مایکرۆسۆفت پێی وایە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٩ز (Chen، ٢٠١٠).

٣ـ پێناسە و چەمکی جەنگی ئەلکترۆنی

لەم سەردەمەدا، جەنگی ئەلکترۆنی چەمکێکی نوێ و زۆر گرنگی جیهانی نوێیە، دوای وشکانی و دەریا و هەوا و بۆشایی ئاسمان، جەنگ چۆتە ڕەهەندی پێنجەم کە مەودای ئەلکترۆنییە Cyberspace، هەندێك لە هەڵە یان هێرشی ئەلکترۆنی، سیستەمی ئیمەیڵی سەربازی ئیفلیج دەکات، پاڵاوگە و بۆڕییەکان دەتەقنەوە، سیستەمی جڵەوگرتنی هاتوچۆی ئاسمانی دەڕوخێت، شەمەندەفەرەکان لە ڕێڕەو دەردەچن، زانیارییە داراییەکان بەهەڵەدا دەبرێن، تۆڕەکانی کارەبا تێکدەچن، مانگە دەستکردەکان لە جڵەو دەردەچن، لە هەموو شی خراپتر ناسنامەی هێرشبەر و دەستدرێژیکار بە نهێنی دەمێنێتەوە، کاریگەرییەکانی جەنگی ئەلکترۆنی هاوشێوەی کاریگەرییەکانی هێرشی ئەتۆمییە (Basholli، ٢٠٢٢).

بەو پێیەی هیچ پێناسەیەکی گشتی پەسەندکراو بۆ جەنگی ئەلکترۆنی نییە، ناکۆکیش لەسەر پێناسەیەکی پەسەند کراو بۆ جەنگی ئەلکترۆنی هەیە، زاراوەیەکە تەواو تەواو ئازادانە لە پەسندانی ڕووداو و کردارەکانی جیهانی ئەلکترۆنی ژمارەییدا Digital Cyber بەکاردەهێنرێت. چەمکی جەنگی ئەلکترۆنی Cyber Warfare Concept لە ساڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠ زۆر بەناوبانگ بوو، جێگەی چەمکی شەڕی زانیارییەکانی Information Warfare گرتەوە کە ساڵی نەوەتەکانی سەدەی بیست دەستپێکرد (Bardin, ٢٠٢٥).

بەڵام ڕاپۆرتی خزمەتگوزاری توێژینەوەی کۆنگرێسی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠١ز بۆ کۆنگرێس لە لایەن یەکێتی زانایانی ئەمریکییەوە، بە شێوەیەکی سادە دەربارەی جەنگی ئەلکترۆنی دەنووسێت: (دەتوانرێت جەنگی ئەلکترۆنی Cyber-Warfare بۆ لایەنە جیاوازەکانی هێرشکردن و بەرگریکردن لە زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر لە مەودای ئەلکترۆنی دا Cyber Space بەکاربهێنرێت.) لەم کورتە پێناسەیەوە تێدەگەین کە هێرش و بەرگری لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە لە ڕێگەی تۆڕەکانەوە ڕووەدەن نەك بە ڕێگەی بەرجەستەبـــــوون وەك سوپا(Nicholson, S.Webber, S.Dyer, T.Patel, & H.Janicke, ٢٠١٢).

٤ ــ ڕێگە و جۆرەکانی هێرشی ئەلکترۆنی

(Shaji & Dev, ٢٠١٩) ، (Gazula، ٢٠١٧) لە هێرشی ئەلکترۆنیدا، زۆر ڕێگە و جۆری جیاواز هەن، کە بەشێکیان پەیوەستن بەیەکەوە و بەشێکیان سەربەخۆن و جیان. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر هێرشی ئەلکترۆنی لەو شوێنانەدا ئەگەری هەیە کە کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی تر ئامانجە، کۆمپیوتەر وەک ناوەندێك بەکاردەهێنرێت، ئەم هێرشە ئەلکترۆنییانە هەڕەشەن بۆسەر کۆمەڵگە لەشوێنێکدا کە ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان. هەنگاوە جیاوازەکانی پێش جێبەجێکردنی هێرشەکان بریتین لە:

١- **کۆکردنەوەی زانیاری:** هەنگاوی سەرەکی پێش هێرشە ئەلکترۆنییەکان، کۆکردنەوەی زانیاریە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری سەرچاوە کراوە، کە زانیاریەکان لە ڕێگەی دەروازەی Ports کراوە و خزمەتگوزاریی Services کانی تەوە کۆدەکاتەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم شێوازە دۆزینەوە و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانە کە بتوانرێت بە هۆیەوە مەترسی و زیان دروست بکرێت.

٢- **شێوازی هەڕەشە:** ئەم هەنگاوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بەختی جێبەجێکردنی هێرشێك بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دەگیرێتەبەر، هێرشبەرەکە ئامێری بەرامبەر کە جێی مەبەستە و قوربانییە، دروستدەکات و جۆرەها تاقیکردنەوەی داخڵبوون و چوونەژوورەوە دەکات بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە ئامێری بەرامبەر، هێرشبەر دەتوانێت نەخشەی ئامێری بەرامبەر دابنێت و لە ڕێگەی خاڵە لاوازەکانەوە دەستی پێبگات. هێرشکردن و بەکارهێنانی ئامانج: لەم قۆناغەدا، ئامانجەکە دەقۆزرێتەوە و هێرش دەکرێتە سەری.

لەهێرشی ئەلکترۆنیدا، ڕێگەی جیاواز و جۆر بە جۆر بەکاردەهێنرێت، بەردەوامیش ئەم ڕێگایانە لە گۆڕاندان، بە زۆربوونی ڕێگەی نوێ و فراوانتربوونی ڕێگە کۆنەکان، باوترین ڕێگەکانی جەنگی ئەلکترۆنی ئەمانەن:

٣- هێرشی بەرنامە زیانبەخشەکان

:Malware attacks

هەریەکێك لە ڤایرۆسەکان **Viruses** و کرمەکان **Worms** و ئەسپی تەڕواده **Trojan Hours** لە بەرنامە زیانبەخشەکانن کە وەك چەکی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنرێن بۆ هێرشکردنە

سەر تۆڕە گرنگەکان و سیستەمی جڵەوگیریی پیشەسازیی. سڕینەوەی پەیوەندییەکان و کوژاندنەوەی تۆڕی کارەبا و لە کارخستنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، نموونەی زیانەکانی ئەم ڕێگەیەی هێرشەکانن.

٤- بارمتەگر Ransomware: لە چوارچێوەی شەڕی ئەلکترۆنیدا، لە ژێر پۆلێنبەندی بەرنامە زیانبەخشەکاندا جێگەی بۆتەوە، کە تۆڕە گرنگەکان و زانیاریی Data بە بارمتە دەگرێت، دەبێتە هۆی تێکدان و گێرەشێوێنی لە تۆڕ و ئامێرەکانی بەرامبەردا، هەروەها لە داهاتوودا دەتوانێت پارەی زنجیرە کرداری سەربازییەکانی جەنگی ئەلکترۆنی دابین بکات.

٥-هێرشەکانی بەرپەرچدانەوەی خزمەتگوزاری دابەشکراو-Distributed Denial of-Service (DoS) attacks: بەکارهێنانی بوتنێتەکانە Botnets بۆ بۆردوومانکردنی ماڵپەڕەکان Website بە داواکردنی ساختە کە سیستەمەکان سەرکوت دەکات، بە ناچارکردنی ماڵپەڕەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییە ساختانە، بەمەش ماڵپەڕەکە بۆ بەکارهێنانی یاسایی بەردەست نابێت، ئەم جۆرە هێرشە بەکاردەهێنرێت بۆ پەکخستنی ماڵپەڕێکی گرنگ کە لەلایەن هاوڵاتیان و کارمەندانی سەربازیی و کارمەندانی ئاسایش و زانایان و کەسانی ترەوە بەکاردەهێنرێن.

٦- سیخـــــوڕیی Espionage: ئاماژەیە بۆ سیخوڕیکردن بەسەر وڵاتێکی ترەوە بۆ دزینی نهێنی، کاتێك کۆکردنەوەی زانیاریی ئامانجی سەرەکییە، ڕەنگە ڕاوکردن بە ڕم (دزینی زانیاریی بە لاپەڕە و ماڵپەڕیی ساختە) Spear-Phishing، هێرشی هێزی دڕندە Brute-Force Attacks و کەلێنکردنە تێپەڕەوشە Password Cracking و هونەرەکانی تری دزیکردن و سیخوڕی بەکاربهێنرێن بۆ هاککردنی تۆڕەکان، ئامانجی سەرەکیش لێی بەدەستهێنانی پێگەیەکە لە تۆڕ و کۆمپیوتەرێکدا، پێش دەرهێنانی زانیاریی هەستیار.

٧- گـــێرەشێوێنی Subversion: بەکارهێنانی پـــــڕ و پاگەندەی دیجیتاڵی، هەواڵی ساختە و جۆرەکانی تری زانیاری ناڕاست، بۆ شێواندنی سیستەمی ڕاگەیاندنی وڵاتی جێی مەبەست، دەتوانرێت وەك پێکهاتەیەکی شەڕی ئەلکترۆنی سەیر بکرێت، بەتایبەتی کاتێك بە هەماهەنگی

لە داهاتوو کاریگەرییەکانی جەنگی ئەلکترۆنی زۆرتر و فراوانتر دەبن لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە و لایەنی کەلتووریش

لەگەڵ هەوڵەکانی دیکە بۆ تێکدانی متمانەی گشتی بە دەستەڵاتداران و دامەزراوەکان و وروژاندنی کۆمەڵایەتی دەکرێت بە مەبەستی تێکدان و ناتەبایی.

هێرشە ئەلکترۆنییەکان زۆرن، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیاش گۆڕانیان بەسەردا دێت، چ لە ڕووی جۆری هێرشەکان و چ لە ڕووی هونەری جێبەجێکردنەوە، باوترین هێرشە ئەلکترۆنییەکان ئەمانەن کە بە کورتی باسیان دەکەین:

٨- هـــــەڕەشەی بەردەوامی پێشکەوتوو (Advanced Persistent Threat (APT: لەناو هێرشە ئەلکترۆنییەکاندا، مەترسیدارترین جۆریانە، کە وەك جۆرێك لە جۆرەکانی هێرش لە مەودای ئەلکترۆنی دا دادەنرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشە، دزینی زانیارییە هەستیار و گرنگەکان و تایبەتمەندییەکانە، بە سوود وەرگرتن لە بەرنامەکان و وێبگەر Internet Browser، ئەم جۆرە هێرشە لە بوارەکانی میدیای کۆمەڵایەتی Social Media و ئابووری Economic و سەرهێڵی Online بەکاردەهێنرێت.

٩- هێرشەکان لەگەڵ ئامێریی خۆت بهێنە BYOD: لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کارگەکان توانای کارکردنیان بردە سەرەوە و بەمەش قازانجێکی زۆرتر سەرباری داهاتەکەیان بوو، یەکێك لەو هۆکار و ڕێگایانەش بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسوودەی کارمەندانە، لە ڕێگەی (ئامێری خۆت بهێنەBring Your Own Device)وە، کە یارمەتیدەرە لە بەرەوپێشبردنی کارەکان و یارمەتی کارگەکان دەدات لە کەمکردنەوەی تێچووی سەرچاوەکان resources، مەترسی سەرەکی ئامێری خۆت بهێنە BYOD ئەوەیە کە کارمەندان لە کارگە و شوێنی کارەکەیان ئامێرەکەیان بەکاربهێنن و هەروەها لە ماڵیشەوە، پاشان دابەزاندنی بەرنامەی لایەنی سێهەم و دەرەکی، کە بەهۆیەوە پیشەسازیی و کارگە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە لەوانەیە ئەم بەرنامانە زانیاری ناو ئامێرەکان بدزن، بەم شێوەیەش ڕەنگە زانیاریی بازرگانی و پیشەسازی بکەونە دەستی کەسانێك کەنەیارین و ببنە مەترسی.

١٠- هێرشەکان لەگەڵ سکادا SCADA: مەبەست لە سکادا، جلەوگیریی چاودێری و وەرگرتنی زانیارییە Supervisory Control and Data Acquisition کە لە چاودێریکردنی کردارەکانی پیشەسازیی و بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێت. لە ئێستادا دۆخێکی مەترسیدار

لە پیشەسازییەکانی وەک: ڕێساکانی وێستگەکانی کارەبای ئەتۆمی، ئامادەکردن و پوختەکردنی نەوت و هی تر هەیە کە بەیارمەتی سکادا جێبەجێدەکرێن. سکادا بەستراوەتەوە بە ئینتەرنێتەوە بە جۆرێك کە بتوانرێت جڵەوی بگیرێت، بەم جۆرەش تۆڕەکانی سکادا ئامانجێکی باوی هێرشبەرانن، کە هەمان هێرشە باوەکانن کە دەکرێنە سەر کۆمپیوتەر و تۆڕە ئاساییەکان. هەندێك لە لاوازییە باوەکان لەلایەن هێرش بەرەوە دەقۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هاتنەژوورەوە بۆناو تۆڕی سکادا بەدەستبهێنێت و پاشان کاری تێکدەرانە و زیانبەخشانە لە تۆڕەکەدا بکات.

١١- هێرشەکـــــان بەبەکارهێنانی تۆڕی زیرەك، ئامێری زیـــرەك و شارە زیرەکەکان: لەم سەردەمەدا، مرۆڤەکان پشت بە ئامێرە زیرەکەکان دەبەستن کەلەگەڵ بەرنامە پێشکەوتووەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەم ئامێرە زیرەکانە لە هەموو بوارەکانی وەك چاودێری تەندروستی، ئۆتۆمبێل، گەیاندن و هی تر، بەکارهێنراون، یەکێك لـــــە بەکارهێنانەکان داخڵبوون و چونەناوەوەیە بە بێ کلیل Key بەبەکارهێنانی بارکـــــۆد ڕیدەر و سکانکردنی کیوئارِ QR Scanning ، هەرچەندە ئەمە ژیان ئاسانتر دەکات، بەڵام ئامێرەکان تووشی هێرشی ئەلکترۆنی جۆرا و جۆر دەبن، تەنانەت دەبێتە هۆی شەڕی ئەلکترۆنی و تیرۆری ئەلکترۆنی.

١٢- هێرشکـــــردنە سەر ئینتەرنێتی شتەکان IoT: لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئینتەرنێتی شتەکان Internet-of-Things هـــــــەموو ئامێرێك کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت دەتوانرێت بە ئینتەرنێتەوە ببەسترێتەوە، کە بەهۆیەوە ئەم ئامێرانە تووشی لاوازی دەبن و هێرش و هەڕەشەی تایبەت ڕووبان تێدەکات.

١٣- هێرشی پڕوپاگەندە Propaganda Attack : بریتییە لە هەوڵدان بۆ جڵەوگیریی مێشك و دڵی ئەو خەڵکەی کە تێیدا دەژین یان شەڕکردن بۆ ئەو وڵاتە ئامانجدارە، دەتوانرێت پڕوپاگەندە بەکاربهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییە شەرمەزارهێنەرەکان یان بۆ بڵاوکردنەوەی درۆ کە دەبێتە هۆی خەڵك باوەڕیان بە وڵاتەکەیان نەمێنێت یان تەنانەت لەگەڵ دوژمن هاوسۆزبن و هاوکارییان بکەن.

١٤- پەکـــــخستنی ئابووری Economic Disruption: زۆربەی سیستەمە ئابوورییە نوێیەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان پشت بە تۆڕەکان و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دەبەستن، هەر بۆیە هێرشکردنە سەر تۆڕە کۆمپیوتەرییەکانی دامەزراوە ئابووریییەکانی

وەك بۆڕسە، سیستەمی پارەدان و بانکەکان، دەبێتە هۆی لەستدانی پارە و دزینی لەلایەن هاککەرەکانەوە.

١٥- دزین یان لەناو بردنی ئامێر و پارچە ڕەقەکان Theft or Destruction of Hardware : ڕێبازیی هێرشی هێزی دڕندە Brute-Force Attacks بۆ شەڕی ئەلکترۆنی، کە بەرجەستەییانە کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکات و کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تێکشاندنی دوژمن. ئەمەش یان بە دزین یان لەناوبردنی ئامێر و پارچە ڕەقەکان بەدی دێت، لە توێژینەوەی دۆخ و ڕووداوەکاندا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەمە چەکێکی بەناوبانگە لە شەڕی ئەلکترۆنی دا، وەك ڕووداو و دۆخی ستۆکسنێت و تۆڕی کارەبای ئۆکرانیا.

١٦- هێرشی کەلتووریی Cultural Attacks : لەم جۆرەی جەنگی ئەلکترۆنیدا، کەلتووری بەئامانج گیراو تێکدەدرێت، بە هۆی ناردنی شتگەلێکی نامۆ بۆ ناوی، یان بڵاووکردنەوەی بابەت و نووسین و ڤیدیۆی کاریگەر لە دژی. هێرشی کەلتووری جێگیر نییە و لەنەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە، لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

١٧- هێرشە کەسییەکان Personal Attacks: لەم جۆرەی هێرشکرندا، زۆرتر دەربارەی هێرشبەرەکە ئاشکرا دەبێت وەك لە قوربانییەکە، ڕەنگە خەڵك بەهۆی نەپارێزراوی خۆی و بێزاری و لایەنگرییەوە هێرشبکەن، لەوانەیە هێرشەکە لە هەڵە تێگەیشتنەوە بێت، یاخود جیاوازی بیر و باوەڕ، یان تەنانەت بۆ دوور خستنەوەی تێبینی لە کەم و کوڕییەکانی خۆیانەوە سەرچاوە بگرێت. ئەم جۆرە هێرشانە دەتوانن ژینگە ژمارەییەکان Digital Environments بێتوانا بکەن یان جڵەوی بگرن. هەروەها گۆڕینی بچووك، گرفت سازاندن، سڕینەوە، جێبەجێکردن، یاری پێکردن یاخود زەوتکردنی ئەو زانیارییانەی کە لەم چوارچێوەیەدا هەڵگیراون.

٥ ـ جەنگی ئەلکترۆنی نوێ

ئەگەرچی جەنگی ئەلکترۆنی جەنگە هاوچەرخەکانی گۆڕیوە و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و ژێرخانی سەرەکی لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە، لەسەرەتادا تەنها و تەنها لەم بوارەدا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی هەبوو (Slonopas, ٢٠٢٤) ، بەڵام هەنووکە گۆڕانکاریی تەواو بەسەر جەنگی ئەلکترۆنیدا هاتووە، بۆتە چەمکێکی ئێجگار فراوان و بڵاو، لە چەندین شێوەی جۆرا و جۆر و جیاوازدا بەردەستە، لەوانە هاککردنی سیستەمی

کۆمپیوتەری دەوڵەتیی، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی زیانبەخش و دەستپێکردنی هێرشی بەرپەرچدانەوەی خزمەتگوزاری، دەکرێت تەواوی شار و شارۆچکەکان لە زانیاری و خزمەتگوزاری و پێویستییەکان دابڕێندرێن، کە بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی بۆ شێوازی ژیان وەك کارەبا، سیستەمی بانکی و ئینتەرنێت، ئەگەر هەڕەشەیەکی ئەلکترۆنی بتوانێت دزەبکاتە ناو سیستەمێکی دروستەوە (Lavreniuk, ٢٠٢٤).

لە ئێستادا، لەپاڵ سیستەمی کۆمپیوتەری حکومەتدا، تۆڕە داراییەکان و ژێرخانی مەدەنیش دەکرێنە ئامانج. ئەمە جگە لە پەکخستنی ژێرخانە گرنگەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، هەروەها تێکدان و زیانگەیاندن بە ژێرخانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی و بازرگانیش بوونەتە بەشێك لە جەنگی ئەلکترۆنی، تەنانەت ئەم جەنگە ئەلکترۆنییە، هێرشکردنە سەر تاکەکان و کەلتوور و ئاین و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشی گرتۆتەوە، بە جۆرێك کە هەوڵی ئاوێتەکردنی کەلتوور بدرێت بە شتگەلێکی نامۆ و ناباو، هەروەها بڵاوکردنەوەی کاری ناڕەفتاری و داوێنپیسی و ئالووەکردنی گەنجان بە ئینتەرنێت و سێکسی ئەلکترۆنی.

٦ـ ئایندەی جەنگی ئەلکترۆنی

هێرشەکانی جەنگی ئەلکترۆنی مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوخۆ و ژێرخانی سەرەکی و سەقامگیری جیهانی دروست دەکەن، لەوانەیە ئەم هێرشانە هەندێ سیستەمی کۆمپیوتەری بکەنە ئامانج کە کاریگەریی دوور مەودایان لەسەر ئابووری و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومی و ژێرخانی مەدەنی هەیە. زیرەکی دەستکرد (زێدە) و فێربوونی ئامێریش ئەگەری هێرشی ئەلکترۆنی ئاڵۆزتر و فراوانتر و گەورەتر دروستدەکەن. ئەم ئامڕازانە ڕێگە بە هێرشبەران دەدەن ئۆپەراسیۆنە چارەنووسسازەکان پەکبخەن و زانیاری هەواڵگری کۆبکەنەوە و بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان بخەنە مەترسییەوە. بەزۆری تۆڕەکانی وزە و بانك و سیستەمی پارەدان بەرەو ڕووی دەستدرێژیکاران دەبنەوە، ئەمەش جەخت لەسەر پێویستی ئاسایشی ئەلکترۆنی دەکاتەوە لە ناو هەموو ڕێکخراوە حکومی و مەدەنییەکاندا. هەرچەندە لە ئێستا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی جەنگی ئەلکترۆنی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە و کەلتووریش دەرکەوتووە، بەڵام لە داهاتوو کاریگەرییەکانی جەنگی ئەلکترۆنی زۆرتر و

فراوانتر دەبن لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە و لایەنی کەلتووریش (Slonopas، ٢٠٢٤).

٧ـ پاراستن لە جەنگی ئەلکترۆنی

پاراستنی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت تا دەگاتە بەکارهێنەری تۆڕەکان، پێویستییەکی هەنوکەیین. چونکە جەنگی ئەلکترۆنی ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، بە گرتنە بەری ڕێکاری خۆپارێزیی ئەگەر بەتەواویش زیانەکانی جەنگی ئەلکترۆنی بنەبڕنەکرێت، ئەوا بەتەواوی کەمدەکرێتەوە، کە پۆلێندەکرێن بۆ پاراستنی تاك لەگەڵ پاراستنی حکومەت و ڕێکخراوەکان. زۆربەی ڕێکارەکانی خۆپارێزیش بۆ هەردوو جۆرەکەی پاراستن پێویستن، بەڵام بە ڕێژە و ئاستی جیاواز، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەیانخەینە ڕوو:

١- پاراستن لە ڕێگەی بەکارهێنانی دژەکانی بەرنامە زیانبەخشەکان Anti Malware و دیواری ئاگرین Firewall بە هەردوو شێوەی بەرنامە Software و ئامێر و پارچە ڕەقەکان Hardware.

٢- پاراستنی منداڵان و هەرزەکاران لە ڕێگەی بەرنامە سەربارکراوە بچوکەکانەوە Plug-In وەك جڵەوگیری باوان Parental Control کە بەهۆیەوە کاتی بەکارهێنان، ڕۆژی بەکارهێنان، جۆر و شێوەی ئەو ماڵپەڕانەی ڕێگەیان پێدەدرێت دیاریدەکرێت.

٣- دروستکردنی سوپایەکی ڕاهێنراوی پێشکەوتووی تایبەت بە بەرگریکردن لە جەنگ و هێرشی ئەلکترۆنی.

٤- دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو ئامێر و بەرنامانەی کە کەلێن و خاڵی لاوازیان زۆرە و بەهۆیانەوە دووچاری هێرش دەبنەوە.

٥- ڕێگریکردن لە هەموو ئەو ماڵپەڕانەی هێرشی ئەلکترۆنی جیاواز دەکەنە سەر کەلتوور، داب و نەریت، ڕەفتار و ئاین، کە بە جەنگی ئەلکترۆنی کەلتوری ناودەبرێن و کۆمەڵگە تێکدەدەن (Mukherjee، ٢٠١٩).

بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەت و حکومەت، خۆپارێزیی لە ئاستی پێشکەوتووتردا پێویستە، وەك (جەیمس میلەر) ی یاریدەدری پێشووی وەزیری بەرگری ئەمریکا پێشنیاری کردووە کە ئەمریکا سێ شتی سەرەکی ئامادە بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕی ئەلکترۆنی، ئەوانیش:

١- لە پێشینەی و وەبەرهێنان لە هێزدا بۆ سیستەمـــــی هێرشی ئەتۆمی بێت. چونکە سیستەمە ئەتۆمییەکان گرنگترینن کە لە

مەودای جەنگی ئەلکترۆنیشدا جێگەیان دەبێتەوە و گرنگ و پڕبایەخیشن.

٢- بەوپەڕی توانا و لێهاتوویییەوە کاربکرێت بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیی گرنگی وڵات بۆ ئەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان و زلهێزە کەمەکانی وەك کۆریای باکور و ئێران توانای ئەوەیان نەبێت لە ڕێگەی جەنگی ئەلکترۆنییەوە وڵاتەکە بخەنە مەترسییەوە.

٣- پەرەپێدان و بەکارهێنانی ڕێبەرێکی تایبەت بە ڕێنمایی و خۆپارێزیی بۆ ڕێنمایی و جڵەوگیریی Control و ئاڕاستەکردن لە وەڵامدانەوەی هێرشی ئەلکترۆنی گەورە و بەهێزدا.

٨ـ سەرچاوەکان

Bardin, J. S. (2025). Computer and Information Security Handbook. .Elsevier

Basholli, F. (2022). Cyber warfare, a new aspect of modern warfare. Alba- .nian University

Chen, T. M. (2010). Stuxnet, the real start of cyber warfare? IEEE Net- .work, 24(6), 2-3

Gazula, M. B. (2017). Cyber Warfare Conflict Analysis and Case Studies. .Boston University

Lavreniuk, A. (2024). CYBER WAR- FARE IN THE MODERN WORLD. Vinnytsia National Technical Univer- .sity

Mukherjee, S. (2019). Cyber warfare and Implications. SSRN. doi:https:// dx.doi.org/10.2139/ssrn.3431676

Nicholson, A., S.Webber, S.Dyer, T.Patel, & H.Janicke. (2012). SCADA security in the light of Cyber-Warfare. Computers & Security, 31(4), 418- .436

Robinson, M., Jones, K., & Janicke, H. (2015). Cyber warfare: Issues and challenges. Computers & Security, 49, .70-94

Shaji, R. S., & Dev, V. S. (2019). A methodological review on attack and defense strategies in cyber warfare.

.Wireless Networks, 25, 3323–3334

Slonopas, D. A. (2024, 4 16). What Is Cyber Warfare? Various Strategies for Preventing It. Retrieved from American Public University: https://www.apu.apus.edu/area-of-study/information-technology/resources/what-is-cyber-warfare

Tabansky, L. (2011). Basic Concepts in Cyber Warfare. Military and Strategic Affairs, 3(1), 75-92.

Woltag, J.-C. (2015). Cyber Warfare. .Oxford Publication

پرۆفایل:

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

- نووسەر و لێکۆڵەر

- بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زانست و تەکنەلۆژیا، بەشی سۆفتوێر.

- ماستەر لە زیرەکی دەستکرد و مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، بەشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

- لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم کتێبی بەناوی ڕێبەری سایتە کوردییەکان چاپکردووە، ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم فەرهەنگی کۆمپیوتەری نوسیووە، پاشان فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات، فەرهەنگی ئای تی، و تا ئێستا ٥٠ کتێبی بواری پسپۆڕی لەگەڵ ١٠ تۆژینەوەی زانستی نوسیووە.

- پانزە کتێبی بواری ناپسۆڕی بە هاوبەشی چاپ کردووە کە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەستخەت و بەڵگەنامەن، لەگەڵ ٢٥ تۆژینەوەی ناپسپۆڕیی.

عومەر مەلا کەریم بەرزنجی

- نووسەر و لێکۆڵەر.

- بەکالۆریۆس لە کارگێڕیی ئەلکترۆنی.

- لە ساڵی ١٩٩٦ز یەوە وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و چیرۆك و شێعر و وتاری زانستی کارگێڕی بڵاو دەکاتەوە، ٤ کتێبی چاپکراوی هەیە لەگەڵ ١٠ کتێب و ٢٥ تۆژینەوەی هاوبەشی ناپسپۆڕیی هەیە.



زیرەکی دەستکرد و هەنگاوەکانی داهاتووی

دەستەواژەی «زیرەکیی دەستکرد» لەمڕۆدا زۆر بەکاردێت، بەشێوەیەک زۆر کەس هەن دەترسن لەوەی رۆژێک بێت و ئامێر و رۆبوتە زیرەکەکان کۆنترۆڵی مرۆڤایەتی بکەن و بەسەرماندا زاڵ بن، راستە هێشتا ئەو ڕاستییە دوورە، بەڵام ئایا زیرەکیی دەستکرد چییە؟ لەڕووی گەشەسەندنەوە بە کوێ گەیشتووە؟

زیرەکیی دەستکرد ئەو زیرەکییەیە کە ئامێر و بەرنامەکانی کۆمپیوتەر پیشانی دەدات، بەجۆرێکە هاوشێوەی توانا هزرییەکانی مرۆڤە، وەکو توانای فێربوون و گەیشتنە ئەنجام و کاردانەوە دەربارەی ئەو دۆخانەی لە ئامێرەکەدا بە بەرنامە نەکراوە، هەروەها زیرەکیی دەستکرد بە واتای ئەو کەرتە ئەکادیمییە دێت کاردەکات لە دروستکردنی کۆمپیوتەر و ئەو بەرنامانەی توانای ئەوەیان هەیە ڕەفتاری زیرەکانە بنوێنن، جۆن مەکارسی کە ساڵی ١٩٥٥ ئەم دەستەواژەیەی داناوە دەڵێت: زیرەکیی دەستکرد بریتییە لە زانست و ئەندازیاریی دروستکردنی ئامێری زیرەک.

لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی گەورە لەو بوارەدا رووبداوە و تەکنیکی «فێربوونی قوواڵ» دیارترین سیمایەتی، کاری بریتییە لە پەرەپێدانی تۆڕی زنجیرەیی دەستکرد کە شێوەی کارکردنی وەکو مێشکی مرۆڤ وایە، واتا توانای ئەوەی هەیە ئەزموون و تاقیکردنەوە و فێربوون و پەرەپێدانی خودی خۆی بکات بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ.

تەکنیکی «فێربوونی قوواڵ» سەلماندی توانای ئەوەی هەیە وێنەکان بناسێتەوە و لە رستەکان تێبگات و وەریانگێڕێت بۆ زمانی دیکە، لەگەڵ چەندان توانای تر کە کۆمپانیا ئەمریکییەکانی هاندا بە تایبەتی فەیسبووک و گۆگڵ تاوەکو وەبەرهێنانی تێدا بکەن و لێکۆڵینەوەکانیان لەو بوارەدا چڕبکەنەوە بەبێ گوێدانە ئەو هۆشدارییانەی دەدرێت لەبارەی ئەوەی رەنگە گەشەسەندنی زیرەکیی دەستکرد هەڕەشە بێت بۆ مرۆڤایەتی.

نووسینی:
هەژار ابراهیم جەوانهیڕی

فێربوونی ئامێر یەکێکە لە ژێرکۆمەڵەکانی AI کە ڕێگە بە سیستەمەکان دەدات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فێربن و باشتر بن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ئەنجامدانی بەرنامەسازییەکی تایبەت هەبێت بۆ ئەو فێربوونە تایبەتە. گرنگی سەرەکی فێربوونی ئامێرەکان بریتییە لە پەرەپێدانی بەرنامەکان کە بتوانن دەستیان بە داتاکان بگات و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەکاریبهێنن بۆ فێربوونی سیستەمەکە خۆی.

لە فێربوونی ئامێردا پرۆسەی فێربوون بە تێبینی یان داتا دەست پێدەکات و سیستەمەکە نموونە، ئەزموونی ڕاستەوخۆ، یان ڕێچکە و هتد بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە نەخشێکی دیاریکراو و لەسەر بنەمای ئەو نەخشە دەست دەکات بە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان. ئامانجی سەرەکی فێربوونی ئامێر ئەوەیە کە ڕێگە بە کۆمپیوتەر بدات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فێربێت بەبێ دەستێوەردان و یارمەتی مرۆڤ، هەروەها ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی بە پشتبەستن بە چاودێری و داتاکان.

بۆ فێربوونی ئامێر چەندین ئەلگۆریتم و ئەلگۆریتمی جیاواز هەیە و ڕۆژانە سەدان ئەلگۆریتمی نوێ لەم بوارەدا بەرهەم دەهێنرێت. بەگشتی ئەم ئەلگۆریتمانە بەپێی شێوازی فێربوون (وەک فێربوونی سەرپەرشتیکراو، فێربوونی بێ چاودێری، فێربوونی نیمچە چاودێری) یان بەپێی لێکچوونیان لە فۆرم و ئەرکدا (وەک پۆلێنکردن، پاشەکشە، دانی بڕیار، کۆکردنەوە)، (فێربوونی قوولّ و...) گرووپ کراون.

لە ڕاستیدا بەدەر لەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی زیرەکی دەستکرد بەدەستی هێناوە و باس دەکرێت، لە هەمان کاتدا گەلێک بۆچوونیش هەیە دەربارەی مەترسییەکانی ئەم داهێنانە زانستییە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ دا زانای فیزیای کۆچکردوو (ستیڤن هۆکینگ) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر زیرەکیی دەستکرد گەشەی تەواوەتی بکات رەنگە ڕێخۆشکەر بێت بۆ لەناوچوونی مرۆڤایەتی و هۆشداری دا بەوەی ئامێرەکان توانای ئەوەیان دەبێت خۆیان دیزاینی

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ دا زانای فیزیای کۆچکردوو (ستیڤن هۆکینگ) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر زیرەکیی دەستکرد گەشەی تەواوەتی بکات رەنگە رێخۆشکەر بێت بۆ لەناوچوونی مرۆڤایەتی و هۆشداری دا بەوەی ئامێرەکان توانای ئەوەیان دەبێت خۆیان دیزاینی خۆیان بکەنەوە، بە واتایەکی تر ئامێرەکان توانای گۆڕانکاری و خۆگونجاندنیان دەبێت لەگەڵ ئەو دۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

خۆیان بکەنەوە، بە واتایەکی تر ئامێرەکان توانای گۆڕانکاری و خۆگونجاندنیان دەبێت لەگەڵ ئەو دۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

هـــــەروەها (بیل گەیتس) دامەزرێنەر و سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ساڵی ٢٠١٥ باسی لەوەکرد پێی باشە رۆبۆتەکان تا ئاستێکی سنووردار لە زیرەکی ڕەها بمێننەوە و وتی «من لەو گروپەم هەستی دڵەڕاوکێم هەیە لەبارەی زیرەکیی لەڕادەبەدەرەوە».

لەبەرامبەردا هەندێ لە پسپۆران رایان وایە تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرد هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر مرۆڤایەتی دروست ناکەن، لەوانە (یوشوا بینگیو) مامۆستا لە زانستی کۆمپیوتەردا لە زانکۆی مۆنتریالی کەنەدا بۆچوونێکی جوانی سەبارەت بەم زانستە دەربڕیوە و رای وایە پێویست ناکات لەو تەکنیکە زیرەکانە بترسین، چونکە سااڵنێکی زۆریان دەوێت پەرەبستێنن و زۆر بە هێواشی گەشە دەکەن پێشئەوەی بگەنە ئەو ئاستەی مەترسی دروست بکەن، لەبەرئەوەی گەشەکردنیان پشت بەو زانست و بیردۆزانە دەبەستێت کە هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتادان. هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو گەشەیەی باسی لێوەدەکرێت لەپڕ رووندات و هێشتا پێویستیان بە داهێنانی زانستیی نوێ هەیە و لەپڕ یەکێک لە زاناکان نایەن تەکنیکێکی نوێ رابگەیەنن و وەکو فیلمەکانی خەیاڵی زانستی لە شەو و رۆژێکدا جیهان بگۆڕن.

ئەمڕۆ ڕەنگە زیرەکی دەستکرد بەو شێوەیەی کە ئێمە خەیاڵمان پێدەچێت بوونی نەبێت. بەڵام هێشتا، زۆرێک لەو کارانەی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەین، وەک گەڕان لە ئینتەرنێت یان گەڕان بە لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هتد، هەموویان کاریگەری زیرەکی دەستکردیان لەسەرە و، لە ڕاستیدا لە ئەم حاڵەتانە ئێمە بەکاری دەهێنین. ئەم بەکارهێنانە ئەوەندە نامەحسوسە و ئێمە لەسەری ڕاهاتووین کە لەو ساتەدا هەست ناکەین کە ژیری دەستکرد بەکاردەهێنین. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە نازانین زیرەکی دەستکرد بەڕاستی چییە و چی دەکات. بەو پێیەی داهاتوو زیرەکی دەستکرد دەبێت، لەبری ئەوەی خەمی زیرەکی دەستکرد بخۆین، باشترە فێربین چیهان پێدەکرێت و زانیاریمان لەو بوارەدا زیاد بکات.

هەنگاوەکانی داهاتووی زیرەکیی دەستکرد

لەلایەکی دیکەوە تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرد بەشێوەیەکی خێرا پەرەدەستێنن و ساڵ بەساڵ ئاڵۆزتر دەبن، لەوبارەیەوە (جیۆفری هینتۆن) لێکۆڵەر لەبواری زیرەکیی دەستکرد لە کۆمپانیای گۆگڵ و زانکۆی تۆرنتۆ باس لەوە دەکات لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا زیرەکیی ئامێرەکان هاوشانی زیرەکیی مرۆڤ دەبێت. شایەنی باسە ئەم لێکۆڵەرە لەپشت پەرەپێدانی بەرنامەی گۆگڵی زیرەکی ناسراو بە «ئەلفانگۆ» وە بوو کە توانی لە پاڵەوانی یاری «گۆ» بەرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رای وایە نابێت لە زیرەکیی دەستکرد بترسین، چونکە هەر تەکنیکێکی نوێ جێی مەترسی دەبێت ئەگەر بەخراپی بەکاربهێنرێت و مەسەلەکە پەیوەستە بەشێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ تەکنەلۆجیادا بەشێوەیەک بۆ مرۆڤ زیانبەخش نەبێت، هاوکات مارک زوکەربێرگ دامەزرێنەر و سەرۆکی فەیسبووک رای وایە ئەو ئامێرانەی زیرەکیی دەستکردیان هەیە رۆژێک لە رۆژان هەستە مرۆییەکانیان دەبێت وەکو بینین و هەستکردن تەنانەت لە مرۆڤیش زیاتر.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە زیرەکی دەستکرد زانستێکی تەواو سەردەمیانەیە و ئاستی گەشەسەندنی زۆر لەوە خێراترە کە لە پێشووتردا پێشبینی کراوە، گرنگە تەواوی شارستانیەتەکان خۆیان لەگەڵ ئەم زانستەدا بگونجێنن و بتوانن سوود لە لایەنە باش و بەسوودەکانی وەربگرن و بەکاری بهێنن.

لیستی سەرچاوەکان:

۱- What is AI? - Artificial Intelligence Explained - AWS

۲- AI (Artificial Intelligence) | Definition, History, Types, Applications & Facts

۳- Artificial Intelligence & Machine Learning - Microsoft Azure

پرۆفایل..

هەژار ابراهیم رحمن

- دەرچووی بەشی زانستی کۆمپیوتەر/ زانکۆی سلێمانی.

- مامۆستا لە پەیمانگای ڕاپەڕین بۆ زانستەکانی کۆمپیتەر و کارگێڕی کار و ژمێریاری.

پێوەری کارداشیف بۆ پۆلێنکردنی ژیارەکان
Kardashev scale

بۆ ئەوگریمانە و تیۆریانەی بناغەی زیرەکی دەستکرد و پێشکەوتنی ئەلکترۆنین بەنموونە

هەموومان پێش داهێنانی مۆبایل و ئایباد و ئەنتەرنێت و پەیوەندی ئۆنلاین، نموونەی ئەم ئامێرانەمان لە زنجیرە کارتۆنەکان و زۆر دراما و سینەمای تر بینیوە، کەواتە مرۆڤ خەیاڵ دەکا دواتر خەیاڵەکانی دەکاتە سیناریۆ و پاشان هەوڵ دەدات ئەو سیناریۆیە بکاتە واقع وداییێنێت.

لەدوای ئەوەی مرۆڤ بەئەزموون بۆی یەکلابۆوە کە ڕادەی تێگەیشتن و زانستی ئەو گۆڕانکاری لە گوزەرانیدا بەرپا دەکات، تێڕوانینی بۆ زۆرێک لە ڕەهەند و بوارەکان گۆڕا، هەموو زەوی لەقۆناغی ڕاوشکاردا بەشی چەند هەزار مرۆڤێکی دەکرد، کەچی هەرئەو زەویە لەقۆناغی ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا جێگای گوزەرانی دەیان ملیۆن مرۆڤ بوو، چونکە مرۆڤ توانای وەبەرهێنانی زیاتری وزەی کەرەستە ئۆرگانی و نائۆرگانیەکانی هەبوو.

کاتێ بواری کانزاکاری و بیناکاری و پیشەسازی پێشکەوت مرۆڤیش توانی زیاتر پەرە بە پاراستنی خۆشگوزەرانی و تەندروستی وئاسایش و مانەوەی خۆی بدا و ژمارەکە ڕۆژ بەڕۆژ لەهەڵکشاندا بوو.

کەواتە تا مرۆڤ توانای بەرهەمهێنان و ژێربارخستنـــــی وزەی زیاتر هەبێ ژمارەی زیاتر دەبێ و قوڵاییەکان و ڕەهەندەکان باشترەدۆزێتەوە، کە مرۆڤ بەکەشتی کیشوەرەکانی دۆزییەوە بە هێزی هەڵم ژێرزەریا و دەریاکان گەڕا، دواتر بە ئاسماندا لەگەڵ باڵندەکان فڕی و چووە ناو بۆشاییەوە. ئێستا هەر توانای ژێربارخستنی زیاتری وزەیە کە توانای ئەوە بەمرۆڤ دەدا دەتوانێ هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە چەند تاوەر وئاپارتمانێکی هەوربڕ جێبکاتەوە و شوێنی ئەو هەموو شار و شارۆچکە بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

هەرئەم بیرکردنەوەیە زانایەکی سۆڤیەتی پاڵدا بـــــــۆ داهێنانی پێوەری کارداشیف بۆ پۆلێنکردنی ژیارەکان. ئەم پێوەرە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هەر ژیارێک گرێ دەدا

نووسینی:
محمد عزیز لۆتەری

بە بڕی ئەو وزەیەی کەئەو ژیارە دەتوانێ وەبەری بێنێت. لە گەرمەی ململانێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەورۆپا و ئەمریکای سەرمەیەداری لەبواری چەکسازی و پێشبڕکێیان بوو.

لە ساڵی ١٩٦٤ زانای بواری فیزیایی و فەلەکناسێکی سۆڤێتی(نیکۆلای کارداشیف١٩٣٢-٢٠١٩) ناوبراو زانکۆی لە مۆسکۆ لەساڵی ١٩٥٥ز تەواوکردووە و لەساڵی ١٩٦٢ لە بواری بیرکاری فەلەکی دکتۆرای هێناوە، بە پێی پسپۆڕیەکەی و ململانێی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لە دەستگرتن بەسەر بۆشاییدا لەساڵی ١٩٦٣ز وەک یەکەم هەوڵی سۆڤیەتیەکان بۆ گەڕان لە زیرەکی دەرەوەی زەوی لێکۆڵینەوە لە نیمچە ئەستێرەی سي تي إيه ١٠٢»، پێ سپێردرا کە هەرچەندە بەنۆ ملیارساڵی تیشکی تیشکەکەی دەگاتە ئێمە و قەبارەکەشی لە مەجەرەکانی تر بچووکترە، بەڵام ئەو کونەرەشەی لەناو ئەو مەجەرەدایە هەشت سەد ملیۆن جار لە خۆرگەورەترە، تیشکەکەی دەجار لە تیشکی هەموو خۆرەکانی مەجەرەی کاکێشان بەهێزتر و درەوشاوەترە.

بەهۆی ئەم پێزانینە کارداشیان گەیشتە ئەوەی کە پێدەچێ ژیارەکانی مەجەرەکانی تر بەملیاران ساڵ لە پێش ژیاری مەجەرەی ئێمەوە بن و گەیشتە بیرۆکەی ژیاری مەجەرەکان، بۆیە لەساڵی ١٩٦٤ز سێ ئاستی پێوانەیی بۆ ژیارەکان دیاری کرد. بە پێی بەکارهێنانی وزە و قەبارە و ڕووبەری توانای ڕەخساو. لە

ئاستی یەکەمدا

دەبێ ژیاری مرۆڤایەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە کۆنترۆڵی تەواوی دیاردە سروشتییەکانی زەوی لە وشکانی و دەریا و بەرگە هەوادا بکا، هەرکاتێ ویستی هەر دیاردەیەک لەم دیاردانە دروست و کەم و زیاد بکات وەک چۆن مرۆڤی ئێستا دەتوانێ دەنگی تەلەفیزۆنەکەی زیاد و کەم بکات.

(میشۆ کاکۆ) دەڵێ: پێویستمان بە سەد ساڵی تر هەیە تا تەکنەلۆژیاکەمان بگەیەنینە ئاستی یەک، وە ئاست و ڕادەی پێشکەوتنی

سەد ساڵی داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئایا شایانی مانەوە و بەرەوپێش چوون بەرەوئاستی یەک و ئاستەکانی تر دەبین؟ چونکە مانەوەمان لەسفر واتە مردن و کۆتایی هاتنە بە ژیاری مرۆڤایەتی و زەوی.

زانایان دەڵێن هـــــەتا ژیار زیاتر پێش بکەوێ، ئاستی پێویستیەکانی بۆ وزەش بەرەو هەڵکشان دەڕوا، چونکە بەردەوام دانیشتوان زیاد دەکەن و چالاکیەکانیان و داهێنانەکانیان ڕوو لەهەڵکشانن، کەواتە ئەم فراوانیە دەبێتە هۆی هەڵکشانی پێداویستی وزە، بەم پێوەرە بێ ڕۆژێک دەبێ ئاستی پێداویستی مرۆڤایەتی بڕی بەئاستی وزەی هەسارەیی کە ١٦٨١٠

کەواتە تا مرۆڤ توانای بەرهەمهێنان و ژێربارخستنی وزەی زیاتر هەبێ ژمارەی زیاتر دەبێ و قوڵاییەکان و ڕەهەندەکان باشترەدۆزێتەوە، کە مرۆڤ بەکەشتی کیشوەرەکانی دۆزییەوە بە هێزی هەڵم ژێرزەریا و دەریاکان گەڕا، دواتر بە ئاسماندا لەگەڵ باڵندەکان فڕی و چووە ناو بۆشاییەوە. ئێستا هەر توانای ژێربارخستنی زیاتری وزەیە کە توانای ئەوە بەمرۆڤ دەدا دەتوانێ هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە چەند تاوەر وئاپارتمانێکی هەوربڕ جێبکاتەوە و شوێنی ئەو هەموو شار و شارۆچکە بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

واتە وە کە مرۆڤایەتی هیچ نسکۆ و کارەساتی تووش نەبن و هەر لەهەڵچوون دابێت لەداهێنان و زۆربوون، ڕۆژێک دەبێ وزەی زەوی هەسارەیی بەشی نابێ و پێویستی بە ئاستی دووەمی وزەی خۆری ٢٦٨١٠ واط بێ. هەر بەو شێوەیە پێویستی بە ئاستی وزەی سێیەمی مەجەرەیی ٣٦٨١٠ واط ببێ.

بەپێی ئەم پێوەرە بێ کە دوای تەواوبوونی نەوت وغاز کەتوانیمان ڕێژەی وزەی هەسارەیی لە وزەی پاک دابین بکەین ئەوە گەیشتووینە قۆناغی یەکەم کە ژیارەکە بگاتە ئاستێک کە بتوانرێ هەموو ئەو وزەیەی لە خۆری ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیە دەگاتە هەسارەکەیان ئەو ژیارە بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. کە دەکاتە چوار جار زیاتر لەکۆی ئەو بڕە وزەیەی کە ئێستا لەسەر زەوی بەکاردێ، واتا چۆن ئێستا دەتوانین نەوت دەربهێنین ئەوا بەهەمان شێوە بتوانین کۆنترۆلی هەموو دیاردەکانی سروشت لە وشکانی و دەریا و زەریاکان و، بەرگەهەوادا بکەین، بوومەلەرزە، ناخ و کرۆکی زەوی، کەش و هەوا، بواری کێشکردنی زەوی.... هەموو دیاردەکانی تری هەسارەکەمان کۆنترۆڵ بکەین، ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێ کە بڕی بەرهەمهێنانی ئێستامان ١٠٠,٠٠٠ جار لەو بڕەی ئێستا زیاتر بکەین تا بگەین بە ئاستی یەکەم.

ئاستی دووەم

ژیاری وەبەرهێنەری وزەی کۆمەڵەی خۆری بەئاستی وزەی خۆری ٢٦٨١٠ واط: واتە دە ملیاران جار زیاتر لە بڕی وزەی ئاستی یەکەم. تەکنەلۆژیا بگاتە ئاستێک، کە بتوانرێ بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆر و کۆمەڵەی خۆر بکرێ و دەست بەسەر تەواوی وزەکەی دا بگیرێ، وە بتوانرێ گۆڕانکاری لە ناخ و ڕووەکەی و جوولّەکەیی و وزەکەی و هەموو شتێکی وابەستە بەخۆر بکرێ. ژیارەکە لەو ئاستە زۆر بەئاسانی ڕادەی بڕی وزەی هێندەی خۆرەکەیان بەسەرکەوتوویی ئاڕاستە دەکەن و بەڕێوەدەبەن و بەرهەمدێنن و خەرجیشی دەکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەک ببنەوە. وە لەهەر کاتێک ئەم ژیارە بیەوێ لە پانتایی نێوکۆمەڵەی خۆر و هەسارەکانی و مانگەکانی و کلکدارەکانی و خولگەکانی گەشت بەهاوڵاتیانی بکات وەک چۆن دەوڵەتەکانی ئاستی سفر دەتوانن هاتوو چۆی هاوڵاتیانیان لەناو شارەکانی وڵاتەکانیان دابین بکەن. لەم ئاستەدا دەتوانرێ گریانەی بەرگەهەوای دایسۆن پێک بهێنرێ.

ئەم بەرگەی دایسۆنە وەک بەرگەهەوایەک کۆمەڵە ئەستێرەکە هەموو لەباوەش دەگرێ وناهێڵێ هیچ مەوج و شەپۆلێکی تری ڕادیۆیی و ڕاداری ژیارێکی تر پەی بەو گەلەستێرە بەرێ و لەبەرچاوی هەمووانی بزر دەکات، ئەم گریانەیە واتە گواستنەوە و کۆپی کردنی وزە و توانای ئەستێرەیەک بۆ ئەستێرەیەکی تر تاکو بتوانرێ لەداهاتوودا بەکاربهێنرێ، وە ڕێژەی وزەی، ٤*١٠٣٣ أرغ/چرکە بەکاربهێنرێ. واتە زاڵبوون بەسەرخۆر و کۆمەڵەی خۆر واتای ئەوە نییە کە بتوانرێ ئەو وزەیەی خۆرەکەی کۆمەڵە ئەستێرەکە بەرهەمی دێنێ ئاڕاستە بکرێ، بەڵکو بتوانرێ وزەی نوێ بووەوەی لێ بەرهەم بهێنرێت.

بەرگەهەوای دایسون کەزانایان دەیانەوێ دروستی بکەن، بەنموونە هەرچواردەورەی خۆر بکەنە لەوحەی تیشک خەزنکەر و ئاڕاستەکەر، لەم حاڵەتە بیریان لەوە کردۆتەوە کە هەسارەی عەتارد لەت لەت بکەن و بیکەنە ترلیۆنان لەوحە و تابلۆ لەدەوری خۆر، چونکە ئەو کەرەستە خاوەی کەبەشی ئەو لەوحانە دەکات لەوەیە ئەستێرەی عەتاردیش بەشی نەکا، وەبۆ لەت و پەت کردن و بنیاتی بەرگی دایسون دەبێ تیشکی خۆر بەکاربهێنرێت.

ئەم هەنگاوە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی نیشتەجێی یەک هەسارە دەکاتە بوونەوەرێکی گەڕۆک و نیشتەجێی ناو ملیۆنان هەسارە. وە دروستکردنی کورەی بەرهەمهێنی وزەی لە سەر.(Orbiting reactor) زەبەلاح خولگەکان دابنرێت.

لەوەیە جۆری دووەمی ژیار هەموو شوێنەواریێکی جۆری یەکەمی ژیار بسڕێتەوە و نەیهێڵێ، مرۆڤی ئەوکاتە زۆر بەئاسانی دەتوانن بارستەی کلکداریێکی هێندەی مانگ زۆر بەئاسانی بکەنە هەڵم و بیتوێننەوە. بەڵکو لە توانای ئەو ژیارەدا دەبێ کە هەسارەی زەوی زۆر بەئاسانی لە خولگەیەکەوە بۆ خولگەیەکی تر هەروەک گواستنەوەی ئەلکترۆنەکان باز پێ بدەن، وە بازدانی ئەلکترۆنەکانی فیزیای کوانتەم لە خولگەی گەردیلەکانەوە بگوازنەوە بۆ خولگەی هەسارە و کۆمەڵە خۆرەکان، ئەگەر هەر مەترسییەک ڕووبەڕووی زەوی بێتەوە.

خۆ کە نەمانویست خولگەکەی زەوی بگۆڕین، ئەوە هەڵبژاردەی ترمان دەبێت، چونکە ئەو کاتە مرۆڤایەتی دەتوانێ هەسارەی موشتەری لەخولگەکەی لابدەن بۆ خولگەیەکی تر کە مەترسی لەسەر زەوی لابدات؛ کەواتە لەو کاتەدا کەبەسەرهەسارەکاندا و خۆرەکەدا زاڵ بووین، ئەگەری لەناوچوون و بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی و ژیارەکەی زۆر دووەرە. بگرە مرۆڤ دەتوانێ بەدروستکردنی ئەندامی یەدەگ و گۆڕینی جین و چاندنی ئەندامی زیرەک دەتوانێ هەموو کۆئەندامەکانی خۆی بگۆڕێ و ببێتە نیمچە ڕۆبۆتێک و نیوەی مرۆڤ و نیوەی ڕۆبۆت بێت؛ مارشاند دەڵێ ژیارەکە لەم ئاستە دەتوانێ ئەو تیشکەی لەخۆرەکەوە دەردەچێ ئاڕاستە بکات و بەکار بێنێت، وە ڕێژەی ناوەندی بەکارهێنانی وزە هاوتا دەبێ لەگەڵ بڕی ئەو تیشکەی خۆرەکە هەیەتی کە یەکسانە بە ١٠٣٣*٤ أرغ/چرکە (١٠٢٦*٤ واط).

سەیر لەوەدایە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەناوی زانستی بوون جڵەوی بۆ خەیاڵ و ئەندێشە خۆ بە تاکە خوازانیەکانی شلکردووە، لەلایەک بەناوی زانستی بوون نکوڵی لەبوونی بەدیهێنەرێکی زانا بۆئەم بوونەوەرە دەکات، وە نکوڵی لە بوونی فریشتە و جن و ڕۆح بەگشتی دەکات، کەچی زۆر بە گەرمی لە بوونەوەر و ژیاری زیرەکی تر دەگەڕێ، باشە باپیرانیشمان هەرلەوە گەڕاون و ئەوان پەیوەندییەکی ڕۆحانییان بە بەدیهێنەر و فریشتەکانیەوە کرد، ئێستا ئێمە بۆ نکوڵی لەو ڕاستیانە بکەین و

ئەم گەردوونە بەخێراییەکی زۆر خێراتر لەتیشک لەکشاندایە و لە ١٣ملیار ساڵی کات ٩٣ملیار ساڵی تیشکی پانتایی داگیرکرد. دەبێ مرۆڤ لەگەردوونیش خێراتر گەشت بکات، ئەوەش بەم لاشەیە ناکرێ و دەبێ ببێتە ڕۆح و ڕۆشنتر لە وزەش تابتوانێ ئەم ئاستانە تێ دەپەڕێنێ.

ئەم بەرگەی دایسۆنە وەک بەرگەهەوایەک کۆمەڵە ئەستێرەکە هەموو لەباوەش دەگرێ وناهێڵێ هیچ مەوج و شەپۆلێکی تری ڕادیۆیی و ڕاداری ژیارێکی تر پەی بەو گەلەستێرە بەرێ و لەبەرچاوی هەمووانی بزر دەکات

بچین بەدوای خەیاڵی خۆمان بکەوین؟ ئەگەر سروشت و بوونەوەر پڕنییە لە لێهاتوویی و زانایی بۆ چی مرۆڤ دەیەوێ لەناو بۆتە و کارلێک و کانەکان دیاردەکانی دووبارە بکاتەوە؟ مرۆڤ دەیەوێ بەدانانی کۆمەڵێک لەوح لەدەوری خۆر هەموو وزەی خۆر بمژێ، بەدانانی چەند ئاوێنە لەدەوری زەوی زەوی بکاتە چراخان. خۆری دەسکرد و ڕووداوی بیگبن لەتاقیگەکانی دووبارە بکاتەوە، ئەنتی ماددە بەرهەم بێنێ و بەکاتدا گەشت بکات.

ئەی ئـــــەم ترلیۆنەها هەسارە و خۆر و مانگانەش بۆ نابێ تۆڕێک بن لەو لەوحانەی کە وزە و و ڕۆحانییەت و پەیامی ئەو خالقە کۆکەنەوە و بۆ پایتەختی ڕۆحانیەتی مەلەکوتی بنێرن؟ بۆ دەبێ ئێمە چاومان هەر داهێنانەکانی ئەم مرۆڤە دەستەوستانە ببینێ و ئەو هەموو داهێنانەی خالـــق و بەدیهێنەری بوونەوەر نەبینێت؟

ئێســـــتا زانایان گـــــەیشتوونەتە ئەو گریمانەیە کە بۆشایی پێـــش بیگ بن پێکهاتبوو لە کێڵگەکانی چەندێتی کەچەندین کێڵگەی جۆربەجۆرن، ئەگەر دوو موگناتیسی پێچەوانەی زەبەلاح لەبەرامبەریەک دانێی ئەو بۆشاییەی لەنێوان ئەو دوو موگناتیسەدایە و تائێستا زانایان وایان زانیوە عەدەمە دەردەکەوێ ئەو بۆشاییە پڕە لە وزە و ماددەی زۆر بچووک. کەواتە کێشەی زانست ئەوەیە کە تائێستا هەرلە عەدەم دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، ئەوەی سەدان و هەزاران ساڵ ئەوان پێیان وایە ئەوە عەدەمە دوایی بۆیان ئاشکرا دەبێ کەئەوان بەهەڵەدا چووبوون و ئەوەش عەدەم نییە و تائێستا عەدەمیان نەدۆزیوەتەوە، هەر دەیانەوێ عەدەم بدۆزنەوە و ئەوەش بدۆزنەوە چۆن وزە و ماددە و کات و شوێن لە وعەدەمە دروست دەبێ و بەئەزموون بۆیان ساغ بێتەوە، پێیان وایە کە ئەوەیان ساغ کردەوە ئەوە بوونی بەدیهێنەر و خالقێکیان بۆ ئەم بوونەوەرە بۆهەتاهەتایە لەسێدارە داوە، بەڵام فەقیرانە هێشتا عەدەمیان نەدۆزیوەتەوە.

لە پێزانینێکی تر لە سەر کات و شوێن فیزیاییەکان تائێستا لایان یەکەی بلانک لە کاتدا کە یەک بەشە لە ٤٣بەشی چرکەیەک بچوکترین یەکەی کاتە، وە لەو ماوەیەی یەکەی بلانکە فۆتۆنێک چەند دەبڕێ ئەوەش

بچووکترین یەکەی پێوانەی مەسافە و شوێنە، پێیان وایە کە جیهان لە یەکەیەکی بلانک لەکات و شوێنەوە لە بیگ بن دەستی پێکردووە و فراوان بووە، لەماوەی ١٣ملیارساڵ و نیوی کات دا شوێن و گەردوون ٩٣ملیار ساڵی تیشکی کشاوە، بۆیە دەڵێن گەردوون لەتیشک زیاتر فراوان دەبێ و شوێن هەشت جار لە کات خێراتر فراوان بووە؛ بەڵام دواجار باسی ئەوە دەکەن کەدووبارە دوای تەواوبوون و یەکسان بوونی گەرمی هەموو تەن و پانتاییەکان دووبارە کەون دەست بە وێکهاتنەوە و ئینکماش دەکا و تا لە چەند ملیارساڵێک دەگاتەوە یەکەی بلانک لە بچووکی لەشوێن و کات، بۆیە ئێستا زۆر لەزانایان دەڵێن گەردوون خولی و دەوریيە و کەس نازانێ چەند جار هێندەی یەکەی بلانک بچووک بۆتەوە و دووبارە کشاوە و زەبەلاح بۆتەوە.

ئاستی سێیەم: ژیاری وەبەرهێنەری وزەی گەلەئەستێرەیی بەئاستی وزەی مەجەڕەیی ٣٦٨١٠ واط: تەکنەلۆژیا بگاتە ئاستێک، کە بتوانرێ بەتەواوی کۆنترۆڵی مەجەڕەی ڕێگای کاکێشان بکرێ و دەست بەسەر تەواوی وزەکەی دا بگیرێ، وە بتوانرێ گۆڕانکاری لە ناخ و ڕووەکەی و جووڵەکەی و وزەکەی و هەموو شتێکی وابەستە بەو مەجەڕە بکرێت. واتە ژیارەکە لەو ئاستە زۆر بەئاسانی ڕادەی بڕی وزەی هێندەی مەجەڕەکەیان بەسەرکەوتوویی ئاڕاستە دەکەن و بەڕێوە دەبەن و بەرهەم دێنن و خەرجیشی دەکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەک ببنەوە. وە لە هەرکاتێک ئەم ژیارە بیەوێ لە پانتایی نێو کۆمەڵە خۆرەکانی نێو مەجەڕەکە و هەسارەکانی و مانگەکانی و کلکدارەکانی و خولگەکانی گەشت بەهاوڵاتیانی بکات وەک چۆن دەوڵەتەکانی ئاستی سفر دەتوانن هاتوو چۆی هاوڵاتیانیان لەناو شارەکانی وڵاتەکانیان دابین بکەن.

مارشاند دەڵێ ژیارەکە لەم ئاستە دەتوانێ ئەو تیشکـــــەی لەمەجەڕەکەیەوە دەردەچێ ئاڕاستە بکا و بەکار بێنێ، وە ڕێژەی ناوەندی بەکارهێنانی وزە هاوتا دەبێ لەگەڵ بڕی ئەو تیشکەی مەجەڕەکە هەیەتی کە یەکسانە بە٤٤*١٠٤٤ أرغ/چرکە. لەم ئاستەدا دانیشوان بە پانتایی مەجەڕەکەدا سەفەر دەکەن کە پانتایی سەد هەزار ساڵی تیشکییە و هەر ساڵێکی تیشکی نۆ ترلیۆن و نیو کیلۆمەترە. کەواتە گەردوون زۆر خێراتر لەتیشک لەکشاندایە. لەوەیە مرۆڤەکانی ئەوسا تەنیا ناویان مرۆڤ بێ، بەڵام هەموو شتێکیان لە مرۆڤی ئێستا جیاواز بێ، ڕووخسار و لاشە و کۆئەندام و

شێوەی ژیان و گوزەرانیان بەتەواوی بگۆڕێ. لەوەیە ئەوکاتە دەواجنی خۆبەرهەمهێنی ڕۆبۆت و کۆرپەلە بەڕۆبۆت بووە بلیمەتەکان لەسەر ملیۆنان هەسارە لەناو ملیۆنان کۆمەڵەی خۆر دابنێین کە هەرخۆیان خەریکی نوێبوونەوە و بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوەی مەجەرەکە بن و هەموو کۆمەڵە خۆرەکان بکرێنە موستەعمەرە و ئۆردووگا و ئاوەدان بکرێنەوە.

وە بەگریانەی بەرگەهەوای دایسۆنی بەرگەهەوای پێویست بۆو بوونەوەرانە لە دەوری ئەو ئەستێرە و هەسارانە دروست بکرێ وەک چۆن مرۆڤی ئەمڕۆ بە کۆنترۆڵ کەنالّی تەلەفیزۆنەکەی دەگۆڕێت. بەرگەهەوا دروستکردن وەک پێچانەوەی چەند پاقلاوەیەکی لێ دێ لەناو کارتۆنێک لەدوکانێکی شیرینی. وەهەر بەو گریانەیە دەتوانرێ تۆڕێکی زەبەلاح لەو ئەستێرە و هەسارە بەبەرگە هەواکراوانە پێکبهێنرێ کەکاری سەرەکی ئەو تۆڕە کۆکردنەوە و کەڵەکەکردن و ئاڕاستەکردن و وەبەرهێنانی وزەیەکی زۆر زەبەلاحە و ناردنیەتی بۆ هەسارەی دایک، پایتەختی هەسارەکان و کۆمەڵە خۆرەکانی ژیارەکە، یاسا فیزیاییەکان زۆر هەموار دەبن، خێرایی لەو ئاستە لە خێرایی تیشک کەمتر نابێت. وە دەبێ خێرایی خێراتر لە تیشکیش دابهێنرێت. چونکە بۆ نموونە مەجەرەی ڕێی کاکێشان سەد هەزارسالّی تیشکییە و هەر سالّێکی تیشکی نۆ ترلیۆن و نیو کیلۆمەترە.

وە هـــەروەها هەر لەو سەردەمەی کارداشیف بیردۆزە و گریانەی التخاطر الروحي، واتە ناردنی ئیلهامی ڕۆحی لە نێوان ئەستێرە و هەسارە و مەجەرەکان گەشەی پێ دەدرێ، سۆڤیەتییەکان دەیانویست ئەم ئیلهامە ڕۆحییە بۆ پەیوەندیکردن و دۆزینەوەی بوونەوەرە زیرەکەکانی بۆشایی بەکاربهێنن. هەرئەم ڕەوتە بووە هۆی تێکشکانی ئیلحاد و گەڕانەوەی چەپەکان بۆ دووبارە باوەڕهێنانەوە بەڕۆح و جیهانی شاراوە. سۆڤێتییەکان هەرلەم سەردەمە کە دروشمی (ناسۆنالیزم شەرمەزاریە) بۆ مرۆڤایەتیان بڵند کردبوو، چونکە ئەوان خەونی دەوڵەتی بەوزەی هەسارەییان دادەنا، بێگومان دەمارگیری نەتەوەیی وادەکا کە هەر نەتەوەیەک لەناو دوو گرد و دۆڵ خەون بەلەناوچوونی نەتەوەکەی تر ببینێت و بەکردەوەش هەوڵی لەناوچوونی بدات. هەرلەم ئاستەی سێیەم باسی کردنەوەی کونە کرمەکان لەنێوان کونەڕەشەکان و کونە سپیەکان دەکرێ بۆ گواستنەوەی ڕۆحەکان و ئیلهام وهەواڵ و بوونەوەرەکان.

زانای فیزیایی و ئایندەناس میتشیو کاکو پێی وایە مرۆڤایەتی لە ماوەی ١٠٠ تاکو ٢٠٠ ساڵی ئایندە دەگاتە ئاستی یەکەم و لە ماوەی چەند هەزارساڵێکی تر دەگاتە ئاستی دووەم، وەلە ماوەی ١٠٠/ ٠٠٠ساڵ هەتا ملیونێک ساڵ دەگاتە قۆناغی سێیەم. چەندین فراوانکردن و گۆڕانکاری لە ئاستەکانی کارداشیف دا کراون. لەوانەش زیادکردنی ئاستی سفر و چوار وپێنج.

ئاستی چواردەم:

ئاستی وزەی بوونەوەری کەدەکاتە ٤٦٨١٠ واط: بتوانین بەتەواوی دەست بەسەر تەواوی گەلەستێرەکانی گەردوون و بوونەوەردا بگرین و زۆرئاسایی بتوانین گەشت بەناو هەموو گەلەئەستێرەکانی بوونەوەردا بکەین. ژمارەی گەلەکسی و مەجەرەکانی ئەم گەردوونە بینراوەی کە دەگوترێ لە سێزدە ملیارونیو ساڵ لەمەوبەرەوە لە بیگبنی تەقینەوەی گەورەوە دەستی پێ کردووە و لە ماوەی ئەو سێزدە ملیارساڵە گەیشتۆتە دوو ترلیۆن مەجەرە و ژمارەی ئەستێرەکانی ئەو دوو ترلیۆن مەجەرە بە بیست هەزار ترلیۆن ئەستێرەی وەک خۆر دەخەملێنرێ.

پانتایی گەردوونی بینراو لە زەویەوە هەتا لێواری بوونەوەری بینراو بە ٢٦ ملیار فرسخ فلکي (کەدەکاتە ٤٦,٥ ملیارساڵی تیشکی یان ٤,٤٠ × ١٠٢٦ متر) لەهەموو ئاڕاستەکان لەزەویەوە. کەواتە تیرەی بازنەی گەردونی بینراو١٤. ٢٨,٥ ملیار فرسخی فلکي (کەدەکاتە ٩٣ ملیار ساڵی تیشکی یان ٨,٨ × ١٠٢٦ متر). ئەم ژمارەیە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەم گەردوونە بەخێراییەکی زۆر خێراتر لەتیشک لەکشاندایە و لە ١٣ملیار ساڵی کات ٩٣ملیار ساڵی تیشکی پانتایی داگیرکرد. دەبێ مرۆڤ لەگەردوونیش خێراتر گەشت بکات، ئەوەش بەم لاشەیە ناکرێ و دەبێ ببێتە ڕۆح و ڕۆشنتر لە وزەش تابتوانێ ئەم ئاستانە تێ دەپەڕێنێ.

بەرگەهەوای دایسون کەزانایان دەیانەوێ دروستی بکەن، بەنموونە هەرچواردەورەی خۆر بکەنە لەوحەی تیشک خەزنکەر و ئاڕاستەکەر، لەم حاڵەتە بیریان لەوە کردۆتەوە کە هەسارەی عەتارد لەت لەت بکەن و بیکەنە ترلیۆنان لەوحە و تابلۆ لەدەوری خۆر، چونکە ئەو کەرەستە خاوەی کەبەشی ئەو لەوحانە دەکات لەوەیە ئەستێرەی عەتاردیش بەشی نەکا، وەبۆ لەت و پەت کردن و بنیاتی بەرگی دایسون دەبێ تیشکی خۆر بەکاربهێنرێت.

ئەم پانتاییە هی ساڵی ٢٠٢١ ز وە لەهەر چرکەیەکیش گەردوون بەهەموو ئاڕاستەکانیدا٧٤ کیلومتر لە چرکەیەکدا زیاد دەکات، واتە حەفتاوچوارهەزار مەتر لە چرکەیەکدا لەهەر میگا فرسەخێکی فەلەکی، واتە بۆ هەر (٣,٣ ملیون ساڵی تیشکی) لەو پانتاییەی باسمان کرد خێرایی لەیەک دوورخستنەوەی مەجەرەکان ٦٤ کیلۆ مەتر لە چرکەیەکدا زیاتر دەبێت. ئەم فراوان بوونەش زۆر لە خێرایی تیشک خێراترە، چونکە تیشک لەهەر چرکەیەکدا ٣٠٠٠٠٠ کیلومەتر دەڕوا. وە ئەم فراوانبوونە دەیسەلمێنێ کە ماددە و تەنەکان تا زیاتر دووربکەونەوە چڕیان کەمتردەبێتەوە و هێزی کێشندە و کارۆموگناتیسیان لاوازتردەبێ.

ئەم فراوان بوونە لەسوڕەتی زاریات ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئاماژە بەوێکهاتنەوە و دووبارە پێچرانەوە و لولدرانەوەی ماددەکان لەو پانتاییەش لەسوڕەتی زومەر کراوە. واتە گەردوون بۆیە بەنەمری ماوەتەوە چونکە لەتیشک خێراتر لێک دەکشێتەوە و، کاتێ بڕیاری مردن و کۆتایی هات گەردوون وێکدێتەوە.

لە کتێبی «العوالم الموازية - جيهانە هاوتەریبەکان» باسی قۆناغی چوارەمی ژیار وادەکات کە بتوانێ هەموو جۆرەکانی وزە لەهەموو بوونەوەر لەناویشیاندا وزەی تاریک ژێر بار بخات. وە بوونەوەرە پەرەسەندووەکانی ئەم ئاستە دەتوانن لەناو کونە ڕەشەکان بە نەمری بژین، چونکە لەناو ئەو کونانە کە کات و زەمەن نەماوە، ماددە و لاشە بوونی نەماوە، کەواتە پیربوون و بەساڵاچوون و مردنیش بوونی نەماوە. وە دەبێ تایبەتمەندی و یاساکانی فیزیای بوونەوەریش بگۆڕێن، وەک لەڕابردوو بەرگەهەوا دروستکرا، هەسارەکان لەڕێڕەویان لادران، هەسارە و مانگەکان کەپێویست بوو لەناوبران، ئێستا لەم ئاستە دەبێ بتوانرێ خولگە و کونەڕەوش و کونە سپی و مەجەرەکان کە پێویست بێ لابدرێن و لەناوببرێن و بگوازرێنەوە و بگرە پێکیش بهێنرێن.

ئاستی پێنجەم:

ئاستی وزەی بوونەوەرە تەریبەکان: بەپێی تیۆری مێتا-ڤێرس ئەوە گومان دەکرێت جگە لەگەردوونەکەی خۆمان ژمارەیەکی بێ کۆتا گەردوون هەیە، گەردوونەکەی خۆشمان بەتەواوی گەلەستێرە و کات و ماددە و شوێن و وزەوە یەکێکە لەو ژمارە بێ کۆتاییەی گەردوونەکان)؛ وە ئەم ئاستەی پێنجەم لە ژیار واتا بتوانێ کە کۆنترۆڵی هەموو بوونەوەرە هاوتەریبەکانی ئەم بوونەوەرە بکات، ئەوان پێی دەڵێن بوونەوەرە تەریبەکانی ئەم

بوونەوەرە -الاكوان الموازيه. قورئان ناوی ناوە العالمين والعوالم واتە جيهانەكان. توانای وزەی دەرچوو لەم ئاستە زۆر لە بڕە بنچينەييەكە زياترە كە نزيكەی ١٠٤٥ واطە. ئەم ئاستە بازنە و سنووری هەموو قەبڵاندنەكان تێدەپەڕێنێ كەلەسەر بنچينەی تێگەيشنی ئێستا بنياتناون، وە بەپێيوەری ئەمڕۆ ئەم ئاستە مەحاڵە و بوون و گەيشتن پێی گونجاو نييە.

لەم ئاستە دەبێ ڕێژەی بڕی وزەی هەموو بوونەوەرە هاوتەريبەكان لەهەموو چاخەكان وەبەربێنين، وە لەبەرامبەريش دەبێ زانست و پسپۆڕی و توانای هەموو ئەو بوونەوەرانەمان لا كەڵەكەبێ تا بتوانين بگەينە ئەم ئاستەی پێنجەم لە ژيار و بتوانين دەست بەسەر تەواوی گەردوونەكاندا بگرين و هەموو شتێكی كۆنترۆڵ بكەين، وەک جووڵەی گەلەستێرەكان و دروستكردنی هەساڕە و ئەستێرە و تەنانەت گەلەستێرەی نوێ، ياخود لەناوبردنی، تەنانەت بتوانين گەشت بكەين لەگەردوونی ماددە بۆ ئەنتی ماددە و دەست بەسەر گەردوونەكانی تريشدا بگرين هاوشێوەی گەردوونەكەی خۆمان.

ئاستی شەشەم: لێـــــرەدا دەچينە ناو مێتافيزيک، لەم ئاستەدا توانای ئەوەمان دەبێت گەردوونێک بەتەواوی پێکهاتەكانيەوە دروست بكەين ياخود لەناوی ببەين، وە توانای ئەوەمان دەبێت دەست بەسەر كات و شوێن و وزە و هەموو شتێک تەنانەت لە دەرەوەی كات و شوێنيشدا بگرين. ئەم ئاستە دەيەوێ پێيان بڵێ ئەو بوونەوەر و خواوەندانەی لەئەفسانەكان باسكراون دەكرێ كەسانێک بن لە ژيارى ئاستی شەشەم. تەلسكۆبەكانی جيهان پێش يازدە مانگ ئاماژەيەكی ڕادیۆييان وەرگرت و پێيان وابوو كە ئەو ئاماژەيە لە ژيارێک هاتووە كە ئەو ژيارە بەپێی پێوەری كارداشيف لە پلەی سێيەم دايە، بەڵام پێيان وابوو ئەم ئاماژەيە بۆ زەوی نەنێردراوە، چونكە ئێستا ئاستی ژيارى زەوی وەک هەوڵدانی تێگەياندنی كرمێكە لەلايەن زانايەكی مرۆڤ، كەواتە ئەم ئاماژەيە بۆ ژيارێكی هاوتای ئەو ژيارە نێردراوە كەدەبێ ئەويش دوو يان سێ بێ، بەڵام بە ڕێكەوت بەر ڕاداركانی ئێمەش كەوتووە.

هەڵسەنگاندنی ڕووداوی ئيسرا و ميعراج لە تەرازووی زانستی سەردەمدا

ئەنيشتاين كات و شوێنی لە تيۆری ڕێژەييدا تێكەڵكردن لەساڵی ١٩٠٥ز. ناوبراو پێی وايە كە ئێمە ناتوانين قسە لەسەر كاتێک بكەين كە بەدەر بێ لەشوێن، هەروەها لەبارەی

شوێنێکی بەدەرلەکات، مادام هەموو شتێ بجوڵێت، کاتەکەشی لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرێ، هەتا شتەکە خێراتر بجوڵێت، کاتەکەی زیاتر وێکدێتەوە و لەو کاتە هێواشە ئاساییەی شتەکانی دەوروبەری جیاوازدەبێت.

لەناو تاقیگەکانی فیزیادا توانیان دیاردەی کات بەتەواوی وێکبێننەوە، کاتێ تێبینیان کرد هەتا atomic particles کە تەنۆلکەکانی خێراتربکرێن تەمەنیان درێژترە. بە پێی تیۆری ئەنیشتاین کە تەنێک یان کەسێک بەخێرایی تیشک بڕوا، ئەوە لە ماوەی ڕۆژێکدا ماوەی پەنجا هەزار ساڵ دەبڕێت، ئەمە سەبارەت بەو کەسە و ئەو تەنە. جا ئەگەر کەسێک بەم خێراییە بڕوا بۆ قوڵایی گەردوون و بگەڕێتەوە سەر زەوی، دەبینێ لەو سەفەرە ٢٤ کاتژمێریەی ئەودا زەوی هەزاران ساڵی تێپەڕاندووە و چەندین ژیار و گەل و نەتەوەی تێپەڕاندوون. کەواتە مادام هەتا خێرایی زیاتر بێ کات زیاتر وێکدێتەوە، وە خێرایی هەتا مرۆڤ باشتر و زیاتر و فراوانتر بەسەر وزەدا زاڵ بێ، توانای زیاترکردنی خێرایی باشتردەبێت.

کەواتە لای کەسانی ماددی باوەڕیان بەوە هەیە کە خێرایی و کات و توانا چەند دیاردەیەکی وابەستە بەیەکترن. ئەی باشە کە بوونەوەرێکی بەتواناتر لەمرۆڤ هەبێ وەک فریشتەکان ئەوە لەو کاتەدا ئەم پێوەرە مرۆڤیانە دەگۆڕێن و یاسا و ڕێسای ئەو بوونەوەرە کار لەکات و شوێن و خێرایی دەکات و بەسەرلەمپەرەکانی کات و شوێن و تەمەندا بازدەدرێت.

لەم دواییانەدا خێرایی لەتیشک خێراتریان – B)دۆزیوەتەوە و ناویان ناوە خولەکەکانی بی بەڵام ئەم خێراییە تەنیا لە ناوەندی (particles ئاویدا بەرجەستە دەبێ و لەهەوا و بۆشاییدا نابێت. ئەم بیردۆز و پێزانینانە وادەکەن کە ئێمە باشتر لەڕووداوی ئیسرا و میعراج بگەین، مادام کەسانێک بتوانن و باوەڕیان بەم گریانانە هەبێ، بێگومان توانا و کۆنترۆڵی خالیقی بوونەوەران بۆ کات و شوێن و خێرایی زۆر لەهی مرۆڤ زیاترە. کەواتە ئەوەی ئەو ڕێکارانەی بۆ موحەممەدێکی هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوپێش ئاسان کرد و هەموو

کاتێک مرۆڤ لەداهاتووی پەرەدان بەتواناکانی بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە کۆنترۆڵ کەرەکانی بوونەوەر لە هێزی کێشندە وهێزی کارۆموگناتیسی و هێزی ئەتۆمی و تیشکی بگاتە ئەو توانایانە و باوەڕی پێ هەبێ و بەزانستی بزانێ، دەبا هەر زۆر بە ئاسایش بابەتی ئیسرا و میعراج و گەشتی سولەیمان لەساتێکدا پێچرانەوەی ڕێی دوو مانگی ئەسپی تیژڕە و بەئاسایی بزانێت.

.ئەو زانستانەی ئەمڕۆ زۆر بەزیادەوە دەزانێت

جا کە ئێمە ئەمڕۆ بۆ هەواڵێکی فۆیجەر کەلە ١٩٧٣نێردراوە بۆ بۆشایی و ئەمڕۆ پێویستمان بە ١٩کاتژمێرە، ئەوە توانای ئێمەی مرۆڤە، بەڵام بۆ هاتنی قورئان و وەرگیرانی دوعا و نزا و ڕۆیشتنی ڕۆح دوای مردن یان کاتی خەو بینین، ئەمانە کەلەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ و بەتواناکانی بەدیهێنەری بوونەوەر ڕوودەدەن، بۆیە ئەم سنوور و پێوانانە تێدەپەڕێنن.

کاتێک مرۆڤ لەداهاتووی پەردان بەتواناکانی بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە کۆنترۆڵ کەرەکانی بوونەوەر لە هێزی کێشندە وهێزی کارۆموگناتیسی و هێزی ئەتۆمی و تیشکی بگاتە ئەو توانایانە و باوەڕی پێ هەبێ و بەزانستی بزانێ، دەبا هەر زۆر بە ئاسایش بابەتی ئیسرا و میعراج و گەشتی سولەیمان لەساتێکدا پێچرانەوەی ڕێی دوو مانگی ئەسپی تیژڕە و بەئاسایی بزانێت.

لە ئیسرا و میعراج باسی بوراق دەکرێ کە لـــــــە بەرقی بریسکەوە وەرگیراوە، واتە وەک بریسو خێرا، وەتا ئێستا لە ئێران بەکارەبا دەگوترێ بەرق، جا بۆ نەگوترێ کە پێغەمبەر ﷺ توانای ئەوەی پێدرا کە بەخێرایی تیشکی بریسو گەشت بکات؟ بۆ باوەڕ بە بەرقەکەی ئەنیشتاین بکەین کەلەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ماوەی پەنجا هەزار ساڵی زەوی ببڕێت، بەڵام باوەڕ بە بەرقەکەی خالیقی بوونەوەر نەکەین؟

لەکاتێکدا هەر ئەم تیۆری ئەنیشتاینە لەسەر بابەتی نەمانی کات و تیشک لای کونە ڕەشەکان و بابەتی کونی دوودی و کونە سپیەکان ڕووبەڕووی چەندین پرس بۆتەوە کە پێویستیان بە وەڵامە، کە ئەوان بتوانن زەمەن و تیشک بمژن، دەبێ کاتێک بێ لە بوونەوەر کات و تیشک نەمێنێ. وە کە باوەڕمان بە بازنە و کونی کرمی (الثقب الدودي) هەبێ کە فیزیاییەکان دەڵێن لەو کون و تونێلەوە دەروازەیەکە گەشت بەکاتەکان و چاخەکاندا دەکرێ و مرۆڤ لەو تونێلەوە دەتوانێ بەچەند ساتێک بچێ بۆ پێش ١٣ملیار ساڵ و تەقینەوەی گەورە بیگ بن و دروست بوونی بوونەوەر ببینێ و هەر بەو تونێلەدا دەتوانێ گەشتێکی خێرا بکات و چارەنووسی بوونەوەر لە دوای بیست ملیار ساڵی تر ببینێ کە فیزیاییەکان دەڵێن هێندەی نالّی ئەسپێکی لێ دێتەوە و چڕ دەبێتەوە.

متمانەی مرۆڤ بەخەون و خۆزگە و ئاواتەکانی ئایندەی پاڵنەرێکی باشە، بەڵام هەر ئەو پاڵنەرە با ببێتە هۆکار بۆ باوەڕهێنان بە بوونی هێز و بەدیهێنەر و پێکهێنەرێک کە بە وردی

ئەو دیاردە و توانا و پێکهاتە فیزیایی و کیمیایی و فەلەکیانە ئاڕاستە دەکات و تایبەتمەندییان بۆ دادەنێ لەهەندێ کات، وە لەهەندێ کاتی تر ئەو نایبەتمەندییانەیان لێ وەردەگرێتەوە، بۆ توانا و تایبەتمەندی ئۆکسجینی ئاسن تۆزنەر و هایدرۆجینی وزە لەئاودا سارد بوونەوە؟ کەچی لە خۆردا بوونە کورە ؟

ئەم جیهانە و بوونەوەرە چەند هێڵێکی گەشت کردنە، ئەوانەی لەقۆناغی ماددی و ڕەقی دان بە هێڵی ماراسۆن دا دەڕۆن و پێیان وایە تەنیا ئەو هێڵە هەیە بۆ گەشت، وەک هەسارەکانی خولگەکـــان. ئەوانەی دەنگن بە هێڵ و سکەیەکی خێراتردا دەڕۆن و ئەوانیش پێیان وایە ئەمە تاکە هێڵی گەیشتنە، ئەوانەش کە تیشکن هەروا، ئەی ئەوانەی ڕۆحن، بوونەوەری ترن؟ کـــە لەدەرەوەی جیهانی بینراون؟ دەی ئەوانیش هێڵ و سکە و سەردەم و کات و تەمەن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەوانیش بەڕێکاری خۆیان خەریکی گەشتی تەمەنیانن.

کەواتە ئێمە پێویستمان بە فراوانکردنی ئاسۆی بیروهۆشمانە تایەکەم جار باوەڕمان بەبوونی توانای زیرەکی لەخۆمان زیاتر و باشتر و میهرەبانترهەبێ تا بگەینە بوونەوەرانی بەتواناتر لەخۆمان تاکو لە بنی ئەو بیرە بێینە دەرەوە کەوا دەزانین هەموو بوونەوەر هەرئەو بنی بیرەیە و بێینە سەری بیرەکە و فراوانی ئەم جیهان و بوونەوەرە ببینین. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو خەیاڵ فراوانی و ئومێد و خۆزگە فراوانەی کە مرۆڤی ئەورۆپی و جگە لە مسوڵمان هەیانە، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەوان لەترۆپکەی پێشکەوتندا دەبینین کەچی ئەوان بەوپەڕی خۆبەکەم زانی دان بەوەدا دەنێن و دەڵێن کەئەوان تا ئێستا لەئاستی سفرن لەژیاردا، وە ئەوەندەش گەشبین و بەورە و عەزم و هیممەتن کە توانایایەکی وایان بە مرۆڤی ژیاری شەشەم داوە کە تەنانەت ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کەزۆربەی ئاینە ئاسمەنییەکانمان بۆ هاتوون، بەڵام وەک وان نەمان توانیوە ئاوا توانا و لێوەشاوەیی ئەوان داویانەتە ژیاری ئاستی شەشەمی کارداشیف، ئێمەش لە مەتنە عەقیدەیی و بیروباوەڕەکانمان تەنانەت نەمانتوانیوە بیدەینە ئەو بەدیهێنەر و خالیق و خاوەنەمان و بەو شێوە بێسنوورە باسی بکەین و باوەڕمان پێی هەبێ و ئاوا بەمتمانەوە لە کردار و تواناکانی ڕامێنین.

گرنگترین ژێدەرو سەرچاوەکان:

١- مقياس كارداشيف: تصنيف الحضارات الفضائية، مالپەڕی: مدونة ميسان للفضاء/٢٠٢٤-٥-١٧.

٢- ما هو مقياس كارداشيف؟ مالپەڕی: الموسوعة.

٣- مقياس كارداشيف، د.عدنان إبراهيم :https:// www.youtube.com › watch

تاريخ النشر:٢٠٢٢/٠٩/١٤.

٤- مقياس كارداشيف.. معايير استغلال الطاقة التي ترسم سلم الحضارات الكونية، الجزيرة الوثائقية/يمان الشريف٢٠٢٢/٦/٢٧.

٥- مان، آدام (٢٠١٩)، ما هي كرة دايسون؟ تم الاستغلال من :https://www.space.com/dyson-sphere.html @انفوسفير infosphere

متخصص بعلوم الفلك والفيزياء الفلكية والأفكار والفلسفات التي تدور في أفلاكهم...

٦- كريتون، جولين (٢٠١٦)، شرح موجز لمقياس كارداشيف: إلى أي مدى يمكن للإنسانية أن تتقدم حقًا؟ تم الاسترداد من :https:// futurism.com/the-kardashev-scale-of-civilization-types مقياس- كارداشيف/موقع

يوتوب :العلم بالمعلقة/١٩- ٨- ٢٠٢٢

٧- رافي، براسون (٢٠٢١)، مقياس كارداشيف. تم الاسترداد من :https://medium.com/the-treatise/the-kardashev-scale-٥٨٤٦٧٤٤ مقياس- كارداشيف/موقع٦e٣٨b يوتوب فيزيكس بالعربي/هل نحن وحدنا في الكون، ٢١-١١- ٢٠٢١.

٨- محرر و الموقع (التاريخ غير معروف)، ماذا لو كانت الإنسانية تعيش في مقياس كارداشيف العكسي. تم الاسترداد من :https://factsonfire.in/what-if-humanity-lives-in-a-reverse-kardashev-scale/ موقع ٢٥-١٢- ٢٠١٥/مقياس- كارداشيف.

٩- مقياس كارداشيف لمستوى تطور الحضارة: ما هو تقييم I , II , III , IV , V الانواع الحضارة البشرية ؟ موقع انا اصدق العلم، تاريخ النشر:١٣ مارس ٢٠١٧ المترجم ليث صليوة

١٠- مقياس كارداشيف - موقع مسار للابحاث ٢٨-٩-٢٠٢٤.

١١- مقياس كارداشيف لقياس مدى تطور الحضارات الذكية والمتطورة في الكون كله. مقياس- كارداشيف.#

مقياس- تطور- الحضارات- الذكية.#

العلم- بالملعقة لەبەرواری ١٦-١١ -٢٠٢٤.#

پڕۆفایل..

محمد عزیز علی

لە دایک بووی ١٩٧٤لە گوندی لۆتەر.

ساڵی١٩٩٧-١٩٩٨ لە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی دهۆک دەرچووە.

لە ساڵی١٩٩٣ لە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە بابەتی وەرگێڕدراو و شیعر و چیرۆک و بابەتی تری بڵاوکردۆتەوە.

بەڕێوەبەری نووسینە لە بەشی کوردی گۆڤاری- ئایندە، ئێستا لە شاری ڕانیە نیشتەجێیە.



ڕۆڵی جەنگی سیبرانی و زیرەکی دەستکرد لەسەر بواری پەروەردە و پێگەیاندن

لە ئیستادا زیرەکی دەستکرد پەرەسەندنێکی بەردەوام و خێرا لە دیزاینکردنی سیستەمی زیرەکی کۆمپیوتەری و ئۆتۆماتیکیدا بە هاوشێوەکردنی توانا و ڕەفتارە دەروونییەکانی مرۆڤ بۆ ئەرکە زیرەکەکان لە بوارەکانی ئابووری، پزیشکی، ئەندازیاری، سەربازی، پەروەردە، ژینگە و... دەڕەخسێنێت. لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا شێوەی ژیانی مرۆڤ دەبێتە ژینگەیەکی تەواو دیجیتاڵی کە تێیدا پلاتفۆرمی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان پێکەوە تێکەڵ دەبن و دەچنە ناو فەزایەکی ئەلیکترۆنییەوە، کە لە بەرامبەردا کۆمەڵگە و خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان پیشکەش بە تاکەکان دەکات بە ئامانجی داهێنان و بەرهەمهێنانی کۆتایی.

پێشکەوتنی تەکنەلوژیا بە گشتی، بۆتە هۆی گۆڕانکاری و خیرایی ژیانی مرۆڤایەتی، بەو پێیەی زیرەکی دەستکرد بەتەواوی و بە شێوەیەکی بەربڵاو تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە و بە خێرایی درێژەپێدەری بەرفراوانی و گۆڕانکاری جیهانی دەوروبەرمانە، بگرە لە داهاتوویەکی دوورتردا ڕۆڵێکی چالاکتر و خێراتر لە ژیانی ڕۆژانەی تاك و کۆمەڵگەدا بگێڕێت. لەوەیە لای هەندێ کەس پرسیاری ئەوە دروست ببێت کە زیرەکی دەستکرد بە تەواوەتی زاڵ بێت بەسەر ژیانیاندا. هەرچەندە ئەم تێڕوانینە زیادەڕەوی تێدایە لەوەی کە کۆی جومگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بگرێتەوە و بە تەواوی پەکی بخات، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت ئینکاری ئەوە بکرێت کە زیرەکی دەستکرد هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمەی گرتۆتەوە لە ئیستا و لە داهاتووشدا، واپێدەچێ تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد جیهان بەرەو ئایندەیەك ببات کە ڕەنگە کۆمپیوتەر و ئامێرەکان زیرەکی مرۆڤ لەناوببەن. لە جیهانی ئەمڕۆدا، تەکنەلۆژیا تەواو کاریگەرە و زاڵ بووە بەسەر بواری جیاوازەکانی کایەی ژیاندا، لەوانەش بواری پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندن، کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی بواری

نووسین و ئامادەکردنی:
م. شوان ڕەسول

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵییەوە، زیرەکی دەستکرد زەمینە بۆ گۆڕانکاری لە گشت بوارەکانی تر و بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەرەخسینێت.

ڕۆڵی تەکنەلوژیا و زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕوو لە زیادبوونە، ئەم تەکنەلۆژیایە بە سوود بینین لە داتا و شیکردنەوە ئاڵوزەکان، ئەزموونی فێرکردن بۆ خوێندکاران و مامۆستایان دەڕەخسێنێت و زەمینەی لەبار دروست دەکات بۆ ڕاهێنانی کەسی و فێربوونی کاراتر دابین دەکات، لە لایەکی دیکەوە زیرەکی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەروەردەیی کە کات بەفیڕۆدەر و تێچووی زۆری دەوێت، چالاکانە ئاسانتر بکات. هەروەها یارمەتیدەری ڕێکخراوەکانی بواری پەروەردە دەبێت کە بەدوای دروستکردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی گونجاودا دەگەڕێن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرەکانیان. قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندەکانی تری زانستیش، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی پەروەردەیی گونجاویان هەبێت و بە دووربن لە خەرجی زۆر، لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە هەنگاو دەنێن بۆ گۆڕانکاری ناوەڕۆکی بابەتی پەروەردەیی لە ڕێگەی ڤیدیۆ و کۆنفرانس و...

کەرتی پەروەردە وەك یەكێك لە كەرتە هەستیارەكانی ژیانی تاك و كۆمەڵگە لە تەواوی جیهان، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە ئاراستەكردنی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ هەنگاونان بەرەو ژیانێكی شایستە و پشت بەستوو بە خود، لە ئێستادا زیرەكی دەستكرد و تەكنەلۆژیا لە كەرتی پەروەردە ئەو بوارەی ڕەخساندووە كە تەواو زەمینە خۆشبكات بۆ فێركردن و ئاسانكاری بۆ خوێندكاران و قوتابیان لە بواری پەروەردەیی و پێگەیاندنیاندا، چونكە ئاسانتر و خێراتر لە جاران ڕێگەكانی فێربوون ئامادە دەكات.

مەبەست چییە لە زیرەکی دەستکرد:

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە ژیانی ئەمڕۆدا زۆر دەیبیستین و زهنمانی سەرقاڵ کردووە، بریتییە لە زیرەکی دەستکرد (Artificial Intelligence) یا خود کورتکراوەی (AI). (زیرەکی دەستکرد، لقێکی زانستی بواری تەکنەلۆژیایە کە ئامانجی پەرەپێدانی سیستەم و ئامێرەکانە کە بتوانن ڕەفتارگەلێکی هاوشێوەی زیرەکی مرۆڤ ئەنجام بدەن. ئەم ڕەفتارانە بریتین لە فێربوون، تێگەیشتن لە زمان، ڕێکخستن، لێدوان، چارەسەرکردنی کێشەکان و تەنانەت ناسینەوەی هەستەکان)، واتە زیرەکی دەستکرد یەکێکە لەو تەکنەلۆژیا دروستکراوانەی دەستی مرۆڤ کە هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی و بڕیاردانی هەیە، کە وەک زیرەکی سروشتی وایە بۆ پەروەردە و فێربوون و پێویستیەکان. بۆ نموونە، هەروەک چۆن پێویستە فۆرمولەکان فێر بیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی بیرکاری، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموون و داتاکانی پێشوو بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکان، بەم شێوەیە زیرەکی دەستکرد دەکرێت فەلسەفە و لێکدانەوەیەکی کۆی گشتی بواره جیاوازەکان لە هەموو شتێکدا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بە پێچەوانەی مرۆڤەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەموو جۆرە زانیارییەک و داتای جیاواز و هەندێکجار دژبەیەک لەخۆ بگرێت و بڕیار و هەڵبژاردن بە شیکردنەوەیان بدات.

هەرچەند بابەتی زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیا ماوەیەکە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی و زانستی و بوارەکانی تری بەخویەوە سەرقاڵکردوە، مێژوویەکی کۆنتری هەیە لەوەی کە ئێستا باسی لێ دەکری، سەبارەت بە لە دایکبوونی زیرەکی دەستکرد ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٥٠، (ئالان تورینگ)، بیرکار و پێشەنگی زانستی کۆمپیوتەری ئینگلیزی ئەم پرسیارەی خستەڕوو، "ئایا ئامێرەکان دەتوانن بیربکەنەوە؟ تۆرینگ لە وتارەکەیدا بە ناوی «ئامێری کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکرد» ئەو شتەی خستەڕوو کە بە تاقیکردنەوەی تۆرینگ یان یاری تەقلیدی ناسراوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئامێرێک توانای بیرکردنەوەی هەیە یان نا. تاقیکردنەوەکە لەسەر بنەمای وەرگێڕانی یارییەکی شێوازی ڤیکتۆریا بوو کە بریتی بوو لە جیاکردنەوەی ژن و پیاوێک لە لێکۆڵینەوەکەدا، کە دەبێت پێشبینی بکات کامیان کامەیە، لە وەشانی تۆرینگدا، بەرنامەی کۆمپیوتەر جێگەی یەکێک لە بەشداربووانی گرتەوە و پرسیارکەر دەبوو دیاری بکات کە

کام کۆمپیوتەرە و کامیان مرۆڤە، ئەگەر لێپرسینەوە نەیتوانی جیاوازی نێوان ئامێر و مرۆڤ بزانێت، کۆمپیوتەر بە بیرکردنەوە یان خاوەنی «ژیری دەستکرد» دادەنرێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بابەتی ئامێری زیرەکی دەستکرد وردە وردە بەرفراوانتر بوو، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، توێژینەوەکانی زیرەکی دەستکرد لە ئەمریکا لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە پارەیەکی زۆریان بۆ دابین دەکرا، دواتر تاقیگەی (AI) لە سەرانسەری جیهان دامەزران. بەڵام، بەپێی ڕاپۆرتێکی زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی، سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا، پەتای کۆرۆنا، زەمینەی خێراکردنی ئەم پرۆسەیەی چالاکتر کردووە تا ئەو ڕادەیەی لە ساڵی یەکەمی دوای کۆرۆنا، ٣٦٪ی دامەزراوە پەروەردەییەکانی جیهان گۆڕا بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، و ٤٥٪ی فێرخوازانی زمان چوونە ناو پۆلەکان لە ڕێگەی چاویلکەی دیجیتاڵییەوە، ئەم ڕاپۆرتە

زیرەکی دەستکرد یەکێکە لەو تەکنەلۆژیا دروستکراوانەی دەستی مرۆڤ کە هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی و بڕیاردانی هەیە، کە وەک زیرەکی سروشتی وایە بۆ پەروەردە و فێربوون و پێویستیەکان

دەشڵێت: دوای ئەزموونی پەتاکە، زیاتر لە ٧٠٪ی پەروەردەکاران لە ئەمریکا و بەریتانیا گەشبینن بە دەرئەنجامەکانی پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا. بەڵام ناتوانین دەرئەنجامە نەرێنییەکانی کردنەوەی ئەم دەرگا دیجیتاڵییە بەڕووی ژیانی مرۆڤدا پشتگوێ بخەین.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، پەروەردەش کاریگەری لەسەر دروست بووە، بەڵام، شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پەروەردەدا گرنگە. لە ڕاستیدا پێویستە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی بواری پەروەردە و بەرزکردنەوەی کوالێتی پەروەردەیی بەکاربهێنرێت، نەک ببێتە ئامانج. لەلایەکی دیکەوە لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا پێویستە گرنگی بە هۆکارەکانی تر بدەین وەک ژمارەی خوێندکاران و گروپی تەمەنیان لە ناو پۆلدا، لەگەڵ ناوەڕۆکی پەروەردەیی. چونکە لەبەرچاونەگرتنی ئەم لایەنانە دەبێتە هۆی نەمانی سوودەکانی تەکنەلۆژیا. بۆ نموونە، زۆرێک لە مامۆستایان یان پرۆفیسۆر و مامۆستایانی زانکۆ پێیان وایە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کاریگەرە لە فێربوون و فێرکردندا، بەڵام، لەبیریان دەچێت کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە مانای بەکارهێنانی

هەندێک بەرنامە و نەرمەکاڵا و خوێندنەوەی نییە. وەک بەکارهێنانی پاوەرپۆینت کە هەندێک کەس تەنها ناوەڕۆکەکەی لێ دەخوێننەوە. لە ڕاستیدا هەر لەم جۆرە حاڵەتانەدایە کە ئامرازەکە دەبێتە ئامانج. بۆیە گرنگە بەکارهێنانی تەکنەلوژیا هاوتەریب بێت لەگەڵ ئاستی ناوەڕۆکی بابەتە پەروەردەییەکە. بۆیە ئەم گەشەسەندنە خێرایەی بواری تەکنەلۆژیا، بەرنامەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن و فێربوونی ئاسان کردووە.

چۆنیەتی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە سیستەمی پەروەردەدا:

بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە پۆلدا ئەوەیە کە دەبێت ژێرخانی و ئاسانکاری لە سیستـــــەمی پەروەردەدا دابین بکرێت و دەبێت مامۆستایان و پرۆفیسۆر و خوێندکاران فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانی بکرێن، بۆ نموونە، ئەگەر ناوەندیکی پەروەردەیی بۆردێکی زیرەکی هەبێت، بەڵام، نەتوانێت بەکاری بهێنیت، هیچ سوودێکی نییە. بە واتایەکی تر ئامرازەکان یارمەتیدەرمان دەبن بۆ ئەوەی فێرکارییەکی باشتر و فێربوونی قوواڵترمان هەبێت، بەڵام، ئەگەر ئەم شتانە ڕوونەدەن، بەکارهێنانی ئامرازەکان سوودی نابێت. کەواتە بوونی ئامرازی تەکنەلۆژیا لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا بەندە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی، هەروەها ئەو پرسیارە دروست دەبێت، هەموو خوێندکارێك دەتوانێ تەکنەلۆژیا وەك پێویست بەکاربهێنێت، واتە شارەزایی ئەو بوارەی تەکنەلۆژیای هەیە لە بەکارهێنانی بەرنامەکامی وەك پاوەرپۆینت و ئەکسڵ و وۆرد و ...هتد. یان توانای دابینکردنی تەکنەلۆژیای وەك کۆمپیوتەر و موبایلی زیرەکی هەیە، زۆرێك لەوەیە هەشیبێت، بەڵام،

بەپێی ڕاپۆرتێکی زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی، سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا، پەتای کۆرۆنا، زەمینەی خێراکردنی ئەم پرۆسەیەی چالاکتر کردووە تا ئەو ڕادەیەی لە ساڵی یەکەمی دوای کۆرۆنا، ٣٦٪ی دامەزراوە پەروەردەییەکانی جیهان گۆڕا بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، و ٤٥٪ی فێرخوازانی زمان چوونە ناو پۆلەکان لە ڕێگەی چاویلکەی دیجیتاڵییەوە، ئەم ڕاپۆرتە دەشڵێت: دوای ئەزموونی پەتاکە، زیاتر لە ٧٠٪ی پەروەردەکاران لە ئەمریکا و بەریتانیا گەشبینن بە دەرئەنجامەکانی پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا.

وەکو پێوێست نەتوانی بەکاری بهێنێت، جگە لە هەندێك بەرنامەی سادە و کات بەسەربردن نەبێت. جا ئەو گرفتە بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار بەتایبەتتر بۆ لادێ نیشنەکان بگرە دووجار زەحمەتترە بە هۆی بارودۆخی دارایی و نەبونی ئامرازی پێویست، ئەگەر ئاسانکاری نەبێت، دەبێتە هۆی وازهێنانی خوێندکاران لە پڕۆسەی پەروەردەدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بە شێوەی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ فێربون و پێگەیاندنی ئاستی خوێندندا بکرێت. بویە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و داتاشۆ پێویستی زیاتری بەکات هەیە بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن فێری چۆنیەتی دروستکردنی ڤیدیۆ و بەرنامەکانی تر بن، واتە فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی دروست گرنگە.

لە ڕاستیدا، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، بەندە بە ئامادەکردنی ژێرخانی پڕۆسەکە، بۆیە ئەگەر ڕێنمایی پێویست بەردەست نەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی، دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد توانایەکی زۆری هەیە لە فێرکردن و فێربووندا، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنماییکردن، پێشکەشکردنی فیدباکێکی خێرا و کاتی ڕاستەقینە و دروستکردنی ئەزموونی فێربوونی سەرنجڕاکێش و کارلێککارانە.

زیرەکی دەستکرد و توانای گۆڕانکاری لە پەروەردە و پێگەیاندندا:

زیرەکی دەستکرد یەکێکە لە تەکنۆلۆژیا بەڵێندەرەکان کە دەتوانێت شۆڕشێک لە پڕۆسەی فێربوون و گەشەپێدانی کەسیدا بکات. لە ئێستادا زۆرێک لە کۆمپانیاکان هەنگاویان ناوە و بەدوای ئەوەدان زۆرترین سوود لە زیرەکی دەستکرد و وەبەرهێنان لەم بوارەدا وەربگرن. زیرەکی دەستکرد نەک هەر دەتوانێت فێربوون بەرز بکاتەوە، بەڵکو کارایی و کارلێککردن و بیرهێنانەوەش باشتر بکات، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی بەهرەی مرۆڤەکان و نەهێشتنی چەشنە چەقبەستووەکانی ئەکادیمی و وا لە خوێندکاران بکات لەبری ئەوەی کاتەکانیان بەفیڕۆ بدەن، فێری بەهرەکانی خۆیان بن، بۆیە پێویستە، ئەم تەکنەلۆژیایە بەکاربهێنرێت بۆ خێراکردن و زیادکردنی بەرهەمهێنانی پڕۆسەی فێربوون. بۆیە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ئەزموونی ناوازە بۆ فێرخوازان لە پڕۆسەی فێربووندا دروست بکات و پەروەردە کاریگەرتر بکات. بەو پێیەی بە خیرایی گەشە دەکات، توانایی نوێگەرایی بەرنامەکانی هەیە، واتە ئامانجی

کۆتایی دەستێوەردانی زیرەکی دەستکرد لە پرۆسەی پەروەردەدا بریتییە لە زیادکردنی ڕێژەی فێربوون و باشترکردنی کاریگەریی پەروەردە و پێشکـــــەشکردنی پەروەردەیەکی کەسی.

زیرەکی دەستکـــــرد، توانای مرۆڤەکان لەگەڵ گونجاندنـــــــی مەنهەج و ناوەڕۆک لەگەڵ پێداویستـــــی و بەرژەوەندییەکانیان و پرۆسەی فێربوون، فیدباک و ڕێنمایی تایبەت دەڕەخسێنێت. لەگەڵ ئەوەی زیرەکی دەستکرد توانای چالاککردنی پرۆسەی ڕاهێنان و پاشەکەوتکردنی کات و سەرچاوە مرۆییەکانی هەیە لەڕێگەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەروەردەیی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەک ڤیدیۆ و تاقیکردنەوە و کەرەستەی کارلێککەری تر. هەروەها دەتوانێت سەختی پرسیارەکان بە پشتبەستن بە ئەدای فێرخواز ڕێکبخات و هەڵسەنگاندنێکی وردتر بۆ زانیاری و لێهاتوویی خوێندکاران پێشکەش بکات. ئەم تەکنەلۆژیایە ئەگەری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی زیاد کردووە، کە دواجار دەبێتە هۆی باشتربوونی ئەدای سیستەمی پەروەردەیی. لە سەردەمی پەتای کرۆنادا دەستنەگەیشتن بە قوتابیان بۆ قوتابخانە بووە هۆی نادڵنیایی زیاتر لە پرۆگرامەکانی خوێندندا. لە دۆخێکی وادا، دەتوانێت یارمەتی مامۆستا بدات و وەڵامی کێشە و پرسیارەکانی خوێندکار بداتەوە. هەروەها توانا ڕاستەقینەکانی خوێندکاران دابینبکات. دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی دۆخەکەیان. هەروەها تاکەکان بە هۆی ژینگەی دەوروبەریان جیاوازن لە ڕاهێنان و کەم ئەزموونن، بۆیە زیرەکی دەستکرد توانای دەستنیشانکردنی ئاستی تواناکان و پێشکەوتن و ئەو لێهاتوویانەی کە پێویستیانە و دواجار ئەو کارامەییانەی لەبیریان کردووە دەستنیشان بکات، لەگەڵ ئەوەی بنەمای گەشەکردن و پێشکەوتنیان لە کەمترین کاتدا دابین دەکات بەبێ ئەوەی پێویست بە پشکنینی کاتی بەفیڕۆدەر بکات، واتە توانای دابینکردنی گونجاوترین ناوەڕۆکی هەیە بۆ فێرخواز بە ناسینی کەلێنەکانی زانست و ئاستی خوێندکار.

گەشەسەندنی جیهانـــی ئەمڕۆ هەرگیز هاوسەنگ نەبووە، لە زۆرێك لە ناوچە جیاوازەکان و وڵاتانی پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەوەی زانکۆ و قوتابخانە گەورەکان توانای خۆدەرخستن و بەرەوپێشەوەچوونیان هەیە، بەڵام، لە هەمان کاتدا زۆرێک لە ناوچەکان بێبەشن لە ئیمکاناتی سەرەتایی خوێندن و زۆرێک لە منداڵان و هەرزەکارانیش شایەتحاڵی شکستی توانا و بەهرەکانیانن.

بۆیە زیرەکی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە کە لە سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆدا زۆرێک لە ئالنگارییەکان چارەسەر بکات و بۆشاییەکان دابخات. هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوی یونسکۆ هەوڵدەدات بە بەکارهێنانی توانای زیرەکی دەستکرد بەرەو یەکسانی پەروەردەیی هەنگاو بنێت، ئەم ڕێکخراوە بەدوای ڕێبازێکدا دەگەڕێت بۆ نەهێشتنی نایەکسانیەکانی ئێستا لە دەستڕاگەیشتن بە زانست و لێکۆڵینەوە لە نێوان کولتوور و ڕەگەزە جیاوازەکاندا. ڕێکخراوەکە دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە (AI) کەلێنی تەکنەلۆژیا و پەروەردە لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا فراوان نەکات.

لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر کەرتی پەروەردە و پێگەیاندندا:

زیرەکی دەستکرد سوودەکانی تەنها لە قوتابخانە و زانکۆکاندا سنووردار نەکراوە، بەڵکو پەروەردەی هاوڵاتیانیش لە کۆمەڵگادا زۆر گرنگە، لەوەی کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی (AI) بتوانن فیدباک بدەن بە هاوڵاتیان سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگادا و ئەدای حکومەت لە بارەی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان و بوارەکانی تری پەیوەست بە کۆمەڵگە و سیاسەت و لایەنی کارگێڕی و... هتد.

هەرچەندە زۆرێک لە شارەزایانی پەروەردە پێیان وایە ئەم تەکنەلۆژیایە ناتوانێت بەتەواوی بوونی مامۆستا و وانەبێژ لەناو ببات، بەڵام، بەشێك، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا بیرۆکەیەکی زۆر باشە بۆ باشکردنی شێوازەکانی پەروەردە، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا ڕەنگە گرنگترین و دیارترین بەکارهێنان بێت لەم بوارەدا، چونکە فێربوون لەگەڵ ئەمەدا ئاسانتر دەبێت، ئەم سیستەمە جەخت لەسەر پێداویستی هەر خوێندکارێک دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر بابەتگەلێکی تایبەت کە خوێندکار تێیدا لاوازە و ئەو بابەتانە دووبارە دەکاتەوە کە شارەزا نین. مامۆستایان تەنها کاتێک خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکەن کە خوێندکار پێویستی پێیەتی و لەگەڵ ئەمەشدا تێچووی کات زۆر کەم دەبێتەوە، و خوێندکاران یان مامۆستایان پێویست ناکات کاتژمێری زیادە لەسەر ئەو بابەتانە بەسەر بەرن کە پێویستیان بە خوێندن نییە.

زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان و پرۆفیسۆرەکان بدات بۆ

دروستکردنی ناوەڕۆکی زیرەک کە فێرکردن و فێربوون بە ڕێککەوت بۆ ئەوان و خوێندکاران ئاسانتر دەکات، وەك، وانەی دیجیتاڵی، شێوازی کتێب خوێندنەوەی دیجیتاڵی، وەرگرتنی زانیاری، نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی پەروەردەیی و.. هتد. هەروەها لە لایەنە گرنگەکانی تری پەروەردە ئەوەیە کە مامۆستا پشت بە زانستە کۆن و پاشماوەکانی خۆی نابەستێت. هەمیشە لە هەموو بوارەکاندا ڕاستی زیاتر هەیە کە پێویستە بزانن و فێری خوێندکارانیش بکەن. هیچ مرۆڤێک شارەزایی ڕەهای نییە لە بواڕێکدا و هەمیشە ڕێگایەک هەیە بۆ فێربوونی زیاتر و لێرەدایە کە زیرەکی دەستکرد یارمەتی مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی بواری پەروەردە دەدات کە مامۆستایان زانیاری گشتگیریان لەبەردەستدا بێت و ئەگەری ئەوەیان پێدەدات کە خۆیان لە بواری وانەوتنەوەدا نوێ بکەنەوە، دەتوانێت یارمەتی ڕاهێنەران بدات بۆ ئامادەکردنی وانەیەک کە لە ناوەڕۆکدا زەمینەسازی بن و چۆنیەتی فێربوونی خوێندکاران لەبەرچاو بگرن، هەر بۆیە چالاکانە یارمەتی ڕاهێنەران دەدات بۆ ئامادەکردنی وتارێکی سەرنجڕاکێشتر و ڕێکخراو، لەم ڕووەوە ناتوانرێت کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر فێربوون ڕەتبکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دیارە بەکارهێنانی دروستی تەکنەلۆژیا بە مانای وازهێنان لە شێوازە تەقلیدییەکان نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەوانەی تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن زۆر باش وانە دەڵێنەوە. هەندێک جار شێوازە تەقلیدییەکان کاریگەرترن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا. بێگومان ئایا ئێمە زاراوەی میتۆدی تەقلیدی بەکاربهێنین یان نا، جێگەی مشتومڕە. بۆ نموونە لە فێرکردنی چالاکدا وەک پرسیار و وەڵام، گفتوگۆی گروپی یان چارەسەرکردنی کێشەکان، دەتوانرێت پرۆسەی فێربوون باشتر بکرێت و کوالێتی پەروەردە باشتر بکرێت بەبێ بەکارهێنانی هیچ تەکنەلۆژیایەکیش.

یەکێکی تـــــــر لەو تێبینیانەی سەبارەت بە بەکارهێنانی سیستەمی(AI) هەیە، پێشبینی هەڵەیە لە ڕاهێنانەکانی نادادپەروەرانە، بۆ نموونە، ئەگەر داتای پەروەردەیی تەنیا ئەدای ئەکادیمی خوێندکارانی خێزانە دەوڵەمەندەکان لەخۆ بگرێت، ئەوا خوێندکارانی خێزانە کەم داهاتەکان ڕەنگە بە هەڵە وەک بەهرەمەند بناسرێن. لەهەمان کاتدا ئەگەری خاوبوونەوەی بازاڕی مامۆستایانیش لە ئارادا دەبێت، زیرەکی دەستکرد زۆر شارەزایە لە دووبارەکردنەوەی فێرکارییەکان و ڕێنماییکردنی بەکارهێنەران هەنگاو بە هەنگاو بۆ فێربوونی بابەتێکی نوێ، واتە ئەم کارەی زیرەکی دەستکرد بەراورد

ناکرێ لەگەڵ مامۆستا خەمخۆر و دڵسۆزەکانی ئەمڕۆ، بۆیە دەتوانرێت چەندین جار پرسیاری ئاراستە بکرێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر مامۆستایان بە بنەماکانی زیرەکی دەستکرد و خوێندەواری زیرەکی دەستکرد ئاشنا نەبن، جگە لەوەی بێکار دەبن، ئەوا دەسەڵاتی پەروەردەیی خۆشیان لەدەست دەدەن.

پێدەچێت وانەوتنەوە بە زیرەکی دەستکرد زۆر باش بێت، بەڵام جێگەی قوتابخانە و خوێندنگە ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی خوێندنی ناو پۆلەکان زۆر شتی تر دەرەخسێنن وەک، دەرفەتەکان بۆ پراکتیزەکردنی کارامەییەکانی فێربوون. بۆیە پرۆسەی خوێندن، فێرکردنی دروست و ورد بۆ خوێندکاران بە یەکێک لە ڕەهەندە هەستیارەکانی سیستەمی پەروەردەیی دادەنرێت. مامۆستا هەمیشە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی ئەزموونی ناوازە، شێوازی فێرکردنی چەمکەکان بۆ خوێندکاران باشتر دەکات. لەم نێوەندەدا ئامرازەکانی بنەمای زیرەکی دەستکرد وەک ڕۆبۆتەکان بەهۆی ئەلگۆریتمەکانەوە دەجوڵێن کە دووبارەبوونەوە و ئەزموون کاریگەرییان لەسەر نییە. بۆیە پێکهاتەی ئەزموون بۆ ئەوان پەیوەندیدار نییە و لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەی وانەوتنەوە باشتر نابن.

یەکێکی تر لە خاڵە نەرێنییەکانی ئەم سیستەمە، چڕکردنەوەی نایەکسانی پەروەردەییە، واتە زیادبوونی چڕبوونەوەی نایەکسانی لەم بوارەدا کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ئەدای پەروەردەیەکی تەندروست و کوالێتی خوێندن نزم دەکاتەوە، ڕەنگە زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا نایەکسانییەکانی ئێستا لە دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی پەروەردە گەورەتر بکات. هەروەها قوتابخانە یان ئەو دامەزراوانەی کە زیاتر دەستیان بە سەرچاوەکان گرتووە دەتوانن تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی زیرەکی دەستکرد بکڕن و ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکاری لە دژی خوێندکارانی بێبەش و کەم ئیمتیاز.

سەبارەت بە پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندن و پێگەیاندن لە زانکۆکانیش دەبینین کە ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی چالاک کار دەکات، بەڵام، لەگەڵ سەرهەڵدانی پڕۆگرامەکانی زیرەکی دەستکرد لە زانکۆکاندا، مەترسییە ئەگەرییەکان و ئامادەیی بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکانیش زیادیان کردووە. بۆیە زۆر گرنگە زانکۆکان چوارچێوەیەکی گشتگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنی دابنێن بۆ پاراستنی بەرنامەکانی (AI) یان لە هەڕەشە ئەگەرییەکان، کە لەوانەیە هەوڵی دەستکاریکردنی بەرنامەکانی ئەم ئامێرە بدرێت لە زانکۆکان بۆ مەبەستی زیانبەخش

وەک گۆڕینی نمرەکان یان قرتێلە لێدانی زانیاری هەڵە.

هەروەها زۆرێك لە خوێندکاران لەوەیە ئاسوودەبن لەگەڵ بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی وەك (چات جی پی تی) یان (گۆگڵ)، چونکە ئەم ئامێرە زیرەکانە دەستیان بە داتا و ناوەڕۆکی بێکۆتایی گەیشتووە کە بەراورد ناکرێت بە زانیاری هیچ مامۆستایەک یان پرۆفیسۆرێک لە جیهاندا. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵێک مامۆستا یان خوێندکار، بۆیە پێویستە سەرەتا لە پێداویستی خوێندکاران تێبگەین. خۆمان بە خوێندەواری زیرەکی دەستکرد تەیار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ منداڵەکانمان باسی زیرەکی دەستکرد بکەین و قسە بکەین. بەم شێوەیە دەتوانین دەسەڵاتی پەروەردەیی خۆمان بپارێزین و دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بەرکەوتن بە زیرەکی دەستکرد کەم بکەینەوە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی هاوچەرخ، یەکخستنی زیرەکی دەستکرد هەم دەرفەتی ناوازە و هەم تەحەدای سەخت دەخاتە بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرخواز و مامۆستایان و کەسوکاری خوێندکاران.

سەرچاوەکان:

۱- سایت ایرنا، هوش مصنوعی چه تاثیری بر نظام آموزشی دارد، تاریخ انتشار، (۱۲ بهمن ۱٤۰۲). (https://gerdab.ir/fa/news/)

۲- خبر گزاری مهر، فرصت ها و تهدیدات هوش مصنوعی در حوزه آموزش، تاریخ انتشار(۱۵ مرداد ۱٤۰۲). https://www.mehrnews.com/news/

۳- سایت نیرا، فهیمه رضائی و فقیه عبدالهی، بررسی کاربرد هوش مصنوعی در نظام تعلیم و تربیت، (۳۰آزر و ۱دی ۱٤۰۲)، مازندران. https://neraconf.ir/Areas/Panel/Hamayesh/

Ethan Mollick, Using Al Tutors to Flip Your Classroom, june4,4024.https://www.edutopia.org/article/using-ai-tu-.tors-flipped-classroom

The birth of Artificial Intelligence 2-(AI) research

https://st.llnl.gov/news/look-back/ 3-birth-artificial-intelligence-ai-research

Grady Andersen & MoldStud Re- 4-search Team, The Role of Cyber Secu-

rity in Artificial Intelligence Education at Universities, Published on 25 .January 2024

https://moldstud.com/articles/p-the-role-of-cyber-security-in-artificial-intelligence-education-at-universities.

Asst.Prof. Dr.Hiba Zuhair, The Role 5- of Artificial Intelligence in Cyber-Security, AI-Kut Unversity College Journal, 2024.

https://www.iasj.net/iasj/article/314437



پرۆفایل..

م. شوان (شوان رسول عبدالله)

- پیشە: مامۆستا بۆ ماوەی (١٦ ساڵ) لە کەرتی پەروەردە خزمەت دەکات.

- بڕوانامە: بەکالیۆریوس و ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ.

- زمان: شارەزایی تەواو لە زمانی فارسی (قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ئێران تەواو کردووە، بروانامەی دیپلومی هەیە لە زمانی فارسیدا)، لە بابەتی زمانی ئینگلیزیش ناوەندییە.



زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا: ئاسۆ، ئالنگاری و دەرفەتەکان

کورتەیەک:

خەریکە زیرەکی دەستکرد AI پێکهاتەی پەروەردە لە سەرانسەری جیهاندا بگۆڕێت. ئەم تەکنەلۆژیایە چارەسەر بۆ تایبەتمەندتر و کەسایەتیکردنی (Personalization) ـی فێربوون دابین دەکات. فێربوون و ئۆتۆماتیکیکردنی هەڵسەنگاندنەکان و باشترکردنی بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردەیی بۆتە یەکێک لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی بواری پەروەردە، ئەم بابەتە ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا دەکۆڵێتەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر فێربوونی فێرخوازان و مامۆستایان شی دەکاتەوە، هەروەها، تەحەددیاتی ئێستا، لەوانەش نیگەرانییە ئەخلاقییەکان و بەربەستە تەکنیکییەکان، دەکۆڵێنەوە لە ڕوانگەی داهاتووەوە بابەتەکە پێشنیازەکان بۆ فراوانکردنی بەکارهێنانی AI لە پەروەردەدا دەخاتە ڕوو.

پێشەکی:

لە دەیەی ڕابردوودا، تەکنەلۆژیاکان لەسەر بنەمای زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا هەبووە. لە سیستەمی پێشنیازکارەوە تا چاتبۆت و شیکاری داتاکان. AI لە کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا کاریگەر بووە. لە بواری پەروەردەدا ئەم تەکنەلۆژیایە بووەتە ئامرازێکی ستراتیژی بۆ باشترکردنی پەروەردە و کەمکردنەوەی کەلێنی پەروەردەیی.

مەبەست لەم بابەتە، لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان AI لە پەروەردە، شیکردنەوەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی و دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی ئێستایە. هەروەها ئەم بابەتە پێشنیازەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە سیستەمی پەروەردەدا دەخاتە ڕوو.

نووسینی:
فەرەیدون صالح رسول

پێشینە و بنەمای بۆچوون

زیرەکی دەستکرد وەکو هاوشێوەکردنی زیرەکی مرۆڤ لەلایەن ئامێرەکانەوە وەک چەمکێکی زانستی لە ساڵانی ١٩٥٠ هەوە پێشنیازکرا. لە ساڵانی ڕابردوودا گەشەی فێربوونی ئامێر (Machine Learning) و پرۆسێسی زمانی سروشتی (Natural Language Processing) دەرفەتی نوێی بۆ بەکارهێنانی AI لە پەروەردەدا ڕەخساندووە.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە سیستەمی فێربوون لەسەر بنەمای AI دەتوانێت پەروەردە بەپێی پێویستی تاکەکەسی فێرخوازان بەکاربهێنە (Smith & Brown, ٢٠٢٢). هەروەها ئامرازەکانی وەک سیستەمی پێشنیازکردن (Recommendation Systems) بووەتە هۆی ئەوەی ناوەڕۆک بە کەسی بکرێت (Jones et al., ٢٠٢٠).

ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا:

١. بە کەسی کردنی پڕۆسەی فێربوون

تایبەتمەند و کەسایەتی کردنی (Personalization)ی فێربوون، یەکێک لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدایە. بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکانی پێشکەوتووی بابەتەکان، پلاتفۆرمە زیرەکەکان دەتوانن پێداویستی و توانا و بەرژەوەندییەکانی هەر کەسێک شی بکەنەوە و ناوەڕۆک و شێوازی ڕاهێنان کە لەگەڵ ئەواندا بگونجێت دابین بکەن. بۆ نموونە سیستەمەکان، بەپێی پێشکەوتنی فێرخوازەکە، فێربوون و ناوەڕۆکەکە ڕێکدەخەن، ئەم شێوازە کارایی و بەشداریکردن لە پڕۆسەکەدا زیاد دەکات و یارمەتیدەرە، جگە لەوەش بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت دەرفەت بۆ پێشخستنی دادپەروەری پەروەردە دروست بکات.

توێژینەوەکان دەریدەخەن، کە کەسایەتیکردنی فێربوون لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی فێرخوازان زیاد دەکات، بۆ نموونە؛ پلاتفۆرمەکانی وەک «DreamBox» و «Carnegie Learning» شیکاری داتا بەکاردەهێنن بۆ گونجاندنی شێوازەکانی وانەوتنەوە و ناوەڕۆک بە پشتبەستن بە پێداویستییە تاکەکەسییەکانی هەر فێرخوازێک. ئەم سیستەمانە دەتوانن خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فێرخوازان دەستنیشان بکەن و سەرچاوەی پەروەردەیی گونجاو پێشنیاز بکەن، ئەم کەسایەتیکردنە نەک تەنها کوالیتی خوێندن باشتر دەکات بەڵکو بەشداریکردنی فێرخوازانیش لە پڕۆسەکەدا. هەروەها لێوارەکە زیاد دەکات.

٢. هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی

AI دەتوانێت هەڵسەنگاندنی تەقلیدی بە وردی و خێرایی زیاتر ئەنجام بدات، ئامرازەکانی وەک Turnitin سیستەمی ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی ئۆتۆماتیکی کاتەکانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە کەمدەکاتەوە (Lee et al., ٢٠٢٠).

زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئۆتۆماتیکیکردنی هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەروەردە و ئامرازەکانی وەکو Gradescope و سیستەمی نمرەی ئۆتۆماتیکی دەتوانن بە وردی و خێرا نمرەی تاقیکردنەوەکان، ئەرکەکان و وتارەکان بدەن ئەم تەکنەلۆژیایە پرۆسێسی زمانی سروشتی (NLP) و ئەلگۆریتمەکانی تەوەر بەکاردەهێنێت و فێربوونی ئامێری وەڵامی نووسراو و شیکاری هەڵدەسەنگێنێت.

سوودەکانی:

- کەمکردنەوەی هەڵەی مرۆڤ
- زیادکردنی خێرایی ڕاستکردنەوە
- توانای پێشکەشکردنی فیدباکێکی دەستبەجێ و کەسی بە فێرخوازان.

بەپێی توێژینەوەیەکی گۆڤاری زانستە پەروەردەییەکانی ئەوروپا، زیرەکی دەستکرد نەک تەنها لە تۆمارکردنی نمرەی تاقیکردنەوەکان بەڵکو لە هەڵسەنگاندنی ئەدای داهێنەریشدا سەرکەوتوو بووە.

٣. دەستڕاگەیشتن و گشتگیری

هەروەها لەڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دەتوانرێت پەروەردە بۆ ئەو فێرخوازانە زیاتر بکات کە پێویستی تایبەتییان هەیە، تەکنەلۆژیای دەق بۆ قسەکردن و نەرمەکاڵای وەرگێڕان لەنێو ئەو ئامرازانەدان کە بەسوودن

بۆ ئەو کەسانەی کە کێشەی بیستن و بینینیان هەیە (White et al., ٢٠٢٢).

یاریدەرەکانی فێربوونی مەجازی لەسەر بنەمای زیرەکی دەستکرد، ئامرازێکن، کە بۆ فێربوون و وانەوتنەوە دیزاین کراون لە پڕۆسەکەدا و یارمەتی فێرخوازان و مامۆستایان دەدەن ، ئەم سیستەمانە تەکنەلۆژیای وەک پرۆسێسی زمانی سروشتی (NLP) و فێربوونی ئامێر بەکاردەهێنن بۆ پێدانی وەڵامی ورد و پەیوەندیدار بە پرسیارەکان و هەروەها ئاسانکاری بۆ پڕۆسەی پەروەردە دەکەن. نموونە:

چاتبۆتی پەروەردەیی: ئامرازەکانی وەک چاتبۆتی Duolingo Chatbot و Socratic by Google، وەڵامی پرسیارەکانی فێرخوازان دەدەنەوە لەسەر بابەتگەلێکی جیاواز و چەمکە ئاڵۆزەکان ڕوون دەکەنەوە.

کتێبی ڕێنمایی کارلێککردن: سیستەمی نموونەیی IBM Watson Tutor ، ناوەڕۆکی کەسی پێشکەش دەکات و فیدباک دەدات بە پشتبەستن بە ئاستی زانیاری فێرخواز.

پاڵپشتی ٧/٢٤: ئەم یاریدەدەرانە بەبێ سنووری کات بەردەستن و ئەگەری وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان لە هەر ساتێکدا دەڕەخسێنن.

توێژینەوەی زانستی: توێژینەوەیەک لە Journal of Artificial Intelligence in Education دەریخستووە کە یاریدەدەرانی مەجازی دەتوانن بەشداریکردنی فێرخوازان بە ڕێژەی ٣٠ ٪ زیاد بکەن و پیویستبوونی پشتگیری مامۆستا لە چالاکییە باوەکاندا بە ڕێژەی ٢٠٪ کەم بکەنەوە، ئەم ئامرازانە ڕێگە بە مامۆستایان دەدەن کە سەرنجیان لەسەر بەشە ئاڵۆزترەکانی دیکەی پڕۆسەی وانەوتنەوە بێت.

لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە ڕووبەڕووی چەند ئالنگارییەک ببینەوە، لەوانە:

- توانای سنووردار بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان یا قوواڵەکان.
- پێویستبوون بە داتای بەرفراوان بۆ باشترکردنی کوالیتی وەڵامەکان.
- پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتاکان.

ئەم ئامرازانە داهاتوویەکی ڕووناکیان بۆ ئاسانکاری پڕۆسەی فێربوون هەیە و هێشتا پێویستیان بە پێشکەوتنی تەکنیکی و گونجاندن لەگەڵ پێداویستییە پەروەردەییەکان هەیە.

٤. بەڕێوەبردنی پۆلەکان و داتاکان

سیستەمی بەڕێوەبردن فێربوون (LMS) کە بە زیرەکی دەستکردی وەک Canvas و Moodle ئەگەری شیکردنەوەی پێشکەوتنی فێرخوازان و پێشبینیکردنی ئەدای فێرخوازانیان ڕەخساندووە ئەم ئامرازانە یارمەتی مامۆستایان دەدەن کە زیاتر سەرنجیان لەسەر وانەوتنەوە و پشتگیریکردنی فێرخوازان بێت (Garcia, ٢٠٢٣).

تواناکان:

- بەدواداچوون بۆ ئەدای فێرخوازان: سیستەمەکانی AI داتا کۆدەکاتەوە و شیکاری دەکات بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فێرخوازان.
- بەڕێوەبردنی کات: ئامرازەکانی وەک Timetable AI خشتەی پۆلەکان ڕێکدەخەن.
- شیکاری داتا گەورەکان: ئەم تەکنەلۆژیایە ڕێگە بە مامۆستایان دەدات ڕەفتارەکانی پەروەردەی تایبەت و ناسنامەی فێرخوازان دەدات.

توێژینەوەیەک لە گۆڤاری نێودەوڵەتی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی دەریخستووە کە بەکارهێنانیAI لە بەڕێوەبردنی پۆلدا دەتوانێت بەرهەمهێنانی مامۆستایان بە ڕێژەی ٤٠٪ زیاد بکات و پێشکەوتنی فێرخوازان باشتر بکات.

لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە ڕووبەڕووی چەند ئالنگارییەک ببینەوە، لەوانە:

- دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان بە تەکنەلۆژیا.
- پێویستی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی AI بە شێوەیەکی کاریگەر.

بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی کوالیتی و کاریگەری بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و توانای پەروەردەکاران بەهێز دەکات بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە جیاوازەکانی فێرخوازان.

ئالنگاری ئەخلاقی زیرەکـــــی دەستکرد لە پەروەردەدا

بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا پەیوەندی بە پرسە ئەخلاقییە جدییەکانەوە هەیە کە دەبێت بەڕێوەببرێن بۆ بەکارهێنانی دادپەروەرانە و کاریگەر:

١. لایەنگری ئەلگۆریتمی (Bias)

لایەنگری ئەلگۆریتمی کاتێک ڕوودەدات کە مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر داتا ناتەواوەکانی نادادپەروەرانە ڕاهێنراون و

بڕیار دەدەن کە نایەکسانیەکانی ئێستا بەهێزتر دەکەن یان زاوزێ بکەنەوە لە پەروەردەدا، ئەم لایەنگرییە ڕەنگە کاریگەری لەسەر شێوازی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان لە قوتابخانەکاندا یا دابینکردنی سەرچاوە کاریگەر بێت. نموونە:

داتای ناتەواو یا لایەنگری: ئەو سیستەمەی کە داتای مێژوویی بە لایەنگری ڕەگەزی و چینایەتی و نەتەوەیی بەکاردەهێنن (بۆ نموونە؛ زانیارییەک لە وڵاتانی دراوسێی کوردستان لەسەر کوردستان)، لەوانەیە ئەم لایەنگرییانە لە کرداری کانیاندا دووبارە بکەنەوە.

ئەنجامە نایەکسانەکان: لەوانەیە مۆدێلی پێشبینیکردن، هەندێک فێرخوازان لە چینی خوارەوە، کەمتر بەهرەمەند پیشان بدات لە هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە.

چارەسەرەکان:

- پێداچوونەوەی بەردەوام بە داتا و مۆدێلەکان.
- هەمەچەشنکردنی داتاکانی ڕاهێنان.
- دروستکردنی ئەلگۆریتمی شەفاف و ڕوون.

زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا ئەگەر بە وردی بەڕێوە نەبرێت دەتوانێت بۆشاییەکانی ئێستا قوڵتر بکاتەوە.

٢. پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتاکان

کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە کەسییەکانی فێرخوازان لەلایەنAI نیگەرانییەکان سەبارەت بە پاراستنی نهێنی فێرخوازان دەوروژێنێت یاساکانی وەک GDPR لە ئەورووپا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەحەددایانە داڕێژراون، بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتان هێشتا چوارچێوەیەکی ڕوون نییە.

زیرەکی دەستکرد بۆ باشترکردنی پەروەردە پێویستی بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری زۆر هەیە دەربارەی فێرخوازان و مامۆستایان و پڕۆسەکانی پەروەردە ئەمەش تەحەدای گرنگ لە ڕووی پاراستنی نهێنی و ئاسایشی زانیارییەکانەوە دروست دەکات.

نیگەرانییە سەرەکییەکان:

کۆکردنەوەی زانیاری هەستیار: زانیاری کەسی وەک پێشینەی پەروەردەیی، ئەلگۆریتمی فێربوون، زانیاری کەسی و تەنانەت دارایی و خێزانیش کۆدەکرێتەوە.

هەڵگرتن و گواستنەوەی ناپارێزراو: گواستنەوەی زانیاری لە سیستەمی پەروەردەدا بەبێ کۆدکردنی دروست دەتوانێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی نهێنی.

بەکارهێنانی نادروستی داتا: دەتوانرێت داتا کۆکراوەکان بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاربهێنرێت بەبێ ڕەزامەندی بەکارهێنەران.

چارەسەرەکان:

- شەفافیەت لە کۆکردنەوەی زانیاری: پێویستە فێرخوازان و دایک و باوک بزانن چ داتایەک کۆدەکرێتەوە و بۆچی.
- جێبەجێکردنی بەهێزتری یاساکان: چوارچێوەی یاسایی وەک GDPR (یاساکانی پاراستنی زانیاری لە ئەورووپا) و COPPA (پاراستنی تایبەتمەندی منداڵان لە ئەمریکا) پێویستە لە سیستەمی پەروەردەدا جێبەجێ بکرێن.
- کۆدکردنی داتا: هەموو ئەو زانیاریانەی کە هەڵگیراون و دەگوازرێنەوە دەبێت کۆد بکرێن بۆ ڕێگریکردن لە دەستگەیشتن بە بێ مۆڵەت.

بەڕێوەبردنی داتا لە پەروەردەدا پێویستی بە هاوسەنگی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی تواناکانی زیرەکی دەستکرد و پاراستنی مافەکانی پاراستنی نهێنی.

۳. جێگۆڕینی مامۆستایان

هەندێک لە ڕەخنەگران نیگەرانن لەوەی کە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت جێگەی مامۆستا بگرێتەوە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کارلێکی مرۆڤ و پڕۆسەکە دەبێت.

هەندێک پێیان وایە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد وەک مامۆستای مەجازی، سیستەمەکانی نمرەی ئۆتۆماتیکی و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای ئەلگۆریتم، دەتوانن ئەرکە تەقلیدییەکانی مامۆستایان ئەنجام بدەن بەڵام ئەم جێگرتنەوە تەواوە ڕەنگە کاریگەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەرچاوی هەبێت.

لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر وشتر:

تۆژینەوەیەک لە Computers & Education جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەکارهێنانی فێربوونی ئامێر بۆ ئاسایشی داتا دەتوانێت مەترسی دەستێوەردان لە سیستەمی پەروەردەیی بە ڕێژەی ۷۰ ٪ کەم بکاتەوە.

خاڵە بەهێزەکانی:

کەمکردنەوەی تێچوونەکان: زیرەکی دەستکرد دەتوانێت تێچووی دەستی کار کەم بکاتەوە.

دەستڕاگەیشتنی جیهانی: لە ناوچە بێبەهرەکاندا، یاریدەدەرکانی AI دەتوانن پەروەردە بکەنە

شتێکی بەردەست و ئاسان.

هەڵسەنگاندنی ورد: سیستەمی زیرەک دەتوانێت بە وردی داتاکان شی بکاتەوە و یارمەتی فێربوونی کەسی بدات.

ئاڵنگاری و سنووردارکردنەکان:

نەبوونی کارلێکی مرۆڤ: توێژینەوەکان دەریانخستووە کە کارلێکی مرۆڤ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی فێربوون، ڕەنگە لە غیابی مامۆستادا فێرخوازان لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە ئازار بچێژن.

کوالیتی نزم لە ئەرکە ئاڵۆزەکان: هێشتا سیستەمەکانAI ناتوانن کێشە قوونڵەکان چارەسەر بکەن یان وەک مامۆستایەکی بە ئەزموون بە شێوەیەکی داهێنەرانە چارەسەر بکەن.

نیگەرانییەکانی ئەخلاقی و پیشەیی: جێگرەوە ڕەنگە ببێتە هۆی بێکاری مامۆستا و ببێتە هۆی بەرخۆدانی بەرفراوان لە کۆمەڵگەی پەروەردەدا.

توێژینەوەیەک لە International Journal of Artificial Intelligence in Education دەریخستووە کە زیرەکی دەستکرد لە ئێستادا ناتوانێت جێگەی هەموو ئەرکەکانی وانەوتنەوە بگرێتەوە، بەتایبەتی لایەنە کۆمەڵایەتی و داهێنان، بۆیە پێویستە وەک تەواوکەرێک بەکاربهێنرێت نەک جێگرەوەیەک.

٤. دەستڕاگەیشتنی نایەکسان بە تەکنەلۆژیا

نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکان AI دابەشبوونی دیجیتاڵی لە ناوچە کەمدەرامەتەکاندا زیاد دەکات و هەڕەشە لە دادپەروەری پەروەردە دەکات.

چارەسەرەکان:

- زیادکردنی شەفافیەتی ئەلگۆریتمەکانی تەوەرەکان.
- دانانی یاسای ڕوون بۆ پاراستنی نهێنی تایبەت.
- بەهێزکردنی ڕاهێنانی مامۆستایان لە بەکارهێنانی AI.

ئەم تەحەددایانە پێویستیان بە بەڕێوەبردنی ورد و هاوکاری لە نێوان پەروەردەکاران و گەشەپێدەران و یاسادانەران هەیە.

داهاتووی زیرەکی دەستکرد لە پەروەردەدا

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، چاوەڕوان دەکرێت کە AI ڕۆڵێکی بەرچاوتر بگێڕێت لە

فێربوونی کارپێکراو، فێرکردنی هاوشێوەکردن و بەهێزکردنی مامۆستایان. هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە تۆژینەوە و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیاکان دەتوانن دەرفەتی نوێ بۆ سیستەمی پەروەردە دابین بکەن (Garcia, ٢٠٢٣).

زیرەکی دەستکرد ئامرازێکی بەهێزە بۆ گۆڕینی پەروەردە. ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت پەروەردە بە کەسایەتیکردن و زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و کاراترکردنی پڕۆسەکانی پەروەردە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنین پێویستە تەحەددای ئەخلاقی و ئابووری و تەکنیکی چارەسەر بکەین.

سەرچاوەکان:

AI Garcia, M. (2023). AI in Learning Management Systems: A New Era. Educational Technology Journal

Johnson, K., & Smith, R. (2021). The Impact of AI on Personalized Education. Journal of Learning Sciences

Lee, J., et al. (2020). Automated Assessment Systems in Modern Classrooms. Assessment in Education Review

White, P., & Zhang, L. (2022). Inclusive Education through AI Technologies. Journal of Accessibility Studies

Smith, A., & Brown, B. (2022). Ethics and Challenges of AI in Education. Global Education Review

پڕۆفایل..

- فەرەیدون صالح رسول
- مامۆستا، ڕاهێنەر، نووسەر.
- لەدایکبووی ١٩٨٣.
- ماستەر لە زانستی بیرکاری.
- ئەزموونی ١٦ ساڵ مامۆستایەتی لە کەرتی پەروەردە.
- شارەزا لە بەکارهێنانی شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە و تەکنەلۆژیا نوێیەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن.
- ڕاهێنەرو شارەزا لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەو چالاکییە پەروەردەییەکان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە.
- بەشداری لە چەندین خول و سیمینارى پەیوەندیدار بە پەروەردە و فێرکردن کردووە.
- نووسەر لە بواری پەروەردە و، هۆشیارییی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بابەتی گشتی

کاریگەری دەرکەوتن و گەشەی قەوارەکان لەسەر یەکتر
میرنشینی عەننازی و میرنشینی حەسنەوی بەنموونە

ڕێخۆشکردن:

شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی کاریگەری سەروەری هۆز و قەوارەی سیاسی و میرنشین و دەوڵەتەکان لەسەر یەکتر:

پەیدابوون و دەرکەوتنی دەوڵەتان چەندین گـــــــۆڕانکاری لە دەوڵەت و قەوارەکانی دەوروبەری خۆی دروست دەکا و کاریگەریەکانی فرە ڕەهەندن و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەزۆر لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت و بگرە پایەسەرەکیەکانی دەوڵەت کە بریتین لە :

- بوونی هەرێم.

- بوونی گەل ومیللەت.

- بوونی دەسەڵاتی سیاسی.

پایەسەرەکیەکانی دەوڵەت کە بریتین لە :

- بوونی هەرێم.

- بوونی گەل ومیللەت.

- بوونی دەسەڵاتی سیاسی.

ئەم پایانە زۆر جاربەهۆی ئەم گۆڕانکارییانە گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردادێت، من لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بەهەندێ لەو گۆڕانکاری و کاریگەرییانە دەکەم لە چەند خاڵێکدا:

یەکەم: ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهەر هۆکارێکی لەناکاو دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەگەزەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لەو دەوڵەتەدا؛ بەنمونە دەبێتە گۆڕینی بنەماڵە و خانەوادەی پاشا و وەزیر و جۆری حوکمڕانی لە پاشایی بۆ کۆماری، یان لە دەسەڵاتێکی یاسایی بۆ دکتاتۆری ....هتد

دووەم: ئەو گۆڕانکاریانەی ڕووەدەن و ڕەگەز و پایەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە دەگۆڕن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانە ڕەسەنەکان ڕوو لەکەمی دەکەن و تیرە و هۆزی کۆچەری تر دێن و جێیان دەگرنەوە و پەنابەران لە دانیشتوانی ڕەسەن زۆرتردەبن.

سێیەم: ئەو گۆڕانکاریانەی کە پایەی هەرێمی

نووسینی:
نەبەز ئیسماعیل



دەوڵەت دەگۆڕن، ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی دەوڵەتەکە کەزۆر لەو هەرێمە زیاتردەبێ، یان وێکهاتنەوەی دەوڵەتەکە کە ئەو هەرێمە زۆر بچوک دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی جیابوونەوەی پارچەکانی تر و زەوتکرانی خاکەکەی لەلایەن دراوسێکانی و ...هتد.

یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ لەم سێ گۆڕانکاریانەدا زۆر جاران ستەمکارانە چارەی کردووە و پێی وایە کە نەگۆڕانی دەسەڵات و حاکم و نەگۆڕانی دیمۆگرافیای دانیشتوان و نەگۆڕانی ڕووبەری وڵاتەکە ئەو بەڵێننامە و پەیماننامانە هەڵناوەشێنێتەوە، دەبێ ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانانە پابەند بێ بەدانەوەی قەرزەکانی دەسەڵاتی پێشوو و باری گەمژەیی و سەرەڕۆیی حاکم و دانیشتوانی ڕابردوو هەڵگرێت.

ئەم گـــــۆڕانکاریانە لەکۆندا پابەندی و گرێبەستیشیان هەڵوەشاندۆتەوە، زۆر جار بەهۆی گۆڕانی دیمۆگرافیای دانیشتوان ڕەگەز و ڕەچەڵەک و زمانی ئەو دەوڵەتەش گۆڕاوە، وە زۆرجار دین و مەزهەب و باو و نەریتیش گۆڕاوە، زۆرجار بنەماڵەی حوکمڕان زمان و نەتەوەکەی واز لێهێناوە و چۆتە سەر زمان و نەتەوە و مەزهەب و باو و نەریتی دانیشتوانی، وەک ئەیوبی و مەمالیکەکانی میسر کە لەناو گەلی عەرەبی میسر توانەوە و بوونە بەشێک لەو گەلە، وە زۆرجار بنەماڵەی حوکمڕان بەهۆی زەبر و زەنگی خۆی زمان و نەتەوەی لەبیر دانیشتوان بردۆتەوە وەک دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەزۆر وڵات ئەم کارەیان کردووە. ئەم بابەتەش کەباسی جۆرێک لە دەرکەوتنی گۆڕانکاری دەکات بەهۆی دەرکەوتنی میرنشینی بنەماڵە و تیرەیەک لە تەنیشت میرنشین و دەوڵەتی بنەماڵە و تیرەیەکی تر، کە بێگومان ئەم میرنشینە دەبێتە چەندین گۆڕانکاری لە هەرسێ پایەی دەوڵەت دا، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەم ئەو هێڵە گشتی و گۆڕانکارییە ڕیشەییانە دەرک پێ بکەم [1].

ڕووماڵێکی خێرا بۆ دۆخی سیاسی وڵاتی کوردستان لەسەردەمی عەباسییەکاندا:

ئەو دەســـــەڵات و قەواڕە و هۆزە خاوەن سەروەریانەی لە کوردستان دەرکەوتن مێژووی کات و شوێنیان لێک نزیکە، هەر ئەوەش وادەکات کەدەبێ جـــــۆرێک لە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبووبێ، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین قەوارەکان و ساڵی سەرەتا و کۆتاییان دەکەم:

١- بنەماڵەی سەدیقیەکان لەنێوان ساڵانی (١٥٣-٢١٢ کۆچی بەرامبەر ٧٧٠-٨٢٧ز)بەردەوام بوو کە پایتەختەکەی ورمێ بوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردستانی ناوەڕاست دەرکەوت

ئەم بنەماڵەیە لەبنچینەدا لە مەوالی و کورد ئازادکراوەکانی تیرەی ئەزدی عەرەبی بوون [٢].

١- میرنشینی هەزبانییەکان لە ٢٩٣-٦٥٦/ک ٩٠٥–١٢٥٨ز لەگەڵ تیرەی ڕەوادی ئامۆزابوون [٣].

٢- دەسەڵاتی عەیشانییەکان (٣٠٠-٣٥٠هـ/ ٩١٢-٩٦١م). کە تیرەیەک بوون لە هۆزی بەرزیکانی.

٣- میرنشینی ڕەوادییەکان: الإمارة الرّوادية (٣٣٧-٤٦٣هـ/٩٤٨-١٠٧١م). تیرەی ســـــەلاح الدینی ئەیوبی.

٤- میرنشینی شەددادییەکان الإمارة الشدّاديّة (٣٤٠-٥٩٥هـ/ بەشێک بوون لە هۆزی ڕەوادی

میرنشینی دۆستەکییەکان. الدولة الدوستكية (٣٤٥-٤٨٩هـ/٩٥٦-١٠٩٥م). بەشێک بوون لە هۆزی حەمیدی.

٥- میرنشینی حەسنەوییەکان: الإمارة الحسنويّة (٣٤٨-٤٠٦هـ/ ٩٥٩-١٠١٥م). هۆزی برزیکانی بوون (٤).

٦- میرنشینی مەروانیەکان (٣٨٠-٤٨٩ك/٩٩٠-١٠٦٩ز) [٥].

٧- میرنشینی عەنازییەکان لە (٣٨١-٥١١ک) بۆماوەی ١٣٠ساڵ لە حلوان و قرمسین و شارەزوور و دینەوەر و ئەسەدئاباد چەندین میر حوکمڕانیان کردووە و زۆرێک لە مێژووناسان ئاماژەیان پێ کردوون [٦].

کورتەیەک لەسەر مێژووی دامەزرانی میرنشینی حەسنەوی:

ناوچەی جبال پێش دەرکەوتنی حەسناوییەکان: دەوڵەتی بوەیهی لەساڵی٣٢١ لە ناوچەی جبال دامەزراوە.

وڵاتی جبال بەو ناوچەیە دەگوترا کە لەڕۆژهەڵاتی عێراق و جەزیرەی فوراتیە هەتا دەگاتە خوزستان-ئەحواز- لەڕۆژئاواش دەگاتە ئازربایجان و لەباکووریش دەگاتە دیلەم و قەزوین و لەڕۆژهەڵاتیش دەگاتە فارس و خۆراسان و ئەسبەهان و لەباشووریش تا ئەحواز و باشووری عیراقە.

بێگومان ئەو ناوچە بەرفراوانە لەو سەردەمە و هەتا ئێستاش دەیان میللەت و نەتەوە و ئاینزا و مەزهەبی تێدا نیشتەجێن، وە هەریەک لەوان دەیان هۆز و تیرە و قەوارەیان بەدرێژایی مێژوو دابەزاندووە، هەڵبەت ئەم هۆز و یەکە و قەوارانەش پەیوەندی ئەرێنی و نەرێنییان لەگەڵ یەک هەبووە.

زەرکەلی و قەلەشقەندی دەڵێن خەلیفە هارون ڕەشید ئەو ناوچەیەی بە بنەماڵەی دەلف کە تیرەیەک بوون لە بەکری کوڕی وائیلی عەدنانی عەرەبی سپاردووە و میرنشینەکەیان بەناوی میرنشینی کەرج بووە، بەڵام ئەم میرنشینە هەر زوو لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە ڕووخێنراوە [٧].

بەزۆری سەرەتای دامەزرانی قەوارە و بەرفراوان بوونی هەژمونی هۆز و میرنشینە مسوڵمانە جگە لە عەرەبەکان لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسیەکان کە عەباسیەکان هەژموونیان دا بەبەرمەکی و تاهرییە فارسەکان و دواتریش بوەیهییەکان دەرکەوتن. بەڵام دوای لەت لەت بوونی بوەیهییەکان بەهۆی ناکۆکی و کێبەرکێی ناوخۆیان و زوو فراوانبوونی وڵاتەکە و دژایەتی عەباسیەکان بۆیان بوونە سێ یەکەی ئیداری و هەر یەکەی حوکمڕانی ناوچەیەکیان دەکرد، ئەمەش ڕێی بۆ دەرکەوتنی حەسنەوییەکان خۆشکرد تاسەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن [٨].

هۆکارەکانی دامەزرانی میرنشینەکە:

میرنشینی حەسنەوی میرنشینێکی سەردەمی میرنشینە کوردییەکان بوو، کە لەسەر دەستی میر حەسنەوی کوڕی حسێن کوردی دامەزراوە. کە سەرۆکی خێڵی (بەرزیکانی) بووە لە هەرێمی چیاکان. مێژووی دامەزراندنی میرنشینەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٥٩ز (کە دەکاتە ٣٤٨ی کۆچی). شاری (شاپورخواست) لە ناوچەی (لوڕستان) پایتەختی میرنشینەکە بووە.

ئەمیر حەسنەوی کوڕی حسێنی بزرکانی سەرەتا سەرۆکی تیرەی بزرکانی بوو لەناوچەی

جبال، لاوازی بوەیهییەکانی قۆستەوە و لە ساڵی ٣٥٠ک سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و دەسەڵاتی بەسەر شار و قەڵاکانی ناوچەی جیبالدا گرت و میرنشینێکی بەناوی خۆی دامەزراند و قەڵای سەرماجی لەشاری دینەوەر کردە پایتەختی میرنشینەکەی و٩٧ساڵ ژیا ولەدوای خۆی کوڕ و نەوەکانی بوونە جێگرەوەی. هەندێک لەنەوەکانی عەباسییەکان دانیان پێدانان وەک هاوبڕکێیەک بۆ بوەیهییەکان. بەدرێژایی ئەوماوەیە پەیوەندی نێوان حەسنەوی و بوەیهییەکان لەنێوان شەڕ و ئاشتیدا بوو. دواجار بوەیهییەکان توانیان حەسنەوییەکان لەخۆبگرن. هەتا سەلجوقییەکان لە٤٣٩ ک/-١٠٤٧ز هاتن وهەردوو پاشماوەی بوەیهی و حەسنەوییان دەست بەسەرداگرت[٩].

هۆکارەکانی فراوانبوونی میرنشینەکە:

میر حەسنەویە کەخۆی سەرۆک تیرەی بزرکانی بوو، دوو خاڵی هەبوون کەناویان ونداد وغانم کوڕی ئەحمەد بوون[٩]، ئەمانە سەرۆکی تیرەیەک بوون بەناوی عەیشانی[١٠]. ئەم تیرەی عەیشانیە کەتیرەی دایکی میری حەسنەوییەکان بوو دەسەڵاتیان لەناوچەی دەوروبەری دینەوەر بوو[١١]. پاشان هەژموونیان لەدینەوەرەوە گەیشتە هەمەدان[١٢].

هەمەدان گەورەترین شاری ناوچەی جبال و نەهاوەند بوو کەشارێکە لەخوار هەمەدان[١٣]. دەسەڵاتی تیرەی عەیشانی گەیشتە شاری صامغان کەشارێکە لە هەرێمی جبال[١٤]. دواتر گەیشتنە دەوروبەری ئاذربیجان کە ویلایەتێکی سەربەخۆ بوو[١٥]، شارەزووریش لەنێوان هەولێر و هەمەداندا بوو و زوری کوڕی ئەژدەهاک ی دوا شازادەی جێنشینی مادەکان دایمەزراندووە[١٦].

ئەم دەسەڵاتەی تیرەی عەیشانیان بۆ ماوەی پەنجا ساڵ درێژەی کێشا لە ساڵی ٢٩٩هەتاکو ساڵی ٣٤٩ک خایاند[١٧].

هەریەک لەو دوو برایە کەخاڵی میری حەسنەوی بوون چەند هەزار لە کوردەکانیان لەگەڵ بوو، بەڵام ویندا‌د لەساڵی ٩٤٣ک مرد و کوڕەکەی أبو الغنائم عبد الوهاب جێگەی بابی گرتەوە و بووە فەرمانڕەوای عەیشانییەکان، بەڵام تیرەکەی لێی هەڵگەڕانەوە و بەقۆڵ بەستکراوی ڕادەستی میرحەسنەوییان کرد، میرحەسنەویش هەموو قەڵا و ناوچەکانی خستە ژێردەسەڵاتی خۆی. دیارە خاڵەکەی تری میری حەسنەوی کە غانم ئەحمەد بووە کاتێ ئەم دیمەنەی لەنێوان خوارزا و برازاکانی دیوە لەخەفەتان لەساڵی٣٥٠ئەویش مردووە[١٨].

ئەو بەشە دەسەڵاتەی ئەم خاڵەش بۆ کوڕەکەی ئەبو سالم دیسەمی کوڕی غانمی عەیشانی بەجێ ماوە، دیسەم پاڵی داوەتە لای بوەیهییەکان تاکو وەک ئامۆزاکەی لێ نەیەت و لەقەڵای قسان لەناوچەی جبال، بەڵام ئەبو فەتحی وەزیری بوەیهی ئەویشی لێخستووە و دەستی بەسەر قەڵاکەیدا گرتووە.

بـــــەو شێوەیە کۆتایی بەدەسەڵاتی عەیشانییەکـــــــان هاتـــــووە و ئەو خەڵکانەی گوێڕایەڵیان بوون هەموو چوونە پاڵ میری حەسنەوی، بە پێی قسەی ئیبن خەلدون و ڕۆژبەیانی و نەقشبەندی تیرەی عەیشانییەکانیش هەربەشێکن لـــــە تیرەی بەرزیکانی کە تیرەیەکی گەورە و خاوەن هەژموونی ئەو سەردەمە بوون، هەر لەسەدەی سێیەمی کۆچی هەژموونی هۆزی بەرزیکانی لەو ناوچەیە هەبووە. دوای کەوتنی دوو خاڵەکە میرحەسنەوی لەهەموو هەرێمی جیبال و ئازربایجان بۆتە فەرمانڕەوایەکی دانپێدانراو و ئەم میرنشینە بەیەکەم میرنشینی کوردی دادەنرێ لەماوەی ساڵانی ٣٥٠-٤٣٩ک.

میر حەسنەوی ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی کردووە و زۆر ژیرانە ئاگای لە دەسەڵاتی خۆی بووە و زۆر ناوچەی هێناوەتە سەر دەسەڵاتەکەی، میر بەدر کوڕی حەسنەوی کە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست میرێکی هێژا و بەکار بووە و قۆناغەکانی دوای باوکی تەواو کردووە کە زیاتر لە ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و پیاوێکی خێرخواز بووە کە زۆرترین ناوچەی هێناوەتە سەر میرنشینەکەی و زۆرترین سەیرکردنی بە سکاڵای لێقەوماوانەوە کردووە. میر بەدر زۆر بەدەم جوتیاران و وەرزێرانەوە بووە و پارە و پوولی بەسەردا دەبەخشینەوە. میر بەدر هەرگیز ڕێگەی نەدەدا سەربازانی ستەم لە کەس بکەن و زۆرترین پاشـاوەی مێژوویی لێ بەجێماوە. لەدوای میر بەدر [1]دەسەڵاتی میرنشینەکە بەرەو لاوازی چوو و دواین میر تاهیری کوڕی هیلال بوو، کە تەنیا بۆماوەی یەک ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە تا لە ساڵی ٤٠٦ی کۆچی میرنشینەکە کۆتایی هات و میرنشینی عەنازی شوێنەکەی گرتەوە [19].

دامەزرانی میرنشینی عەنازی:

لە٣٨١-٥١١ک بۆماوەی ١٣٠ساڵ لە حلوان و قرمسین و شارەزوور و دینەوەر و ئەسەدئاباد چەندین میر حوکمڕانییان کردووە و زۆرێک لە مێژوونـاسان ئاماژەیان پێ کردوون.

هۆکارەکانی دامەزرانی میرنشینەکە:

زۆرێک لە مێژوونوسەکان ئەم میرنشینی عەنازیە کەلە (٩٩٠ - ١١١٧) دەسەلاتدار بوون ١١٦٠ - ١٢٣٣) ی مێژوونووس پێی وایە پێیان گوتراوە (عناز) چونکە بە بەخێوکردنی عەنز واتە بزن خەریک بوون، کەچی ابن المستوفي مێژووناس دەڵێ ناوەکەیان (العياريون) عەیاریەکان بووە، دامەزرێنەری میرنشینەکە بەقسەی ئیبن مستەوفی ناوی محمدی عەیارە، وە وشەی عەیار لای کورد واتە زۆر فێڵباز و تەڵەکەباز بەڵام زیاتر بۆ ژنی مەکرباز و نازکەر بەکاردێ [٢٠].

بوونی هۆزێک لەناو عەرەبە عەدنانییەکان بەناوی عەنزییەکان و ئەم تیرە تا ئێستاش خاوەن دەسەڵاتن. ڕۆڵی عەنازییەکانیش دژی میرنشینی کوردی حەسنەوی هەرئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، ناوەکانی بەناوبانگترینی پاشاکانی ئەم بنەماڵەیەش ئەمانەن:

أبوالفتح محمد بن عناز (٣٨١-٤٠١ هـ) (٩٩١-١٠١١م

دوای وەرگرتنی ئەم دەستەڵاتە هەوڵی فراوانکردنی دەستەڵاتی داوە و کۆمەڵێ شار و قەڵای کۆنترۆڵ کردووە، وەك (قرماسين - شارەزوور - داقوق و دەسکەرە). لە دوای مردنی ابوفتح لە (٤٠١) کوڕەکەی دەستەڵاتی وەرگرتووە کە ناسراوە بە حسام الدين ابوشوك ئەویش بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایی تا ساڵی (٣٣٧) واتە نزیکەی ٣٧ ساڵ.

مهلهل بن محمد (٤٣٧-٤٤٤ هـ) (١٠١١-١٠٤٦ م) في شهرزور.

سرخاب ابن محمد لەساڵانی (١٠١١-١٠٤٦ ١٠٥٥ز).

مهلهل بن محمد لە ساڵانی (١٠٤٦-٩٤٩ز).

بدر بن مهلهل بن محمد بن عناز الكردي لەساڵانی١٠٤٦ ١٠٥٥ز.

أبوالفوارس سرخاب بن بدر بن مهلهل لەساڵانی (١٠٥٥-١١٠٧ز).

أبومنصور بن سرخاب لەساڵی ١١٠٧ز [٢١].

هیچ ناو و نازناوێکی کوردییان تێدا نییە جگە لە بدر الكردی.

هەژموونی عەنازییەکان لە شاری کرمانشاوە تاکو داقوق و مەندەلی و نوعمانییە

بوو لەشاری واست لە عێراق، دامەزرێنەرەکەی محمدی کوڕی عەناز (٩٩٠ - ١٠١١ز) بوو، لەسەردەمی ئەودا میرنشینەکەی لەگەڵ حەسنەوییەکان لە ململانێدا بوو، دوای ئەو حوسام الدولە شمشێری دەوڵەتمەداری، ئەبوشۆک، باوکی دڕک، ماوەی حوکمڕانی ئەویش ململانێی زۆری ناوخۆیی و هەڕەشەی دەرەکی تێدا بوو لەلایەن فخرالملیکی بوەیهی (لە٤٠٧کـ- ١٠١٦ز مردووە).

وە شمس الدولەی سلجوقی، ١٠٩٢-١٠٨٣، ١٠٩٢ (٢١).

تەوەری دووەم: هۆکارەکانی فراوانبوونی میرنشینەکە:

ئەم میرنشینە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ململانێدا بووە لەگەڵ میرنشینەکانی دەوروبەریـــــان بەتایبەتی (بوەیهییەکان)کە لەیەك ناوچە حوکمیان دەکرد کە ناوچەی چیا بوو.

هۆکارەکانی ڕووخانی میرنشینەکە:

دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان هەرسێ کوڕی ئەبوفەتح ناکۆکـــــی و ململانێی میرەکانی میرنشینەکە لەسەر دەستەڵات و ئەم ململانێیەش هەر لەسەرەتاوە دەستی پێکرد تاوەکو ڕووخانی میرنشینەکە، بەڵام ترسناکترین ململانێ لە نێوان سەعدی و مەهلهلی مامی بوو کە ئەویش دەرەنجامی خراپی بەجێهێشت لەسەر بارودۆخی میرنشینەکە بە تایبەتی دوای پشتبەستنی سەعدی بە دوژمنی هەرە سەختی میرنشینەکە کە ئەویش سەلجوقییەکان بوو (٢٢).

هێرشە یەك لەدوای یەکە دەرەکییەکان بۆ سەر میرنشینەکە کە رۆڵی باڵای هەبووە لە لاوازبوونی میرنشینەکە، وەك هێرشی غوز و سەلجوقییەکان و بەکارهێنان سیاسەتی مەرکەزی لەلایەن سەلجوقییەکان هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ لەناوبردنی میرنشینەکە. پەیڕەوکردنی سیستەمی پشتاو پشت کە بووە مایەی گەیشتنی کۆمەڵێ میری لاواز و کەم شارەزا بە دەسەڵات کە ئەمەش رۆڵی خۆی هەبووە لە لاوازکردنی میرنشینەکە.

هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافیای میرنشینەکە کە ناوچەیەکی بەخێر و بێر بوو وە ڕێگەی سەرەکی بازرگانی بوو کە بەڕێگەی خۆراسان دەناسرا، ئەمەش لە دوولاوە رۆڵی هەبووە، لەلایەك بووە ململانێ لەنێوان حەسنەوی و عەنازی و لەلایەکی تر بووە هۆی چاوتێبڕینی هێزە دەرەکییەکان بەتایبەتی سەلجوقییەکان کە

دواجار توانیان کۆتایی به میرنشینه‌که بهێنن.

ڕەوشی پەیوەندییەکانی ئەم میرنشینە لەگەڵ قەوارەکانی دەوروبەری:

میرنشینه کوردییه‌کان به ده‌سه‌ڵاتی ئیداره‌ی لامه‌رکزی به‌سترابوون به بوه‌یهییه‌کانه‌وه، بوه‌یهییه‌کان ده‌سه‌ڵاتی لامه‌رکه‌زییان هه‌بوو، له‌دوای میر وه‌زیر پۆستێکی گرنگ بوو، پاشگری (الدوله) وه‌ک پله و ده‌سه‌ڵاتێک بوو که خه‌لیفه ده‌یدا به پاشاکان وه‌ک ناسر الدوله، ڕکن الدوله.

دوای هاتنی سه‌لجوقییه‌کان هه‌ر له‌سه‌ر هه‌مان شێوازی بوه‌یهییه‌کان به‌ڕێوه‌چوون، چونکه سه‌لجوقییه‌کان خێڵه‌کـــــی و تیره‌ی تورکی نه‌خوێنده‌وار و بێ سه‌روبه‌ربوون، بوه‌یهی فارسه‌کان له‌وان لێهاتووتربوون، بۆیه تا ده‌رکه‌وتنی نیزام الملکی وه‌زیری به‌ناوبانگی سه‌لجوقی به‌ڕه‌گه‌ز فارس لـــــه ٤٨٠ک سه‌لجوقییه‌کان هیچ داهێنانێکیان نه‌کرد له کارگێڕی و ئیداریدا.

سه‌لجوقییه‌کان خـــــۆیان به‌سوڵتان ده‌زانی و ناوچه‌ی کرماشانیان دایه میرێکی حه‌سنه‌وی و ناوچه‌ی شاره‌زووریان دایه میرێکی عه‌نازی، ئه‌م دۆخه تا شه‌ڕی مه‌لاز کورد له ٤٦٣ك/١٠٧٠ز به‌رده‌وام بوو دوای ئه‌و شه‌ڕه تورکه سه‌لجوقییه‌کان سیسته‌می لامه‌رکه‌زی ئیداری بوه‌یهییه‌کانیان لابرد و میره کورددییه‌کانی شدادی و عنازی و مروانی و... لادان که‌سانی تورکیان له‌جێ دانان. والی بۆ شاره‌کان داده‌نرا، له دوای مردنی مه‌لیک شای سه‌لجوقی له ساڵی١٠٩٢زدا وڵاتی سه‌لجوقی به‌ره‌و له‌تبوون ڕۆیشت، بۆیه پێویستیان به دابه‌شکردنی ناوچه‌کان هه‌بوو بۆ چه‌ند ئه‌قتاع و ده‌ره‌به‌گێک که ئه‌و ده‌ره‌به‌گانه دواتر بوونه ئه‌تابه‌گی. ئه‌م ئه‌تابه‌گییانه جگه له ئه‌تابه‌گی ڕەوادی ئه‌وانی تر هه‌مووبان تورک بوون، ئه‌تابه‌گییه‌کانی زه‌نکی و سه‌لجوقی و خوارزمی و ململانێی نێوانیان ڕێی خۆشکرد بۆ ده‌رکه‌وتنی مه‌غۆله‌کان.

به‌هاتنی مه‌غۆل و دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی ئیلخانی، ده‌سه‌ڵاتی ئه‌تابه‌گه‌کانیش کۆتایی پێهات و، ویلایه‌تی نوێ ده‌رکه‌وتن، ساحبی دیوان و سه‌رپه‌رشتیاری مه‌مالیکیان دانا [٢٣].

گرنگترین ده‌ره‌نجامه‌کان:

١- له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا ئه‌وه تێده‌گه‌ین که تورکه‌کان و فارسه‌کان ململانێی نه‌ته‌وه‌یی و ژیارییان له‌گەڵ یه‌ک هه‌بووه و له‌و پێناوه‌شدا

پاشخانی مەزهەب و ڕێڕەوی دینییان لەیەکتر جیاکردۆتەوە، تاکو جیاوازی مەزهەبیش هاندەر و پاڵنەریان بێ لە ململانێیە نەتەوەیی و شارستانییەتەکەیان.

٢- بە پێچەوانەی فارس و تورکەکان کوردەکان هیچ هەستی نەتەوەیی و شارستانی و تەنانەت مەزهەبی دینیشیان لەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە دەبینین زۆر ئاسایی بووە لایان کە هەر دەوڵەتێک لەناوچەدا هەبووبێ پاشکۆییان بۆ کردووە، لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتە شیعیانە هەیانبووە مەزهەب زەیدی بووە وەک بوەیهییەکان، هەیانبووە مەزهەب ئیسماعیلی بووە وەک فاتمی و حەشاشەکان، هەیانبووە دوازدە ئیمامی بووە وەک حەمدانییەکان.

وە سوننەکانیش وەک سەلجوقی و زەنکییەکان کەبەنەتەوە تورک بوون ئەوانیش مەزهەبی حەنەفی و مەزهەبی عەقیدەیی و تەریقەتی سۆفیشیان جیا بووە لەکوردەکان، بەڵام هەموو ئەم جیاوازییە ڕێگری لە هۆز و قەوارە کوردییەکان نەگرتووە کە ببنە پاشکۆیان و شەڕی هۆزە کوردییەکان و میرنشینە کوردەکانی تر بکەن لە پێناوی ڕازیکردنی ئەو دەوڵەتانە.

٣- لەبەر شاراوەیی ڕەچەڵەکی عەنازییەکان زۆر پێناچێ کە بەڕەچەڵەک کورد بووبن، مامۆستا زرار سدیق لە کتێبی فەرهەنگی هۆزەکانی کورد عەنازییەکان پاڵدەداتە لای هۆزی شازنجانی، وە دەڵێ دایکی هیلالی کوڕی میر بەدری حەسنەویش شازنجانی بووە.

٤- کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێک لەهۆکارەکانی ناکۆکی باوک و کوڕەکانی کورد جیاوازی تیرەی دایک بووە، میری حەسنەوی یەکەم سوودی لەکەوتنی حوکمڕانی خێڵی خاڵوانی لە عەیشانییەکان بینی، بەڵام نەوەکەی هەر بەهەمان هۆ قەوارەی باوانی ڕووخاند و بووە هۆی بەهێزکردنی قەوارەی خاڵوانی لە عەنازییە شازنجانییەکان.

٥-هۆکارێکی تری ناکۆییەکە مەزهەبی بووە، چونکە وەک لە دانپێدانانەکانی گەشتیار ئیبن مەهلهل دەردەکەوێ کە کوردی شارەزوور و ئازربایجان وەک بوەیهییەکان زەیدی بوون و شیعە بوون، دواتر بەهۆی هاتنی دەسەڵاتی سەلجوقی سوننە هەندێ تیرەی تری کورد یان بوونە سوننی، یان سوننی بوون و لەسەردەمی حەسنەوی و هەزبانییەکان دەسەڵاتیان نەبووە.

٦- کورد هیچ کات دەمارگیری نەتەوەیی و هەتا مەزهەبیشیان بەهێز نەبووە، زۆرێک لە میر و شازادە هەژمارکراوەکان لەسەر کورد

زۆر بەڕاشکاوی خۆیان پاڵداوەتە لای تورک و عەرەب و نکوڵیان لەکورد بوونی خۆیان کردووە، ئەوانەشی کە نکوڵیان لەکوردبوونیان نەکردووە لە میر و سەرۆک هۆزەکان، بەڵام شەرمیان لەکوردبوونی خۆیان کردووە و زۆر زەقیان نەکردۆتەوە و هەمیشە هەژموونی فارس و تورکیان پێ لەهەژموونی خۆیان چاکتربووە و بەتورکی و فارسی نووسیویانە و خوێندوویانە.

لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان:

(١) محاضرة في القانون الدولي العام/ التغيرات التي تطرأ على الدولة (خلافة الدول) د.اركان حميد جديع، ص١-٥.

(٢) الكامل في التأريخ، ج٦ص٤٠٣.

٣) الامارة الهذبانية الكردية في آذربيجان وأربيل والجزيرة الفراتية: من ٢٩٣-٦٥٦/هـ Front .٩٠٥–١٢٥٨ م، دراسة سياسية حضارية محمود، أحمد عبد العزيز. Cover.

٤) إبراهيم إبراهيم: (الكرد وديارهم في كتاب صورة الأرض لابن حوقل).

٥ - دادوەری (القضاء) لە دەوڵەتی مەڕوانیدا٣٨٠-٤٨٩ك/٩٩٠-١٠٦٩ز/ عطا عبدالرحمن محى الدين. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (٦)، لاپەڕە :٣٧٢-٣٩١/ ژ٦ئەیلولی ٢٠١٩.

٦- الكامل في التأريخ/ ابن الأثير الجزري ج٧/ص ٤٤٧- و ج٨ص٨١٩.

٧- صورة الارض، نووسینی :ابن حوقل، دار الحياة، بيروت، ص ٣٠٤.

٨- تجارب الأمم، نووسینی: ابن مسكويه، مصر، ١٨١٤، ج ١، ص ٢١١.

(٩) وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، نووسینی: ابن خلكان، تحقيق إحسان عباس، بيروت، ١٣٨١ هـ/ ١٨١١ م، ج ٣، ص ٣٨٨ ـ ٤٠٠)مادة حسن.

(١٠) ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج ٢، ص ١١٩ ـ ١١٨.

(١١) ابن كثير، البداية والنهاية، بيروت، ط ٣ ،١٤٠١ هـ/ ١٨٩١ م، ج ١١ ،ص ١١١.

(١١) ابن العمراني، الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق قاسم السامرائي، الرياض، ط ٢ ،١٤٠٢ هـ/ ١٨٩٢م، ص ١١٣.

(١٢) ابن الاثير، الكامل في التأريخ، بيروت، ١٣٨٨ هـ/ ١٨١٨ م، ج ٩، ص ٤٣١.

(١٣) ياقوت الحموي، معجم البلدان، بيروت،

١٤٠٤ هـ/ ١٨٩٤ م، ج ٢، ص ١٤١.

(١٤) معجم البلدان، ج ٣، ص ٣٨٠. و محمود شاكر، تركستان، بيروت، ص ١٠٩.

١٥) ياقوت الحموي / معجم البلدان، ج ٣، ص) ٣١١.)

١٦) ابن الاثير، الكامل، ج ٩، ص ١٠١-١٠٣.)

(١٧) ياقوت، معجم الادباء، طبعة دار المستشرق، بيروت ـ لبنان، ج ١٤، ص ١٨١.

(١٨) حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكرد في الدينور وشهره زور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، ماجستير في جامعة بغداد - كلية الاداب - قسم التأريخ، السنة: ١٩٧٥.

(١٩) ابن الاثير، الكامل في التأريخ، بيروت، ١٣٨٨هـ/ ١٨١٨م، ج ٩، ص ٤٣١.

(٢٠) تأريخ إربل/ المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الإِربلي، المعروف بابن المستوفي (ت ٦٣٧هـ)، المحقق: سامي بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد للنشر، العراق، ١٩٨٠م.

٢١- ابن الاثير، الكامل في التأريخ. الوزير محمد بن علي بن خلف ابو غالب الملقب بـ (فخر الملك) (ت٤٠٧هـ- ١٠١٦م) " دراسة تأريخية ". أ.د.علي حسن .غضبان. أ.د. زينب مهدي رؤوف، جامعة بغداد، كلية التربية. ابن رشد للعلوم الإنسانية، العراق.

٢٢- ياقوت الحموي /معجم البلدان.

٢٣- -سیستەمی کارگێڕی کوردستان لە ماوەی نێوان سەدەکانی(٤-٨/١٠-١٤)دا : م.ی.رسول ابراهیم رسول، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە(١)، ساڵی٢٠١٤ ز، لاپەڕە ٣٣٧-٣٥٨.

پرۆفایل..

نەبەز اسماعیل عبدالله

خوێندکاری ماستەر لەبەشی مێژووی ناوەڕاست، زانکۆی ڕاپەڕین.

ڕەهەندەکانی ئاسایشی خۆراک

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤ بەرسییەتی ناسیوە و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر برسیەتی و پەیداکردنی خۆراك و زیادکردنی سەرچاوە خۆراکییەکانی زانیوە، هەر لەم پێناوەشدا گرنگی بە خۆراك داوە و لە مەوداکانی گرفتی خۆراك (کەمی خۆراك، بەدخۆراکی، کەلێنی خۆراك، خۆراکی خراپ)ی کۆڵیوەتەوە تا بە دەرکەوتنی چەمکی ئاسایشی خۆراك ڕێکخراوە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان خستیانە ڕوو، وەك باقی چەمکەکانی دیکەی (ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی سەربازی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نیشتیمانی، ئاسایشی ئاو) لەلایەن پسپۆڕان و توێژەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی زۆری پێدرا.

چەمکی ئاسایشی خۆراك:-

The concepept of food security

پێناسەی ئاسایشی خۆراك بەگوێرەی ئەوانەی پێناسەی دەکەن دەگۆڕدرێت، هەیانە وەك گرفتێکی جیهانی سەیری دەکات (بە دەستە بەرکردنی بڕێکی تەواو لە خۆراك و پێشکەشکردنی بە دانیشتوانی جیهان)، هەشیانە وەك گرفتێکی ئیقلیمی(هەرێمی) سەیری دەکات(بێ توانایی کۆمەڵە دەوڵەتێکی ناوچەیەکی دیاریکراو کە بەدەست لاسەنگی خۆراك دەناڵێنێت لە بەرزکردنەوەی ئاستەکانی بەکاربردنی خۆراك).

ئاسایشی نەتەوەیی - ئاسایشی ئابووری - ئاسایشی خۆراك.

زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری سیاسەتی ئابووری دەڵێن بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بێ ئابووریییەکی پێشکەوتوو تەنها خەون و خەیاڵە.

پرۆفیسۆر(مانینگ) دەڵێت: (ئاسایشی خۆراك بریتییە لە نەمانی ترس و دڵەڕاوکێ لەسەر چالاکییەکانی ئابووری دەوڵەت).

نووسینی:
سەردار عبدالرحمن ابراهیم

چەمکی ئاسایشی خۆراك چەمکێکی تازەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کەمی خۆراك و سەلامەتی خۆراك و کەمی بەرهەمە خۆراکییەکان و بەرزبوونەوەی نرخی ماددە خۆراکییەکان و زۆر بە کارهێنانی خۆراك و بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان هاتۆتە نێو باسە سیاسی و ئابووریەکانەوە، زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و برسییەتی لە جیهاندا وای لە زۆرێك لە بڕیاران و ئەوانەی لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتییەکان کار دەکەن کە زیاتر لەسەر ئەم چەمکە هەڵوێست بکەن، ئەو ئامارو سەر ژمێریارانەی ڕێکخراوەکان (خۆراك و کشتوکاڵی جیهانی و تەندروستی جیهانی) لە بارەی برسیەتی و هەژاران بڵاویان دەکەنەوە گەورەی ئەو مەترسیە دەخەنە ڕوو. ئەوانەی ئاسایشی خۆراك بە گرفتێگی نەتەوەیی سەیر دەکەن چارەسەرکردنەکەی بە دابینکردنی خۆراکی تەندروست و چاك لە هەموو کاتێ بۆ هەموو کەسێ دەزانن.

لە لایەکی ترەوە ئاسایشی خۆراك بریتییە لە(دابینکردنی ئەندازەی پێویست لە خۆراکە سەرەکییەکان بە مەرجێك ئەو ئەندازەیە لە ناو وڵاتدا بێتە بەرهەم و بەشی دانیشتوان بکات یاخود لانی کەم خۆراکە بنەڕەتییەکان بە نرخێکی گونجاو و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابین بکات)، هەروەها بریتییە لە دەستەبەرکردنی ڕێژەیەکی ئەمبارکراوی خۆراك بۆ کاتی تەنگانە بە شێوەیەك (٢٠٪) ئەو خۆراکە بنەڕەتییانەی کە دانیشتوان لە ساڵێکدا بەکاریان دەهێنا کەمتر نەبێت، ئەگەر دەستەبەرکردنی ئەو خۆراکە ئەمبارکراوە ستراتیجیە لە تواناداا نەبوو پەنا دەبرێتە بەر هاوردەکردنی بە مەرجێك ئەم هەنگاوە کارنەکاتە سەربەخۆیی وڵات.

هێنانەدی ئەم ئامانجە ئارامی و دڵنیایی بە دانیشتوان دەبەخشێت و نیشتیمان لە مەترسی و کارەساتی کتوپڕ دوور دەخاتەوە، لە ئەنجامدا دانیشتوانیش توشی هەڕەشەی برسییەتی نایەن، لەم ڕێگەیەوە بەشێك لە ئاسایشی

نەتەوەیی دێتە دی، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەم جۆرە خۆراکانە لە ڕێی گرنگیدان بە کشتوکاڵ و پیشەسازی یە خۆراکییەکانەوە لە ناوخۆی وڵاتدا بێتە بەرهەم، ئەگەر لە تواناشدا نەبوو هەر هەمووی لە سەرچاوە خۆماڵییەکانەوە بێتە بەرهەم دەبێت پەنا ببرێتە بەر تەرخانکردنی بەشێك لە سامانی نەتەوەیی و بۆ هاوردەکردنی ئەم کەلوپەلانە.

دەتوانین دوو ئاست لە ئاسایشی خۆراك لە یەکتری جیابکەینەوە (ئاستی ڕەها و ئاستی ڕێژەیی)، ئاسایشی ڕەهای خۆراك واتا (بڕی ئەوەندە خۆراك لە ناو یەك دەوڵەتدا بەرهەم بهێندرێت کە بار تەقای پێویستی ناوخۆو یاخود زیاتر بێت، ئەم ئاستە هاوتای خۆبژێویی تەواوە بە ئاسایشی خۆیی خۆراکیش ناوزەند دەکرێت، ئاشکرایە ئەم دەست نیشانکردنە ڕەهاو فراوانەی ئاسایشی خۆراك ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنە دەبێتەوە. جگە لەمەش واقیع بینانە نییە، هەروەها وادەکات ئەو دەوڵەتە نەتوانێت سوود لەو بازرگانییە نێو دەوڵەتییە وەربگرێت کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی دابەشکردنی کار و کەڵك وەرگرتن لە خەسڵەتە ڕێژەییەکان بنیاتنراوە).

پێکهاتەکانی ئاسایشی خۆراك:-

Components of food security

١- بەردەستبوون، واتا بەردەستبوونی خۆراك ئەمەش لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی بەرهەمی خۆماڵی و سیاسەتی بەشی خۆ لە خۆراك دێتەدی.

٢- سەقامگیری، واتا بەردەستبوونی خۆراك بە بەردەوامی ئەمەش پێویستی بە سیستەمێك لە گلدانەوە و خستە بازاڕ(تسویق)ەوە هەیە.

٣- توانای کڕینی، واتا پێویستە ئەو خۆراکانە بەردەست کراون هاوڵاتیان بتوانن بیکڕن و هەرزان بێت(حکومەت پاڵپشتی بکات)، یان داهاتی هاوڵاتیان بەرزبێت بۆ ئەوەی هەموو تاکێك بتوانێت بە ئاسانی خۆراك بکڕێت.

خەسڵەتەکانی ئاسایشی خۆراك:-

characteristics of food security

١- دابینکردن، واتا توانای بەرهەمهێنان وگلدانەوە و هێنانی خۆراك بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانی هاوڵاتیان.

٢- سەقامگیری، بڕو جۆری خۆراك سەقامگیر بێت و کەم نەبێت.

٣- بەردەوامێتی، واتە بەردەوامی لە دابینکردنی خۆراك.

٤- دادپەروەری، واتە کاتێ خۆراك بەردەستکرا پێویستە هەموو تاکێك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خۆراکی بەدەست بگات.

٥- سەلامەتی، واتە ئەو خۆراکەی کە دانیشتوان بەکاری دێنن دەبێت لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاوبێت.

کۆڵەکەکانی ئاسایشی خۆراك:-

pillars of food security

جێگەی ئاماژەیە پێویستە چەمکی ئاسایشی خۆراك لەسەر سێ کۆڵەکە بنیات بندرێت:-

أ- زۆری کەرەستەی خۆراك.

ب- بوونی کەرەستەی خۆراك بە بەردەوامی لە بازاردا.

ت- نرخی کەرەستەکان لە توانای هاوڵاتیاندا بێت.

جۆرەکانی ئاسایشی خۆراك:-

ئاسایشی خۆراك وەك هەر بابەتێکی تر لە چەندین بەش و تەوەری جیاواز پێکدێت، کە هەریەکەیان پەیوەندییەکی تونددتۆڵ و بەهێزیان بەیەکەوە هەیە و ناتواندرێت لێکدابڕێن، کە دەڵێین ئاسایشی خۆراك ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ چەند بەشێك لە بەشەکانی ئەم ئاساییشەی خۆراکە بچێت، چونکە هەر یەك لەمانە تەواوکەر و ئاڵقەی بەیەکەوە نوساوی یەکترین و یەکتر تەواو دەکەن، نەبوونی هەریەك لەمانە واتا ناتەواوی و بێهێزی لە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی ئاسایشی خۆراك، لەم تەوەرەیەدا تیشك دەخەینە سەر جۆرەکانی ئاسایشی خۆراك و پەیوەندییان بە یەکترییەوە.

یەکەم/ ئاسایشی ئابووری

Economic security :-

واتا توانای ئابووری دەوڵەت لە بەرامبەر کێشە ئابووریەکان و زاڵبوون بەسەریدا، ئەمەش لە ڕێی دارشتنی یاسای تایبەت بە چالاکییە ئابووریەکان و هاریکاری نێوان دەزگا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی و بەهێزکردنی دراوی نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی

ئاسایشی خۆراك بریتییە لە(دابینکردنی ئەندازەی پێویست لە خۆراکە سەرەکییەکان بە مەرجێك ئەو ئەندازەیە لە ناو وڵاتدا بێتە بەرهەم و بەشی دانیشتوان بکات یاخود لانی کەم خۆراکە بنەڕەتییەکان بە نرخێکی گونجاو و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابین بکات)

داهاتی نەتەوەیی بەرقەرار دەبێت، هەموو ئەو چالاکییانەش کاریگەری زۆریان بەسەر ئاسایشی خۆراکەوە هەیە، بۆ نموونە چەندی ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرز بێت ئەوەندەش ئاسایشی خۆراکیش بەر قەرار دەبێت، هەروەها چەند دەوڵەت توانای دەستخستنی دراوی بیانی زۆر بێت ئەوەندە دەتوانێ بەسەر گرفتی کەمی خۆراکدا زاڵ بێت.

دووەم/ ئاسایشی ئاو

Water security :-

لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاسایشی ئاو و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، ناکرێت باس لە ئاسایشی ئاو لە دەرەوی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، ئاسایشی ئاو لە بۆتەی ئاسایشی ئابووری دەخوێندرێ، لوتکەی ئاسایشی ئابووری ئاسایشی خۆراکە، بڕ بڕەی پشتی ئاسایشی خۆراکیش ئاسایشی ئاوە، مەبەست لە ئاسایشی ئاو دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ هەموو دانیشتوان لە ڕێی خواردنەوە و کارپێکردنەوە بە بڕێکی تەواو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ دابینکردنی :-یەدەگێکی ستراتیژی، ئاسایشی ئاو بەندە بە

١- زۆربوونـــــــی ژمارەی دانیشتوان و کەمبوونەوەی بەشی تاک لە ئاو.

٢- بڕی خواست لەسەر خۆراک، ئەمەش وا دەکات بەهۆی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵییەوە، پێویستی بە ئاو زیاتر دەبێت.

٣- پیسبوونی ئاوەکان بەهۆی پاشەڕۆ کیمیاوییەکان.

٤- کەمبوونەوەی سەرجاوە ئاوییەکانی تایبەت .بە بواری کشتوکاڵ

سێیەم/ ئاسایشی دارایی:-

Financial security

بەردەستکردنی سەرچاوە داراییەکان و ئەو دەرامەتانەی کە بەهۆیەوە دارایی دەوڵەت دێتە دەست، گرنگە وەک بۆمان دەردەکەوێت، بەشێک لەو کەلێنەی لە خۆراک دروست دەبێت کاتێک بەرهەمی خۆماڵی لە خۆراک ناتوانێ تەواوی پێدویستییە سەرەکییەکانی دانیشتوان تێر بکات، دەوڵەت ناچار دەبێت لە ڕێگەی سەرچاوە دەرامەتە داراییەکانی ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە، بەشێک لە داراییەکانی بۆ هاوردەکردنی خۆراک بکاتە قوربانی، ئەگەر دەوڵەت ئەو توانایە داراییەی کەم بێت ناچار دەبێت پەنا بۆ قەرزکردن لە دەرەوە ببات، ئەمەش سەرشانی دەوڵەت گران دەکات و توشی قەرز و سوودەکانی قەرزی دەکات کە

لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیک نەتوانێ بیداتەوە، ئەمەش دەوڵەت وابەستە بە دەرەوە دەکات و سەربەخۆیی لە کەدار دەکات و ئاسایشە نەتەوەییەکەی دەخاتە مەترسییەوە.

چوارەم/ ئاسایشی تەکنەلۆژی

Technology security :-

تەکنەلۆژیا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەرەکانی ئاسایشی ئابووری خۆی بە دەرخست، چونکە گەشەسەندنی تەکنەلۆژی و مۆنۆپۆڵکردنی دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیا و بێ بەشکردنی وڵاتانی دواکەوتوو لەو دەستکەوتانە کەلێنێکی گەورەی لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە دواکەوتووەکان دروست کردووە، بەرهەمی خۆراک هەر لە چاندنییەوە تاکو دەگاتە دەستی بەکارهێنەرانی بە کۆمەڵێک پڕۆسەی ئاڵۆگۆڕیدا گوزەر دەکات کە تەکنەلۆژیا ڕۆڵی سەرەکی لە بەرهەمهێنان و گواستنەوە و هەڵگرتن و خستنە بازاڕی دەبینێت، گەشەپێدان بە تەکنەلۆژیا پێویستی بە شارەزا و زانا و ئەندازیاری پسپۆڕ و دارایی و توێژینەوەی زانستی هەیە.

مەترسییەکانی بەردەم ئاسایشی خۆراک:-

یەکەم/ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان.

دووەم/ زیادبوونی گەشەی شارنشینی.

سێیەم/ گۆڕانکارییە ئاو و هەواییەکان.

چوارەم/ گەرمبوونی گۆی زەوی.

پێنجەم/ بێپیتی خاك.

شەشەم/ وشکەساڵی و بەبیابانبوون.

حەوتەم/ تێکچوون و ناسەقامیگری ئاسایشی دەوڵەتان.

ڕێگە چارەکانی ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا:-

یەکەم/ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانستی بۆ زیادکردنی بەرهەم.

دووەم/ چڕکردنەوەی کشتوکاڵ.

سێیەم/ نوێکردنەوەی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن.

چوارەم/ دروستکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ.

پێنجەم/ مولکداریيەتی زەوی کشتوکاڵی.

شەشەم/ بەردەوامێتی لە بوژانەوەی کشتوکاڵی.

پاشکۆی خشتەکان:-

خشتەی ژمارە (١)

ڕووبەری زەوییە چێنراوەکان لە کیشوەرەکاندا

کیشوەر	ڕووبەری چێندراو
ئاسیا	٪١٦
ئەمریکای باکوور	٪١٠
ئەمریکای باشوور	٪٤
ئەورۆپا	٪٤٠
ئەفەریقا	٪٨
ئۆقیانووسەکان	٪٤

سەرچاوە/ عدنان السيد حسێن، جیۆگرافیای (ئابووری- دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ، و: فرمان عبدالرحمن و محمد فتاح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٢، ل١٨.

خشتەی ژمارە (٢)

گەشەسەندنی دانیشتوان لە پیش زاین تا ساڵی ٢٠٢٥

ساڵ	ژمارەی دانیشتوان
٢١٠ساڵ پ.ز	٢٥٠ ملیۆن کەس
١٦٥٠	٥٥٠ ملیۆن کەس
١٨٣٠	١ ملیار کەس
١٩٣٠	٢ ملیار کەس
١٩٦٠	٣ ملیار کەس
١٩٩٩	٦ ملیار کەس
٢٠٢٥	٩ ملیار کەس

المصدر/ د.علی سالم حمیدان و د.محمود الحبیس، جغرافیا السکان(مدخل الی علم السکان)، .الطبعه الاولی، دار صفاء، عمان، ٢٠٠١، ص٧٩

خشتەی ژمارە (٣)

ئاستی شارنشینی لە جیهاندا

ساڵ	ولاتە	ولاتە	جیهان
١٩٥٠	٥٢,٢	١٦,٧	٣٠
١٩٧٠	٦٧,٥	٢٨	٣٩,٣
٢٠١٠	٧٨,٥	٤٣,٥	٥١,٣
٢٠٥٠	٨٦	٦٤	٦٠

سەرچاوە/ پ.ی.د.بێستوون ئەحمەد، جوگرافیای شار و کێشەکانی شارنشینی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٩٢.

لیستی سەرچاوەکان:-

١- د. کاوێژ عزیز فەرەج، باری گوزەران و ئەمنی خۆراك لە کوردستاندا، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٩)، ساڵی سێ یەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، هەولێر، ١٩٩٤.

٢- عدنان السید حسێن، جێۆگرافیای (ئابووری- دانیشتوان) ی جیهانی هاوچەرخ، و: فرمان عبدالرحمن و محمد فتاح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣- سەرمەد ئەحمد، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراك، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤- سەردار عبدالرحمن ئیبراهیم، گۆڕانکارییە ئاو و هەواییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژینگە، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

پرۆفایل..

* سەردار عبدالرحمن ابراهیم

* شوێنی نیشتەجێبوون/ قەزای ڕانیە

* پلەی خوێندن/ کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی جوگرافیا / کۆیە (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بە پلەی یەکەم .

* شارەزا و نووسەر و چالاکوانی بواری ژینگە.

* پیشە/ مامۆستای ئامادەیی.

* نووسەری (١٠) کتێبە لە بواری جوگرافیا و ژینگە.

* نوسەری (٤٠٠) بابەت و وتاری تایبەتی سێکتەرەکانی بواڕەکانی (جوگرافی و ژینگە)یە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا.

* خاوەنی چەندین خەڵاتی بواری ژینگەیە وەك.

* خاوەنی چەندین کۆڕ و سیمینار و وۆرك شۆپی تایبەت بە بواری ژینگەیە بۆ خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

Sardar٨٦.rania@yahoo.com

حاجی عەلی بەستێ سەرۆک هۆزی مەنمی و ڕۆڵی لە ڕووداوە شومەکەی حوزەیرانی 1959دا

ژیاننامەی حاجی عەلی بەستێ:

ئەلە بەستێی مەنمی کە ناوی تەواوی (حاجی عەلی محەمەد مراد محمد مارف محمد سالّح مەنمی)ە، لە ١٨٨٢/٧/١ لە گوندی (پەنجا عەلی) لە خواروی کەرکوك لەدایکبووە، دایکی ناوی بەستێ ئەمینە، حاجی محمد موراد باوکی عەلی سالّی ١٩٠٧ بە ڕووداوی لە دەست دەرچوونی فیشەك لە هاوڕێیەکیەوە لە کاتی غارغارێنی ئەسپ سواری وەفات دەکات، (بەستێ) لەسەر منالّەکانی دادەنیشێ و پەروەردەیان دەکات، بەتایبەت چاوی زۆری لەسەر عەلی کوڕە گەورەیەتی، لە تەمەنی حەوت سالّاندا لە دێی پەنجا عەلی دەیخەنە بەر حوجرە.

فەقێ عەلی فێری نووسین و خوێندنەوە و شارەزای ئاین و ئەدەب دەبێت، هەر زوو فێری زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی دەبێت، بەدەم فەقێیەتیەوە چەندین دێهات و شار دەگەڕێ و چاوی دەکرێتەوە، جارجار لەگەڵ فەقێکانی هاوڕێی لەبەر نزیکی سەردانی کەرکوك دەکەن، لە مزگەوتەکانی کەرکوك بۆ وەرگرتنی وانە دەمێننەوە، لە تەکیەکانیش بەشداری خەتمە و کۆڕی زیکری دەرویشی قادری دەکەن و دەبنە هەواداری شێخان، کە عەلی گەورەتر دەبێت لەگەڵ فەقێیەتیەکەیدا لە دێیەکەی خۆیان زەویەکانی باوکی زیندوو دەکاتەوە و کشتوکاڵ دەکات و بەرهەمەکەی دەبات لە کەرکوك ساغی دەکاتەوە، جارجاریش کە درەنگی پێدەچێت لە تەکیەکانی کەرکوك دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی فەقێ عەلی فێری خوێندن و نووسین دەبێ و وانە سەرەکیەکانی فەقێیەتی تەواو دەکات واز لە فەقێیەتی دەهێنێ، بەتایبەت کە هەستی دەکرد ژیان و گوزەرانی دایکی و خوشك و براکەی لە ئەستۆی ئەودایە، لەبەر ئەوە واز لە فەقێیەتی دەهێنێت و دەچێتە ناو ژیانی کاسبی و دابینکردنی گوزەرانی خوشك و براو دایکی بێوەژنی کە هەموو تەمەنی لە پێناو منالّەکانی بەختکردووە، عەلی هەر جارێك قازانجی بکردایە دەس و دیاری و شتێکی بۆ فەقێکانی هاوڕێی دەهێنایەوە،

نووسینی:
حەسەن محمود حەمەکەریم

عەلی بە کشتوکاڵ و ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکانی خۆیانەوە خەریک دەبێ، هەنێ جاریش بەروبوومی مەڕومااڵت و مریشك و هێلکە و کشتوکاڵ لە خەڵکی دێی پەنجا عەلی دەکڕی و لەگەڵ ئەوەی خۆیان دەیبات بۆ کەرکوك و ساغی دەکاتەوەو ئێوارە دەگەڕایەوە ئاوایی، لەو ڕێگەیەوە دۆخیان باش دەبێت، پول و پارەیەکی باش پێکەوە دەنێ.

ئەلە بەستێ چاوی لە ژیان بوو، حەزی دەکرد شتێکی هەبێ دایك و خوشك و براکەی خۆش بژێنێ و ئاتاجی کەس نەبن، خانوویەك لە قەراغ شاری کەرکوك لەسەر ڕێی پەنجا عەلی دەکڕێ، هەندێجار کە فریاناکەوێ بگەڕێتەوە دێ، لە خانووەکەی کەرکوك دەمایەوە، زۆر هەوڵی دا دایکی و براو خوشکی بباتە کەرکوك و لە ژیانی قورسی مەڕومااڵت و غەمی دێ ڕزگاریان بکات، ئەو دەیزانی کە کەس لە دێ پێناگات، شار جێگەی ژیان و گوزەران و پەلهاوێشتنە، دایکی سەرەتا حەزی دەکرد لەناو خزم و کەسوکاری بمێنێتەوە، بەاڵم دوای ئەوەی کە زانی کوڕەکانی گەورە بوون و ڕێی ژیانی خۆیان دۆزیوەتەوەو دەستیان لە ماڵ و کاسبی گیربووەو حەزیان بە شارەو خانویان هەیە، دڵی نەشکاندن، عەلی دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ هەموو زەویەکانی دێی پەنجا عەلی دەفرۆشێت، ئاژەڵەکان پێش خۆی دەخاو بار دەکەنە خانووەکەی قەراغ شاری کەرکوك، بەو جۆرە دۆخ و ژیان و گوزەرانیان گۆڕا و کەوتنە نێو ژیانی نوێوە، لە خوار خۆیانەوە گەوڕ و پەرچێکی گەورەی لە لێوار چەمی خاسە بۆ مەڕو ماڵاتەکە دروستکرد، بەیانیانیش دەچووە مەیدانی ئاژەڵان و بە ئاڵوگۆڕی مەڕومااڵتەوە خەریك دەبوو، خوا بەرەکەتی خستە ناو ماڵ و سامانیەوە و زۆری پێکەوەنا و ژیانی خۆشیان دەگوزەراند.

لەو کاتانەدا بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و عێراق بەرەو تێکچوون دەچوو، عەلی بەزۆری سەردانی شێخ عەلی و تەکیەی تاڵەبانی دەکرد،

لەگەڵ ئەوەشدا دۆستی سەی ئەحمەدی خانەقا و شێخ سەلام بوو، ئەم شێخ و تەکیەو خانەقایانەی کەرکوك لەبەر ئەوەی قادری بوون، هەواداری شێخ سەعیدی باوکی شێخ محمود بوون و دژی جەمعیەی ئیتحاد و تەرەقی و ئینگلیز بوون، لە جەنگی جیهانی یەکەم و کاتی سەفەربەلك کە دەوڵەتی عوسمانی داوای سەربازی زۆرەملێ و ڕەشبگیری کرد، عەلی کە ئەو کاتە تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەڕیبوو خۆی لەوەش دەرباز کرد، داوا دەکات ببێتە موعیل و بەخێوکەری دایکی و لە سەربازی عەفو دەکرێت، ئەوسا وا باوبووە ئەگەر کوڕێك لە منداڵیەوە باوکی بمرێ و دایکی پێیبگەیەنێت، بەناوی دایکیەوە بانگدەکرا، حەمە عەلی لە منداڵیەوە تاقانە بوو، لەناو خەڵکی پەنجا عەلی بە ئەلە بەستێ بەناوی دایکیەوە بانگدەکرا.

جەنگی یەکەمی جیهانی ناوچەکە دەشێوێنێ، ئینگلیز بەسرە دەگرێ، شێخانی بەرزنجی قادریش بە سەرۆکایەتی شێخ محمودی حەفید لەگەڵ شێخان و عەشایەری عەرەبی لە زوبێر و شوعەیبە و سەماوەو ناسریە بەشداری ئەو شەڕانەیان کردووە دژی ئینگلیز بۆ پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەم هەواڵانە خەڵکی عێراقی گەرم کرد، شێخانی کەرکوکیش خەڵکیان بۆ شێخ محمود کۆدەکردەوەو بەرەو باشووری عێراق دەیانارد، ئەلە بەسێ و مام و ئامۆزاکانیشی لەو جەنگانەدا لەگەڵ شێخانی تاڵەبانی و سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ محمودی حەفید دژی ئینگلیز بەشدار بوون، ئەلە بەستێ تەمەنی لە سیی ساڵی تێپەڕاندووەو لە سوپای شێخ محمود بەشداربوو، زۆری نەبرد هێزی ئینگلیز کەرکوك و موسڵ و سلێمانی و کوردستانی باشووری داگیرکرد، شێخ محمود هەڵهات بۆ بانیبنۆك لە شاخی سورێن هەورامان لەسەر سنووری ئێران،

ئەلە بەستێ تەمەنی لە سیی ساڵی تێپەڕاندووەو لە سوپای شێخ محمود بەشداربوو، زۆری نەبرد هێزی ئینگلیز کەرکوك و موسڵ و سلێمانی و کوردستانی باشووری داگیرکرد، شێخ محمود هەڵهات بۆ بانیبنۆك لە شاخی سورێن هەورامان لەسەر سنووری ئێران، ئەلە بەسێ لە هەموو شەڕەکانی شێخ محمود لە نزیکیەوە بوو و پارێزگاری لێدەکرد، هەرکاتیش لای شێخ محمودەوە مۆڵەتی وەردەگرت و دەهاتەوە کەرکوك، هەمیشە برێنەوی بەشانەوەو ئەسپی کەحێلەی ڕەشی لە ژێردا بوو لەناو کەرکوکدا دەگەڕاو جوانی پێدەکەوت، هەموو خەڵك ناسیویانەو بە پیاوێکی ئازاو نەترس ناوی ڕۆیشتبوو.

ئەلە بەسێ لە هەموو شەڕەکانی شێخ محمود لە نزیکیەوە بوو و پارێزگاری لێدەکرد، هەرکاتیش لای شێخ محمودەوە مۆڵەتی وەردەگرت و دەهاتەوە کەرکوك، هەمیشە بڕنەوی بەشانەوەو ئەسپی کەحێلەی ڕەشی لە ژێردا بوو لەناو کەرکوکدا دەگەڕاو جوانی پێدەکەوت، هەموو خەڵك ناسیویانەو بە پیاوێکی ئازاو نەترس ناوی ڕۆیشتبوو.

هێزی لیڤی کە پێکهاتبوو لە چەتەکانی هیندی و ئاشوری و ئەرمەنی و مەسیحی و گورگی، ڕۆژانە پەلاماری خەڵکی کەرکوکیان دەدا و سەرانەیان لێدەسەندن و خەڵکیان دەگرت و ماڵیان دەپشکنی، بەتایبەت زیاتر سوکایەتیان بە کوردەکانی کەرکوك دەکرد، ساڵی ١٩٢٤ هێزی لیڤی خۆیان کۆدەکەنەوەو بڕیاردەدەن لە دژی شۆڕشی شێخ محمود و شێخە کوردەکانی کەرکوك سوکایەتی بە کوردی کەرکوك بکەن و پەلاماری جوت حەمامی ژنان بدەن و دەستدرێژی بکەنە سەر ژنە کوردەکانی ناو حەمام، ئەو هەواڵە دەگاتە ئەلە بەستێ، خێرا خۆی کۆدەکاتەوە و قایش و قروش و فیشەکلەغ دەبەستێ و تفەنگ لە شان دەکات و سواری ئەسپەشێ ڕەش دەبێت و بە غار خۆی دەگەیەنێتە جوت حەمام و سەنگەریان لێدەگرێ، کاتێك دەبینێ سوپای لیڤی و ئاشوری هاتن، تەقەیان لێدەکات، ـ سەعدیەخان کچی ئەلە بەستێ دەگێڕێتەوە دەڵێ ـ باوکم کە ئەوە دەبینێ گورج لێیان دێتە دەست، سێ چەکدارەکەی ناو حەمامەکە دەکوژێ پێش ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر ژنانی حەمامەکە، باوکم بانگ لە ژنەکان دەکات دەڵێ خوشکینە خۆتان پۆشتە بکەنەوە، ئەنجا دەگەڕێتەوە بۆ بەردەرکی گەرماوەکە و گولەبارانی ئەوانەی دەرەوەش دەکات و زۆریان لێدەخات و ڕاویاندەنێ و ڕێگە بۆ ژنەکان دەکاتەوە بڕۆنەوە ماڵەوە.

ئەم هەڵوێستە مەردانەیە لەناو کەرکوك و دەوربەری دەنگ دەداتەوە، خەڵکی کەرکوك شانازی دەکەن کە پیاوێکی بەهەڵوێستی وایان هەیە، حەمامەکە جگە ژنە کورد، ژنە تورکمانیشی تێدا دەبێت، یەکێك لەو کچە تورکمانانە ناوی (هەیبەت) دەبێت، هەیبەت ئافرەتێکی جوان و پێکەوتە بوو، ئەو ڕۆژە چوبوویە ئەو حەمامە بۆ خۆ شۆردن، کە ئەلە بەستێ ئەو ئافرەتانەی ناو جووت حەمامی لە دەستدرێژی و سوکایەتی بەکرێگیراوانی ئینگلیز ڕزگار کرد، هەیبەت بە کەسوکاری دەڵێ من شوو بە عەلە بەستێ دەکەم لەبەر ئەو هەڵوێست و ئازایەتیەی نواندی، کەسوکاری ڕازی دەبن و شوی پێدەکات، ماوەیەکی زۆر

ژنی دەبێت، حاجی عەلی لە هەیبەت دوو کچی دەبێت بەناوی نەجیبە و سەعدیە، سەعدیە شویکرد بە سەی قاسم لە خاڵۆزاکانی خۆی کە تورکمان بوو، دوایی چونە بەغداد، نەجیبەش شویکرد بە سەی ئیبراهیم لە قەڵا.

ئەلەبەستێ پاشتر ژنێکی کوردیش بەناوی فاتمە دەهێنێ، لە فاتمە کوڕێك و دوو کچی دەبێت بەناوەکانی محمود و حەسیب و حەپسە، دواتر محمودیش لە ڕوداوی ١٩٥٨ی کەرکوك تێوەدەگلێ و دەگیرێ و لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ بیست و هەشت کەسی کەرکوکی لە سێدارە دەدرێن.

کاتێك عەبدولکەریم قاسم کودەتای کرد بەسەر مەلەکیدا لە ١٩٥٨ داو حوکمی مەلەکی کۆتایی هات، قاسم بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئەو کاتە داوای لە مەلا مستەفا بارزانی کرد لە ڕوسیاوە بگەڕێتەوە بۆ بەغداد، کە گەڕایەوە، لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم ڕێککەوتن، دۆخی کورد زۆر باش بوو، کوردەکانی کەرکوك بوژانەوە، عەبدولکەریم قاسم ناردی بەشوێن ئەلە بەستێ و ڕێزی لێگرت و معاشی بۆ بڕیەوە، ئەلە بەستێش داوای مافی گەلی کوردی کرد، نەجیبەی کچی ئەلە بەستێ کوڕێکی خۆی لە خۆشی ئەو ڕێزە لە باوکی ناونا عەبدولکەریم قاسم.

بارەگا لە کەرکوك بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە، کوردی کەرکوك لەدەوری ئەو بارەگایە کۆبوونەوە، چەند جارێك مەلا مستەفا لەو دۆخە هەستیارەدا هاتە کرکوك، میوانی فەرماندەی فیرقەی دوو (نازم تەبەقچەلی) بوو، هیدایەت ئەرسەلان فەرماندەو ئامر ئینزیباتی عەسکەری کەرکوك، تورکمانێکی داخ لە دڵ بوو، پلانێکیان دانا بۆ کوشتنی مەلا مستەفا، هیدایەت بەرپرس بوو لەو کەژاوەیەی کە مەلا مستەفا ببەنە فڕۆکەخانە و مەلا مستەفا بگەڕێتەوە بەغداد، کە بارزانیان لەو پیلانە ئاگادار کرد ڕێگەی گۆڕی، هیدایەت کە پلانەکەی سەری نەگرت لە داخدا جەڵتە لێیداو مرد، تورکمانەکانی کەرکوك کردیانە هەڵاو خۆپیشاندان دژی ئەوەی کە هیدایەت بەهۆی هاتنی بارزانیەوە ماندووبووە و جەڵتە لێیداوە و مردووە، دۆخی کەرکوك تێکچوو.

دوژمنترین دوژمنی کورد لە کەرکوك نازم تەبەقچەلی بوو، کە هاتە کەرکوك، دەستی کرد بە تێکدانی دۆستایەتی نێوان تورکمان و کورد، هەتا هاتنی تەبەقچەلی بۆ کەرکوك هەموو سەرۆك شارەوانیەکانی کەرکوك کورد بوون، ئیتر لەدوای ئەوەوە بوو بە تورکان و عەرەب، پاش ماوەیەك ناکۆکی کەوتە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، مەلا مستەفا بەغدادی

جێهێشت و گەڕایەوە کوردستان و شەڕ و هەرا دروست بوو، ئەو کاتە زۆر لە تورکمانەکان بوون بە شیوعی و بە توندی دژایەتی کوردیان دەکرد، زۆری تریان چوونە ناو سوپا و ئاسایشی حکومەتی عێراقیەوە، جاسوسیان لەسەر کورد دەکرد و حکومەتی بەغدادیان لە کورد هاندەدا، کوردی کەرکوکیان بە پاڵپشتی بارزانی و پێشمەرگە تاوانبار دەکرد، کە بەعسیەکان لە کودەتایەکدا عەبدولکەریمیان کوشت و خۆیان هاتنە سەر دەور، عەبدولسەلام عارف و شەواف و تەبەقچەلی زۆر هەوڵیاندا تۆوی دووبەرەکی لەنێوان کورد و تورکماندا بچێنن و سەرکەوتوو بوون، عەشایەری عەرەبیان لە دەوری کەرکوک نیشتەجێ کرد و لە کوردیان هاندەدا، گەڕەکە کوردەکانی کەرکوکیان دەپشکنی و ماڵەکانیان تاڵان دەکردن و لە شار دەریاندەکردن و بەبێ تاوان لە سێدارەیان دەدان، عەرەب و تورکمانەکان بەناو کۆڵانە کوردەکانی ناو کەرکوکدا فڕکە فڕکیان بوو، هێرشیان دەکردە سەر گەڕەکە کوردەکان و هەڕەشەیان دەکرد، کوردەکانیش تەعلیقیان لێدەدان و گاڵتەیان پێدەکردن و شیعری نزمیان لەسەر دادەنان، خۆیان ناونابوو سوارەی خالیدی کوڕی وەلید و سوارەی سەلاحەدین دژی کورد، لەسەر زیلەکانیانەوە بە شەقام و کۆڵانە کوردەکاندا دەگەڕان و هاوار و هوهایان لە کورد دەکرد، زیلەکانیان دەنا بەو ماڵە کوردانەوە کە لە ترسان شاریان جێهێشتبوو هەموو شتیان باردەکرد، تەنانەت پەلاماری دێهاتە کوردەکانی دەوری کەرکوکیشیان دەدا، جارێك پێشمەرگە کوردەکانی ناو کەرکوك، لە دەرەوەی شار بۆسە و کەمینیان دانابوو بۆ سێ زیل و دوو جیبی سەربازی کە پڕ بوون لە سەرباز و جاش، پێشمەرگەش لێیان هاتبوونە دەست، هەموویان فەتڵ و عام کردبوون.

ئەو کاتە حاجی عەلی کەسایەتیەکی بەڕێز و ناوداری شاری کەرکوك بوو، خەڵك هانای بۆ دەهێنا، کە بەعسیەکان پەلاماری ماڵە کورد و تورکمانە بێوەیەکانیان دەدا، گەنجی تورك و کورد لەماڵی حاجی عەلی خۆیان پەنا دەدا، حکومەت ماڵی ئەوانی نەدەپشکنی، زۆرجار گەنجە تورکمانەکانی لە مەرگ پاراستووە، کەچی جارێك ئاسایشە تورکمانەکان بۆ شکاندنی شکۆی حاجی عەلی لای حکومەت شکاتیان کردبوو کە حاجی عەلی پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفادا هەیە، چەك و فیشەکی بۆ دەکڕێ، چەك دابەش دەکات بەسەر کوردەکانی کەرکوك دژی حکومەت، سوپایەك بە یارمەتی ئاسایشە تورکمانەکان هاتنە سەر حاجی عەلی و ماڵەکەیان پشکنی، دەمانچە و تفەنگیان دۆزیەوە کە

حاجی له زووەوە ئەوانەی هەبوو هی خۆی بوو، حاجی عەلیشیان گرت، لە ڕەشبگیریەکی تردا محمودی کوڕیشی کە کارمەندی شەریکەی نەوتی کەرکوك بوو، بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە بە تۆمەتێك گیرا و بردیانە ئەو بەندیخانەیەی کە باوکی تیا بەندکرابوو، حاجی دەرویش فەتاح تاڵەبانی لە تەکیەی تاڵەبانی هاوڕێی گیانی بە گیانی حاجی عەلی بوو، پێکەوە چوبوونە حەج، لەکاتی گیرانی حاجی عەلی و محمودی کوڕیدا سەرپەرشتی ماڵیانی دەکرد، بەهۆی شێخ و تەکیەی تاڵەبانی و ئەفسەرێکی خزمیەوە زۆر هەوڵیدا بەربدرێن، بەڵام نەکرا، محمود بە تۆمەتی ئەوەش بەندکرا کە کاری نهێنی ڕێکخراوەیی دژی حکومەت دەکات و تورکمانی بە دوای سەیارەکەیدا لە ڕووداوە خۆێناویەکەی ١٩٥٩ دا پەلکێش کردبوو، بە مەرجێ حاجی عەلی زۆر گەنجی تورکمانی لە گرتن و مەرگ ڕزگارکرد و، لەدەستی ڕژێمی بەعس دەریهێنان، بەڵام هەر ئەو تورکمانانەی ئەم ڕزگاریکردن هاتنە سەریان و محمود و باوکیان گرت، ماوەیەك لە بەندیخانەی کرکوك هێشتیانەوە، دواتر لەگەڵ سەرکردە شوعیەکاندا گواستنیانەوە بۆ بەندیخانەی بەعقوبە و بەغداد.

ڕووداوە شومەکەی حوزەیرانی 1959:

نوری فەقێ دەڵێ: لە ناوەڕاستی ١٩٤٠ بەدواوە لەشەریکەی نەوتی کەرکوك کارم ئەکرد، لەخوار نەقڵیاتی سلێمانی، ژنە عەرەبەکان ماست و کەرە و ڕۆنی حەیوانی و قەیماغ و خوری و تەنانەت پشقلیان ئەهێنا بۆ فرۆشتن و، پیاوەکانیان لە ماڵەوە لە حەویجە بەبەتاڵی دادەنیشتن، عەرەب بەراورد بە کورد و تورك زۆر هەژار و نەخوێندەوار و ناشارستانی بوون، لەڕووی جۆری خواردن و جلوبەرگەوە هەتا بڵێی پیس و پۆخڵ بوون، شەوانی ڕەمەزان هەموو پێکەوە یاری سینی و زەرفمان ئەکرد کە عەرەب پێی دەڵێن محێبس، یەکترمان دەعوەت دەکرد و زۆر دڵخۆش بووین، تا پێش شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ی عەبدولکەریم قاسم دۆخی کەرکوك ئاوابوو، عەرەبە قەومی و بەعسیەکان ئێرەییان بە کورد دەبرد کە لەو شارە پڕ نەوتەدا زۆرینەن، عەرەبەکان بۆ دژایەتی کورد پشتی تورکمانە ڕەگەزپەرستەکانیان دەگرت و هانیان دەدان، عەبدولکەریم قاسم لە وتاریکدا وتی لەم وڵاتە کورد و عەرەب هاوبەشن، ئەمە تورکی بێزار کرد و هەستیان بەکەمی دەکرد، وەك کەمینە سەیر دەکران، هەتا ڕووداوی ناخۆشی ١٩٥٩ ڕوویدا.

کێشەی کەرکوك وەك کێشە لە پاش ساڵی ١٩٥٨ەوە دەستی پێکرد، کە مەلا مستەفا بارزانی بە داوای عەبدولکەریم قاسم گەڕایەوە عێراق، بەرنامەیەکی دانا هەموو ناوچەکانی کوردستان بگەڕێ، سەرەتا هاتە کەرکوك، میوانی فەرماندەی فیرقەی دوو (نازم تەبەقچەلی) بوو لە یانەی ئەفسەران، خەڵکی کەرکوك چوون بۆ پێشوازی، بۆ سبەی مەلا مستەفا بەڕێکەوت بۆ هەولێر، خەڵکی هەموو چین و تۆژەکانی کەرکوك لەگەڵی چوون هەتا پردێ، بارزانی شەوێك لە هەولێر مایەوە، سبەی هاتەوە کەرکوك و شەوێکی تریش لە کەرکوك مایەوە و پاشان چوو بۆ سلێمانی، خەڵکی کەرکوك هەتا قەرەهەنجیر بەڕێیان کرد، کە لە سلێمانیش گەڕایەوە، هاتەوە لە فڕۆکەخانەی سەربازی کەرکوکەوە گەڕایەوە بۆ بەغداد، چەندبارە خەڵکی کەرکوك چوونەوە قەرەهەنجیر بۆ پێشوازی و هێنایانەوە بۆ کەرکوك، (هیدایەت ئەرسەلان) فەرماندە و ئامر ئینزیباتی عەسکەری کەرکوك تورکمانێکی داخ لە دڵ بوو، پلانێکیان دانا بۆ کوشتنی مەلا مستەفا، ئەو کاتە حیزبی شیوعی دەستێکی بڵاوی هەبوو، لەگەڵ پارتی ئەو پلانەیان ئاشکرا کرد، بەزۆر قەناعەتیان بە بارزانی کرد کە ڕێگەکەی بگۆڕێت دەنا تیرۆر دەکرێ، هیدایەت بەرپرس بوو لەو کەژاوەیە، هیدایەت کە ئەوەی بیست جەڵتە لێیداو مرد، هیدایەت کاتی خۆی لە ڕەواندوز بوو، لە هەموو شەڕەکانی دژی بارزانی بەشدار بوو، تورکەکان کردیانە هەڵاو خۆپیشاندان دژی ئەوەی کە هیدایەت بە هۆی هاتنی بارزانیەوە ماندووبووە و جەڵتە لێیداوە و مردووە، دۆخی کەرکوك تێکچوو.

بۆ ساڵیادی شۆڕشی چواردەی تەموز ڕێپێوان و ئاهەنگ لەلایەن کوردەکانی کەرکوکەوە ڕێکخرا، کەچی هەندێ لە تورکمانەکان تەقەیان لەو ڕێپێوانە کرد و زۆریان کوشت، بیانووەکەیان ئەوەبوو کە گوایە مردنی هیدایەت خەتای هاتنی مەلا مستەفا بووە بۆ کەرکوك، هەندێ تورکمان لە دژی مردنی ئەو کابرایە گردبوونەوەیان سازدا و دەیانگوت دەبێ کەرکوك بکەین بە قوبروس، نابێ کورد ببێ بەخاوەنی، تەبەقچەلی و ڕێکخراوی لاوانی تورك ڕۆڵی خراپیان دەگێڕا، زیاتر لە بیست مەلاو پیاوی ئاینی کورد لە پێشەوەی ڕێپێوانەکە بوون، گەیشتنە لای سوق هەڕاجەکەی قۆریە، تورکمانەکان هەندێ ئەفسەریان لە قوژبنەکان دانابوو تا بە دزیەوە تەقە بکەن لە ڕێپێوانەکەی کورد و ڕابکەن، لە چایخانەی ئەسلان ئیقی ـ واتە جێگای شێر ـ، کابرایەکی خراپیان بەناوی عوسمان دانابوو تەقە بکات لە ڕێپێوانی

بۆ دایکی عەزیزم دایە گیان تا باوکی عەزیزم باوە گیان زۆر زۆر دەستان ماچ دەکەم سلامتان لێ ئەکەم وا من ئیعدام ئەکرێم رجاتان لێ ئەکەم چاوتان لە ئیلهام و ئازاد گیان بێت، سڵاو لە ئەکرەم و حسیبە و حەپسە و باهیر و کریم و تەنکە و نوری، محمد، نوخشە .... سڵاویان لێ ئەکەم من لە ڕێگای شەرەف ئەڕۆم ڕجا ئەکەم خەفەت مەخۆن ١٥٦|١دینار لەگەڵ وەسیەتم بۆتی ئەنێرم

بژی من

بژی کورد و کوردستان

کوردەکان و ڕابکات، کۆمەڵێ کورد عوسمانیان گرت و پەتیان کردە ملی و بە زەویدا ڕایانکێشا و بەدار لێیان ئەدا و شەڕ قەوما، کوردەکان پەلاماری تورکمانەکانیان داو لای مەسرەفی عەقار چەند تورکمانمان بینی بەداری قەڵەم تۆزەوە سەرەو خوار هەڵواسرابوون، یەکێ لەوانە عەتا خەیروڵا بوو، ئەوە بوو کە دەیوت دەبێ کەرکوك بکەین بە قوبروس، دیمەنەکان زۆر نامرۆڤانە بوون، بەڵام لە ئەسڵ و بنەڕەتا خەتای تورکمانەکان بوو، ئێمە زۆر تورکمانمان لە دەستی خەڵك ڕزگارکرد، بەڵام لە هەموولاوە قەوما و نزیکەی بیست و پێنج کورد و تورکمان کوژران، دواتر لە تورکمانەکان دەستەیەك لەگەڵ عەقید عەبدوڵا باوکی دکتۆر فاروق چوون بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و شکاتیان لە کوردەکان کرد.

مستەفا عەسکەریش دەڵێ: کۆمەڵێك وێنەی ساختەی خۆپیشاندانی جەزائیریان کۆکردبوویەوە وەك وێنەی منالّی سەربڕاو و ژنی کوژراو و وێنەی ترسناکیان پیشاندا و تووڕەیان کرد، ئەو ڕۆژە هەر تورکمانێك دەربکەوتایە دەیانکوشت، ئیتر لەکوێ ئەم وێنەیە گیراوە، وتبوویان سەدەها تورکمان کوژراوە، بەڵام بە ئاماری ڕەسمی نۆزدە کەس کوژرابوو، عەبدولکەریم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دروستکرد و ناردی بۆ کەرکوك، خەڵکێکی زۆر لە کوردەکان گیران، دران بە دادگا، حوکمی ئیعدام بۆ ٢٨ کەسیان دەرچوو، ـ مەحمودی کوڕی ئەلەبەستێش یەکێکیان بوو ـ بەس لە زیندان مانەوە هەتا کودەتای بەعسیەکان و کوشتنی عەبدولکەریم قاسم ڕوویدا، لە شوباتی ١٩٦٣ بەعسیەکان لەناو کەرکوك بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد، تورکمانەکان لە خۆشیان دەهۆڵ و زورنایان لێدەدا و شاییان

دەکرد، زۆر کەسی بێتاوانیش ئیعدام کرا، وەکو مارف بەرزنجی و حسێن بەرزنجی و مەجید حەسەن.

تەنها کوردەکان لە سێدارەدران کە شیوعی و پارتی و بێلایەن بوون، تورکمانەکان خۆیان ڕووداوەکەیان دروستکرد و خۆیان چوون شکاتیان کرد، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە حکومەت کوردی لەو شارە دەرکرد، دەیان هەزار ماڵە عەرەبیان هێنا و تورکمانیشی سەرکوت کرد، ئەو عەرەبە هەژارانەی حەویجەی کرد بە خاوەن زەوی و زار، ژیانیانی زۆر باشکرد، بەپێچەوانەوە کوردیان دەچەوساندەوە، هەژار و نەدار و شاربەدەریان کردن بۆ خواروی عێراق یان سلێمانی و هەولێر، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە خۆشی و شادی و ئارامی نەما، لە جێگەی ئەوە ڕق و قین کەوتە نێوان نەتەوەکانی کەرکوك.

(نوری فەقێ) لە دایکبووی ۱۹۲۷ دەگێڕێتَەوە: کورد دوو سەد ساڵە بەبنەماڵەوە لە کەرکوکن، مستەفا عەسکەری دەڵێ: زۆربەی تورکمان پیاوی چاکن، ئەیانەوێ بە ئاشتی بژین، تەنانەت بڕوایان وایە ئەگەر کورد نەبێ تورکمان لەناودەچێت، زۆر حەز دەکەن لەگەڵ کوردەکان بن و کاری بازرگانی خۆیان بکەن، بەڵام کۆمپانیای نەوت و بەعسی و قەومیەکان لەعێراق و بەتایبەتی لە کەرکوك، ئەیانەوێ لەگەڵ هەندێ لە تورکمانە توندڕەوەکان ئاژاوە بنێنەوە، دەیانگوت نابێ لە کەرکوك پۆستە گرنگەکان بدرێتە کورد، نابێ سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی فەرمانگەکان کورد بێت، پێش شۆڕشی چواردەی تەموز دوو کورد (مستەفا قەرەداغی) پارێزگاری کەرکوك بوو، (ساڵح زەکی بەگ) فەرماندەی فیرقەی دوو بوو، بەڵام دوای شۆڕش تۆرانیەکان و قەومیەکان و بەعسیەکان و کۆمپانیای نەوت بەرهەڵستی کوردیان کردبوو بەپلانێك، پلانەکە سەری نەگرت، کوردەکان گەیشتنە ئەوەی ڕاپەڕینێکی گەورە لەیادی یەکەم ساڵی شۆڕشی چواردەی تەموز ڕووبدات، لەسەر پردی دووەم تەقەکرا لە خۆپیشاندەرانی کورد، ئاژاوەیەکی گەورە ڕوویدا، جلّەو لەدەست دەرچوو، کوشتن و بڕین و تاڵانی دوکانەکان و لێدانی خۆپیشاندەران ڕوویدا، پارتی و شیوعی و هەنێ خێرخواز، ویستیان ڕووداوەکە کپبکەن و بەکەمترین زەرەر لێیدەرچن، بەڵام تەشەنەی کرد، سێ شەو و ڕۆژی خایاند، هەنێ دەڵێن خەتای هاتنی مەلا مستەفا بوو بۆ کەرکوك، بەڵام مەلا مستەفا لە مانگی سێ و چوار هات و هیدایەت مرد، بەڵام ڕووداوی کەرکوك لە تەموزی ساڵی ۱۹۵۹ ڕوویدا، سێ مانگیان لەنێواندا بوو، هەندێکیان بەشێوەی ناشرین

کوژرابوون که پیاو ناتوانێت بیانوو بۆ ئەوە بێنێتەوە، ڕاستە کوردەکان خەڵکیان بەدوای سەیارەدا ڕاکێشا، ئێستەش کە دێتەوە یادم پێی تێکدەچم، نازم تەبەقچەلی پێش ئەو ڕووداوە بەهۆی هەوڵی کوشتنی بارزانی لابرابوو، داود جەنابی خرابوویە شوێنی، ئەو چەپڕەو و پیاوێکی باش بوو، هەوڵی هێورکردنەوەی دەدا، بەڵام تورکمانەکان پلانێکیان دانا بۆ لێدانی خۆپیشاندەران، نەیاندەزانی ئاوا گەورە دەبێت و کۆنترۆڵ ناکرێت، هەر بۆیە داود جەنابیشیان لابرد و عەبدوالڕەزاق محمودیان بە قائیدی فیرقەی دوو دانا، داود جەنابی و عەبدوالڕەزاق محمود و نازم تەبەقچەلیش عەرەب بوون، دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ هەموو قائید فیرقەکان عەرەب بوون.

مستەفا جەعفەری دەڵێ: کاتی ڕووداوەکە عەبدوالڕەزاق ناردی بەشوێن منداو، وتی تۆ کوڕی عەشایەری، ڕۆشنبیر و پارێزەری، دەتوانی یارمەتیمان بدەیت، وتی کوردێکی زۆری دێهاتەکان بە چەکەوە هاتوونەتە ناو کەرکوک، ئەگەر ئەوانە ڕەوانەی شوێنی خۆیان بکرێنەوە شار ئاسایش دەبێ، بە ئەفسەرەکانی وت ئەوە مستەفا عەسکەریە، هەرکات تەلەفونی کرد بچن بەدەمیەوە، سەیارەیەکی عەسکەریان دامێ، چوومە شۆڕیجە و ئیمام قاسم و ڕەحیماوا و ئەو شوێنانەی کە بە کۆمەڵ خەڵکی لێبوو، یەکەم ڕۆژ توانیمان خەڵکێکی زۆر قەناعەت پێبکەین بچنەوە دیهاتەکانیان، وتم شار هێمن بووەتەوە، دەسەڵات بە دەست حکومەتەوەیە، حزبەکانی خۆمان ئەتوانن یارمەتی حکومەت بدەن ئاژاوە نەبێت، لەبەرئەوە ئێوە بڕۆنەوە، خەڵك قەناعەتی کرد، داوای زیلم کرد هات ناردمانەوە بۆ دێیەکانیان، ڕۆژی یەکەم بارەکە هێور بوو، بەڵام ڕۆژی دووەم ئاژاوە دەستی پێکردەوە، پلانگێڕان خەڵکیان ئەنارد بۆ دێهاتە کوردەکان و پاگەندەیان دەکرد کە لەناو کەرکوك کورد سەربڕاوە، ئەوانیش جارێ تر بە چەکەوە ئەهاتنەوە، هەبوو بە پێ ئەهات، کۆنترۆڵ نەما، ئەچوون پەلاماری هەرکەسیان دەدا تورکمان یان عەرەب بوایە، ئێمەش بەردەوام قەناعەتمان پێدەکردن کە ئەوانە نین ئێوە بەدوایاندا دەگەڕێن، دوای سێ ڕۆژ بارەکەمان هێمن کردەوە، لەم کاتەدا ئەوان نوێنەریان نارد بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و شکاتیان کرد، خەڵکی زۆر گیراو لە سێدارە دران، ئەوەندەی تر غەم داگیرا، زۆر بێتاوان کوژرا کە هەوڵیان دابوو شارەکە هێمن بکەنەوە و ئاگرەکە بکوژێننەوە، وەك مارف بەرزنجی و حسێن بەرزنجی و جەبار پیرۆز خان و نوری سەیدەلی و مەجی حەسەن و کەمال مەجید و

ئەسعەد بابان و فەرماندەی ئینزیباتخانە فەوزی نەشئەت و زۆری تریش، ـ مستەفا عەسکەری دەڵێ منیش گیرام، بەڵام قائید فیرقە هات و شایەتی دا کە من یارمەتی حکومەتم داوە و شەڕم نەکردووە، ئەنجا عەفو کرام ـ شێخ مارف و ئەوانیان لە کەرکوك زۆر ناشرین کرد بە دارا، لە شوێنی فیرقە، لە سەرەتای شەقامی ئەوقاف، لە دەستەڕاست بۆشاییەك هەیە کە ئەچێتەوە بۆ دادگا، هەندێ دارودرەخت هەیە، ئەو بیست و هەشت کوردەیان بەو دارانەدا هەڵواسین، دوای ئەوە زۆر کورد تیرۆرکرا و درانە دادگای عورفی، تورکمانەکان دەهاتن شایەت بوون لەسەرمان، شایەتی درۆیان دروستکردبوو، بە منی وت بەچاوی خۆم بینیومە خەڵکی هانداوە و خەڵکی بەدوای ئۆتۆمبیلدا ڕاکێشاوە.

دوای سێ ساڵ بەندیخانە، ڕۆژێك ئەوانەیان بەردا کە شیوعی نین، بەڵام دوای چوار ساڵ بەندکردن محمودی کوڕی حاجی عەلی و بیست و هەشت کەس لە کوردی کەرکوك بە دەستکیسەی تورکمانەکان لە سێدارە دران، تاوانیان هەر ئەوە بوو کە کورد بوون.

ڕۆژە ڕەشەکەی بەندیخانە و دوا دیدار:

ڕۆژێك داوایان کرد کەسوکاری ئەو بیست و هەشت کەسە بچنە بەندیخانە لە بەعقوبە دوا دیداری کوڕەکانیان ببینن، حەوشەی بەندیخانە جمەی دەهات، گریان و شین و ڕۆڕۆ عەرشی عەزیمی دەهێنایە لەرزە، دایکی محمود و لایەقەی خێزانی محمود و ئیلهام و ئازادی کوڕی و ژنەکەی عوسەی ئامە لە حەوشەی بەندیخانە لە دەوری محمود کۆبوونەوە، محمودی داماویان بینی کە ڕووە سور و چاوەشینە گەشەکانی وەك زەعفەرانی زەردی لێهاتبوو بە دەست ئەو ژیانە کورتە بێخێرە کە ئەوە ئەنجامەکەیەتی، ژیانێك کە بەهاری گەنجی بە پەتی سێدارە کۆتایی بێت، محمود هەر ماچی دەکردن و دڵی دایك و خێزانی دەهێنایەوە، دەیوت دایەگیان خەفەتی ناوێ، ئەمە ژیانی منە و دەبێ قبوڵی بکەین، محمود لە بەندیخانەبوو کە ئازادی کوڕی لەدایکبوو، نەیانهێشت بۆ تاوێ کوڕەکەی بە مەتۆلکەییش ببینێ، ئەوە یەکەمجارە ئازادی سێ ساڵە باوکی ببینێ، بەڵام ناینासێ و لێی ڕادەکات، کاتێ کە محمود ئازادی ماچ دەکرد، ئازاد دەگریا، وەك بڵێ ئەم کەسە نەناسراوە غەریبەیە کێیە ئەوەندە تامەزرۆی منە و منی خۆش دەوێ و من ناینասم، ئەو هەموو فرمێسکە چیە ئەم پیاوە بۆ منی دەڕێژێ، خۆ ئەم پیاوە ڕۆژێ بسکیت و چلورەیەکی بۆ من نەکڕیوە، ڕۆژێك نەیکردوومەتە باوەش،

ئەی ئەم خۆشەویستی و ماچکردنە زۆر و گوشان بەخۆوە چیە، لایەقی جوان و نەشمیل و بێکەسیش کە تەنها دوو چیلکەی ڕەق و تەقی مابوو، چاوەکانی لە دووری و گریان و فرمێسک و لارە ملی دوو منداڵەکەی سوور هەڵگەڕابوو، دڵی وەك مەنجەڵی لەکۆڵ چەپۆکانی دەدا بۆ نەگبەتی ئەو پیاوەی خۆشی لێ نەدی و ئەوەتە بڕیاری خنکاندنی دەرچووە، محمود قاچ و دەستی باوك و دایکی ماچ دەکرد، حەزی دەکرد دوای چوار ساڵ دووری بۆ یەکجار و بۆ دواجار ماچێکی خوا حافیزی لایەقەی خێزانی بکات، بەڵام لەبەر باوکی و قەرەباڵغیەکە ڕووینەدەهات، لە ناخەوە دەکوڵا بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشەی تێیکەوتوون، کە کوڕ باوکی خۆی نەناسێ و پیاوێك بە دەست لەملانێك نەتوانێ دوا خواحافیزی ژنی خۆشەویستی بکات وەك سوپاسگوزارێك بۆ ئەو ڕەنجەی کە لایەقە لە دووری ئەو منااڵەکانی وەك گوڵ بەخێوکردووە، شین و شەپۆر و لاواندنەوەی فاتمەی دایکی حەوشەی بەندیخانەکەی هێنابوویە سەرخۆی و هەموو بۆی دەگریان، دوای دوو سەعات مۆڵەت، ئەو حەشاماتە دەرکرانە دەرەوەی بەندیخانە، ئەوانیش بە هەنسکی ساردی دوا دیدارەوە گەڕانەوە ماڵەوە.

دادگای بەعسیەکان نەیاندەزانی بەچ تاوانێك حوکمی محمود بدەن، چونکە ڕاپۆرتی لێدرابوو، بەڵام ئیعتیرافی نەکردبوو هیچی لەسەر نەسەلما بوو، ناچار محمودیشیان خستە پاڵ شوعیەکان، لەگەڵ شێخ مارف و شێخ حسین و جەباری پەرۆیز و زۆری تر لە سەرکردەی شیوعیەکان هەموویان لە کەرکوك بەیەك تاوان و بەیەك وەجبە بە دارەکانی شەقامێکی کەرکوکەوە هەڵواسران.

کاتێ محمود شەهید بوو حاجی عەلیش لەو سجنە بوو، ڕۆژی دوا دیدار محمودی بینی، بەڵام ئیتر محمود گوازرایەوە و باوك ئاگای لە کوڕەکەی نەما، دوای چوار ڕۆژ لە گەڕانەوەی دایك و خێزانی محمود لە سجنی باقوبە، لە چێشتەنگاوێکی درەنگدا نامەیەك بەدەستی پۆلیسێکەوە هات، چ نامەیەك، هەمیشە نامەکان و نامە هێنەران مژدەبەخشن، بەڵام نامەی پۆلیسی سەردەمێکی ڕەش دەبێ چ خێر و مژدەیەکی لێچاوەڕوان بکرێ، نامە وەرگیراو زەرف هەڵپچڕا، بەڵام هاڵاوی گەرمی ڕەشی دەروونی مەحمود لە دەمی زەرفەکەوە بە ڕووی دایکیدا سەرکەوت، دایکێك کە خەتی ڕەش و سپی لێك ناکاتەوە، بەڵام بە نامەهێنەر و هاڵاوی خەبەرهێنەری نامەکە هەر ڕەشایی و شین و شەپۆری دەدی، دڵی خورپەی کرد

و کەوتە سەر زەوی و دانیشت، لایەقە جامێ ئاوی بۆ هێنا، هەر ئەوەندە هێزی هەبوو وتی بیبە بۆ دراوسێکەمان بزانە چ خەبەرێکی مەحمود گیانی تیایە، لایەقە ئازادی دانا و زوو خۆی کرد بە ماڵە دراوسێکەدا، بێ قسە نامەکەی دایە دەستی خوێندەوارەکەیان، نووسرابوو بێنە مەیتخانەی کەرکوك و لاشەی کوڕەکەتان بەرنەوە و بێ قەرەبالّغی و بێدەنگ ئەسپەردەی بکەن، هەواڵەکە دایکی توشی شۆککرد، خزمان کۆبوونەوە، لاشەی سارەوەبووی محمودی تاقانەی خوێنگەرمیان لە مەیتخانە هێنایەوە، دایك بێدەنگ بوو نوتقی لێبڕا بوو، لایەقە دوو کوڕەکەی هێنا کە باوکیان ببینن و دوا ماچی بکەن، ئەمجارە باوکیان ناتوانێ وەك حەوشەی بەندیخانە تەنها یەك ماچی منداڵەکانی بکات، بەڵکو ئەمجارە بە پێچەوانەوە ئەمان سەرەیان گرتووە بۆ ماچی خواحافیزی ساردبووەکەیان، لایەقە کە وەك شێتی لێهاتبوو، ئەمجارە وەك بەندیخانەی نەکرد، باوەشی کرد بە محمود گیانی بێڕۆحی خوێن گەرمدا و بە دڵی خۆی ماچی کرد، خزمان محمودیان شۆرد، ئەو کفنە بوو بەنسیبی کە حاجی عەلی سیی ساڵ پێش لە حەج بۆخۆی هێنابوو، هەرگیز بڕوای نەدەکرد ببێتە کۆتا بەرگی تاقانە کوڕە جوانەکەی، هەتا سەرقەبرانی شێخ محی الدین دایکی چەند جار کەوت، لەکاتی ئەسپەردەکردندا زمانی دایکی شکا و چەند مانگێ بەو دۆخە بێدەنگیەوە مایەوە.

بڕیاری لە سێدارەدانی محمودی ئەلە بەستێ:

ساڵی ١٩٦٣ لەکەرکوك بەپێی بەیانی ژمارە ٢٠ لە ١٩٦٣/٦/٢٤دوو شەممە ٣ سەفەری ١٣٨٣ك، ژمارە ١٢٢ جریدەی جەماهیر وە جێبەجێکردنی لەسێدارەدان لە ٢٣ حوزەیران ١٩٦٣ بۆ ٢٨ تاوانباری شیوعی بەپێی ڕۆژنامەکە کە دەڵێ تاوانیان ئەنجامداوە لە کەرکوك، ئەم بڕیارە لە جەریدەی جەماهیر دەرچووە ژمارە ١٢٢، لیژنەکە بەسەرۆکایەتی زەعیم ڕوکن سەعید فەتحی عەسقەلی حاکمی عەسکەری گشتی ناوچەی باکوور بەیانی ژمارە ٢٠ ی دەرکرد بەجێبەجێکردنی حوکمی ئیعدام بەیانی ئەو ڕۆژە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣بۆ ئەو تاوانبارە شیوعیانە کە کاری زۆریان کردووە لە کەرکوك ساڵی ١٩٥٩ بە کوشتن و شێواندن و ناشرینکردنی زیندوو و مردوو هەڵواسینی لاشە و سوتانی لاشەیان کە ناگونجێ لەگەڵ وەحشی غابەکانیش و شتی وا ناکەن، لەبەر ئەوە دەبێ لەناوببرێن.

نامەکەی محمود لە بەندیخانەوە پێش لە سێدارەدان

نامەیەکی محمود هەیە بە خەتی خۆی شەوی لە سێدارەدان لە بەندیخانەوە نووسیویەتی و بە کەسوکاری شیوعیەکاندا ناردبووی بۆ دایك و باوکی، وەسیەتی کردبوو، ئاگاداری دایك و باوکی کردبوو کە سبەینێ لەسێدارە دەدرێین، ئەو کاتە ماڵیان لە شاترلو بوو.

دەقی نامەکەی شەهید محمود کە لە بەندیخانە نووسیبووی:

کرکوك محله شاترلو

دار الحاج علی بسته

بۆ دایکی عەزیزم دایە گیان تا باوکی عەزیزم باوە گیان زۆر زۆر دەستان ماچ دەکەم سلامتان لێ ئەکەم وا من ئیعدام ئەکرێم رجاتان لێ ئەکەم چاوتان لە ئیلهام و ئازاد گیان بێت، سلاو لە ئەکرەم و حسیبە و حەپسە و باهیر و کریم و تەنکە و نوری، محمد، نوخشە .... سلاویان لێ ئەکەم من لە ڕێگای شەرەف ئەڕۆم ڕجا ئەکەم خەفەت مەخۆن ١١٥٦دینار لەگەڵ وەسیەتم بۆتی ئەنێرم

بژی من

بژی کورد و کوردستان

کوڕی خۆت

محمود حاجی عەلی

١٩٦٣/٦/٢٣

محمود کوڕی ئەلەبەستێ، ئازاد کوڕی محمود، قاسم کوڕی سەعدی، لە زڕ ئامۆزاکانیشیان چەند کەسێك، هەموو بە لە سێدارەدان ڕۆیشتوون.

حکومەتی داخ لە دڵی ئەو کاتەی عێراق ڕقێکی ئەستووری لە حاجی عەلی بەسێ دەبێ، چونکە حاجی عەلی ڕازی نابێت ببێت بە نۆکەر و داردەستی ئەو ڕژێمە بۆگەنە کۆنەپەرستە، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ دا حاجی عەلی و شێخ حسێنی بەرزنجی و شێخ مەعروف بەرزنجی لەگەڵ محمودی کوڕی حاجی عەلی دەگیرێن و ڕەوانەی گرتووخانەی بەغدادیان دەکەن، دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، شێخ حسێن و شێخ مەعروف بەرزنجی لەگەڵ محمودی کوڕی حاجی عەلی لەسێدارە دەدرێن، حاجی عەلیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکم دەدەن، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك، دانانیشێ دەگوازێتەوە بۆ شاری سلێمانی.

کۆچی دوایی حاجی عەلی بەستێ

بۆ مردنی ئەلە بەستێی باپیری لە کاك ئیلهامم کوڕەزای ئەلە بەستەم پرسی وتی: (لەم خەفەت و مەینەتی و داماویەدا کە لە سلێمانی بووین ئەوەندەم زانی باپیرم عەلە بەستێ عەمری خوای کرد، جەماعەتی مەنمیەکانی سلێمانی هاتن باپیرەمیان دەناسی، باپیرمیان برد بۆ سەر قەبران بۆ گردی سەیوان، جۆگەیەکی ئاو بوو لەئاوەکە پەڕینەوە ڕیك لەوبەری ئاوەکەوە ناشتیان، ئەو کات من منالّ بووم لەدوایانەوە لەگەڵ جەنازەکە دەڕۆشتم، ئیتر لەگەڵ نەنکم فاتم هاتینەوە بۆ کەرکوك).

حکومەتی داخ لە دڵی ئەوکاتەی عێراق ڕقێکی ئەستووری لە حاجی عەلی بەسێ هەبوو، چونکە حاجی عەلی ڕازی نابێت ببێت بە نۆکەر و دارەستی ئەو ڕژێمە بۆگەنە کۆنەپەرستە، حاجی عەلیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکمی بەسەردا دەدەن، کە بەریدەدەن بە ڕاوێژی کەسوکاری کەرکوك جێدێڵێ و کۆچ دەکات بۆ شاری سلێمانی.

کە حاجی عەلی لە بەندیخانە بەربوو، زۆر هۆشی لای خۆی نەمابوو، کەس و کاریش لە ترسی ئەوەی حکومەت و ئەو جاشە خۆفرۆشانەی کەرکوك کە بە بیانوو بوون بۆی زەفەری پێنەبەن، ناچار دەکرێ ڕووبکاتە سلێمانی، لە ١ی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٤ وەفاتی کرد، لەلایەن بنەماڵەی شێخ محمودەوە لە گردی سەیوان ئەسپەردە کراو، لەلایەن بنەماڵەی شێخ محمود و حاجی عەلی سەید قوبادی پرسەی بۆ دانرا.

بە پێی فرمانی میری ئەلەبەستێ لە کەرکوك بۆ سلێمانی دوورخراوەتەوە بەنەخۆشی سك چوون گیانی سپاردووە بەشکۆمەندی کەم هاوتا خەڵکی سلێمانی لە گردی سەیوان ئەسپەردەیان کرد.

کورتەیەك لە هۆزی مەنمی:

یەکێك لە هۆزە کۆنەکانی کورد، هۆزی مەنمیە کە تا ئێستە لێکۆڵینەوەی ورد لە ژیان و گوزەران و ڕەگ و ڕیشەی مەنمی نەکراوە و بەسەرهاتیان بە ونی ماوەتەوە، تەنانەت خۆشیان نازانن لە چ ناوچەیەکی کوردستان ژیاون و بۆچی بە ناوچەکاندا پەرتوبڵاو بوون؟

مەنمییەکان دەڵێن سەرەتا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ژیاون، پاشان بەشێکیان لە ڕووداوێکدا کە ڕوون نیە چیە کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی باشوور، لە ناوچەی گەرمیان و کەرکوك و قەرەداغ و شارەزوور نیشتەجێ بوون و بەسەر کۆمەڵێك دیهاتدا دابەش بوون.

مەنمییەکان دەڵێن باپیرەمان ناوی (وەیس بەگ) بووە، شەش کوڕی بووە بەناوەکانی (الله مۆراد و تاری مۆراد و میر قوباد و ..) ، لەم شەش کوڕە ئەم تیرانە کەوتوونەتەوە: (جاناخەیی و میرانی و جەشیری و مەلا وەیسی و کەریم وەیسی و ئێناخی و پیرەوەیسی و الله مورادی و عەیناقی و بەبرکەیی) ، جگە لەمانە کۆمەڵێ تیرەی تریشیان هەبووە کە بەدوای مەڕومالاتەوە لە نێوان عێراق و ئێراندا گەرمیان و کوێستانیان کردووە وەك تیرەی: (گاخۆری و ڕاماشەیی و گوێ کرۆژی و چەقەڵی و پیرەجانی).

لە جەنگنامەی مەنمیاندا و لە کتێبی عەزیز و تەکشدا هاتووە کە ئەم عەشرەتە بە گیانبازی خۆیان بەرگریان لە خاك و ئاویان کردووە، بەتایبەت لە جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دوای ساڵی ١٩١٢ەوە لەگەڵ پاشاکانی قاجاردا شەڕی قورس و خوێناویان کردووە، بەرەنگاری هێرشەکانی ڕووس و ئینگلیز بۆ سەر خاکەکەیان بوونەتەوە، بەڵام لە دواییدا لەبەر بێتفاقی و شەڕی نابەرامبەر شکستیان خواردووە، کۆچیان کردووە بۆ باشووری کوردستان و لە کەرکوك و گەرمیان و شارەزوور نیشتەجێ بوون، ئەو فەرماندانەی کە جەنگنامەی مەنمی زاهدی ڕەزایی و بەهادینی ڕەحیمی باسی دەکەن بریتی بوون لە (عەزیزخان و تەکش خان و مستەفا خان و حەبیبوڵا خان و سەیفونیزام و میر عەبدوڵا خان و حەمەمین ئەڵماس و مورادخان و فەرەج خان و سەی مۆراد و عەبدوڵا خان) و زۆری تر.

کۆلێل دەڵێ (مۆراد خان و ستار خان) دوو باپیرە گەورەی عەشیرەتی مەنمین و بەرگدروو بوون، جلی مرادخانی و سارخانیان دروستکردووە، ئەوان ئەو جۆرە بەرگەیان داهێناوە و وێستوویانە کۆتایی بەبەرگی قورس و گرانی کەوا و سەڵتە بهێنن، هەروەها باسی (ئەلە بەستێ)ش دەکەن کە چۆن بەرگری لەشەرەفی کورد کردووە، لە ڕووداوی حەمامەکەی کەرکوکدا چووە بەگژ سەربازە ئەرمەنییە بەریتانیەکان و حەوتی لێکوشتوون.

مەنمییەکان لە باشووری کوردستان بە زۆری لەم ناوچانە نیشتەجێن: (گوندەکانی بازیان و بارۆیی گەورە و بچوك و وەرمزیار و سەرچنار و کەندەکەوە و کانی مەنم و دارتووی نەزەر و دارتووی حاجی حارس و کانی جنە و شێخ ڕەش و دابڵاخ و کێلە سپی و داربەر و لەنجاوا، لە شارەزووریش لە باڵانەران و بێستان سوور و یەخیەاڵی هەن، لە کەرکوکیش لە پەنجا عەلی و کوچك و نەخشینە و کۆڵیاخ هەن، جگە لە دەیان ماڵ لە خزمانی (حاجی عەلی بەستێ) کە بڵاون لە بەغداد و کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و

کۆیە و تەقتەق و گوندی خدران) ، مەنمییەکان لە باشووری کوردستان بە هەموویانەوە زیاد لە هەزار و پێنجسەد ماڵ دەبن.

کتێبی عەزیز و تەکش لەلایەن عومەر سالّح ساحیب سەقزی شاعیر و نووسەرەوە نووسراوە، ناسراوە بە کۆلیل، وە کتێبی جەنگنامەی مەنمی کە هەردوو بەڕێز زاهید ڕەزایی و بەهادینی ڕەحیمی نووسیویانە، هەندێ شت لە ژیانی مەنمی لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا ڕوونەدەکەنەوە، بەڵام داخەکەم ڕەگ و ڕیشەی مەنمی و ژیانی پاشا و میر و پیاوە گەورەکان و ژنە ناوداراکانی مەنمی دیار نییە و ونە.

سەرچاوەکان:

١. چیم دی، ئەحمەد خواجە، ب١، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.

٢. نێرگزەجارِ، کورتەیەك لە ژیاننامەی ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی عەشیرەتی مەنمی، ئامادەکردنی سەیفەدین مەنمی، بەرگی یەکەم، ژیاننامەی حاجی عەلی بەستێ، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکراوەکان، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، جەلال تەقی ئامادەی کردووە، بغداد، ١٩٧٠.

٤. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، کمال نوری مەعروف ساغیکردووەتەوە، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، سلێمانی.

٥. کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت، ئامادەکردنی عەدنان کاکە ڕەش و دەستەیەك هاوکار بوون، مەکتەبی بیر و هۆشیاری چاپی کردووە، ژمارە ٢٢١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦. شاری کرکوك بەشێك لە مێژووی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و زانا و پیاوە ئاینی و ناوداراکانی، گۆران فەتحی، ئینیستیتۆتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.

٧. کرکوك ناوی مێژوویی کۆنی، دانیشتوانی، دەسەڵاتەکانی، مەلا جمیل ڕۆژبەیانی، ئامادەکردنی محمد ئەمین ڕۆژبەیانی، چاپخانەی ئەراپخا، کرکوك، ٢٠٠٦.

٨. ئینسایکلۆپیدیای کەرکوك، سمکۆ بەهرۆز (ئەژی) ، بەرگی چوارەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، لەسەر ئەرکی د.تەها ڕەسوڵ چاپکراوە ساڵی ٢٠٢٣.

٩. مێژووی شۆڕشەکانی شێخ محمود لە بەڵگەنامە نهێنیەکاندا، نووسین و ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، بەرگی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٦.

١٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی حەوتەم، ژمارە ١٧١٩ ، چوار شەممە، ١٩٩٨/١٠/١٤، لا ٦، بەناوی: حاجی عەلی بەسێی قارەمان، لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی خەباتماندا، حەمە بۆر.

١١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٧٠٢، ١٩٩٨/٩/٢١، حاجی عەلی بەسێ تێکۆشەری هەڵکەوتووی گەرمیان و پێشمەرگەی قارەمانی مەلیك محمود، فریاد شوانی.

١٢. هەمەوەند، بەشێك لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، دارا ئەحمەد کەریم بەگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر ٢٠٠١.

١٣. شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی لە خواروی کوردستان، م . ر هاوار ، ب١، جاف پیرس، لەندەن، ١٩٩٠.

١٤. یاداشت، ڕەفیق حلمی، ب١ و ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان، ١٩٨٨.

١٥. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، چاپی یەکەم، ١٩٩٥.

١٦. سێ ڕۆژنامەی سەردەمی شێخی نەمر، ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠١، ڕەفیق ساڵح و کەمال فوئاد.

١٧. شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، عەلائەدین سوجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٩.

١٨. کورد و کەرکوك، لەتیف فاتیح فەرەج، ب١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٩. شاری کەرکوك ١٩١٧ ـ ١٩٢٦ك، پشکۆ حەمە تاهیر عەبدوڵڕەحمان ئاغجەلەری،

مەکتەبی بیر و هۆشیاری، ی ن ك، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٠ ناوچەی کەرکوك و هەولێر گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، د. نوری تاڵەبانی، و. محمد مەلا کەریم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢١. شێخ محمودی حەفید ١٩٢٢ ـ ١٩٢٥، ئومێد محممەد ئەمین، سالی ٢٠٠٨، سلێمانی، پڕۆژەی تیشك، ژمارە ٣٢، چاپخانەی چوارچرا.

٢٢. گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٢٥، عومەر عەلی شەریف، کورد و جەنگی شوعەیبە، ١٢ بۆ ١٤ /١٩١٥/٤ نیسانی ٢٠٠٥.

٢٣. کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٣٥٦ لە ٢٠٠١/١١/١٨، صدیق سالح، یەکەمین حکومەتی کوردستانی جنوبی.

گەردوونی بینراو چییە؟

پێکهاتەی گەردوون گەر بەسادەیی باسی بکەین دەتوانین بڵێین هەموو هەسارە و ئەستێرەکان و تەمە گەردوونییەکان و گالاکسییەکانە بەگشتی کەتیایاندا ماددەی ڕەش یا (هێزی ڕەش) زۆرترین پانتایی پێک دێنن، تا ئێستا بەپێی توانا بەردەستەکان

زۆربەی زانایانی گەردوونناسی لایان وابوو تا ماوەیەکی زۆر کە گەردوون پێکهاتووە لەم سێ ماددە سەرەکییە کەناسراوە بەماددەی باریۆنی کەپێکدێت لە بڕۆتۆنات و نۆترۆنات و ئەلکترۆنات بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەم سێ ماددەیە بەشێکی کەمی گەردوون پێکدێنێت لەئەنجامی چاودێریی جۆڵەی گالاکسی و ئەستێرەکان دەرکەوتووە کەماددەیەک بەچاو نابینرێت بەڵام هەست بەکاریگەرییە گەورەکانی دەکرێت لەسەر ئەستێرە و هەسارەکان و تەواوی پێکهاتەی گەردوون ئەویش ماددەی ڕەشە (darkmatter) بڕوا وایە کەئەم ماددەیە کاریگەری تەواوی هەیە لەهێزی کێشکردن و فراوانبوونی گەردوون خەملێنراوە بە ٤٦ملیار سالی ڕووناکی بەلام بۆچوونی تر هەیە .

زانایان تا ئێستا بەردەوامن لەگەڕان بەدوای وەڵامی ئایا گەردوونی بینراو چییە؟ ئایا یەک گەردوون هەیە یا چەند گەردوونێک هەیە؟ ئایا ئێمە لە گەردوونێکی ڕاستیداین یا لەگەردوونێکی گریمانەیی؟ نهێنییەکانی گەردوون بەردەوام یاری بەپێشکەوتووترین ژیریی زانستییەکان دەکات بۆ؟ ئایا ماددە و وزە چییە زەمان و کات (الزمان والمکان) بنەچە و چارەنووس (الأصل والمصیر)؟ ئایا پێش ئەم گەردوونە چیتر هەبووە!؟ هەروەها نهێنی زەمەن چییە ؟

دیارە بێجگە لە بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە چەندان بیردۆزی تر هەن بەڵام ئەمە زیاتر قسەی زانستی لەسەر کراوە، بەڵام بۆچی ئەم ڕووداوە ڕوویدا و چۆن ڕوویدا؟ هەمووی پرسیاری بێ وەڵامن.

نووسینی:
تەحسینی شێخ جەواد

بەنزیکەیی ١٣.٨ملیار ساڵ بەر لەئێستا گەردوونی بینراو بەتەقینەوەیەکی گەورە دەست پێدەکات و بەردەوام لە کشان و گەورە بوونداید، لێرەدا پرسیارێکی زانستی بەزیهندا دێت ئایا کشانەکە یا گەورەبوونەکە چۆنە؟ لەهەموو لایەکەوەیە یا لول پێچە یا جۆرێکی تر کە مرۆڤ پەی پێ نەبردووە.

بەپێی دواهەمین ژمێرەی فەلەکی و کۆسمۆلۆجی١ کۆمەڵەی خۆری خۆمان تەمەنی ٤،٥ملیار ساڵە چەند گریمانەیەک هەیە بۆ شێوەی دروستبوونەکەی زیاتر بڕوا وایە سەدیمێک لەئەنجامی چەند کارلێکێکی گەورەدا بە شێوەی دیسکێک بەدەوری خۆیدا خولاوەتەوە و فشار و گەرمییەکی زۆری دروست کردووە و لەئەنجامدا ئەستێرەکەمان دروست دەبێت کەپێی دەوترێت (ڕۆژ)، لەپاشماوەکەشیدا هەسارە و مانگەکانی هەسارەکان دروست دەبن و پاشماوەکانی تریش لەگەرد و تەنە گەردوونییەکان تائێستاش لەناو کۆمەڵەی خۆردا ماون و لە خولگەیەکدا دەسووڕێنەوە دیارە هەموو هەسارەکان و مانگەکان تەنها لەسەدا یەک پۆینت دووی قەبارەی ئەستێرەی خۆر پێکدەهێنن.

بۆ ئەوەی کەمێک لەقەبارەی هەسارەکان تێبگەین لەکۆمەڵەی خۆر باسی هەسارەی موشتەری دەکـــــــەم، بەگشتی لەگازی هایدرۆجین دروستبووە و تا ئێستا ٦٧مانگی دۆزاوەتەوە هەرچەندە باس لە٨٢ مانگ دەکرێ، لەڕیزبەندی هەسارەکان لەدووری ئەستێرەی خۆر پێنجەمە و بە١١،٨٥ساڵ یەک ساڵی زەوی

دوا ڕوپێو بۆ پێکهاتەی گەردوون بەم شێوەیە دانراوە: لەسەدا چوار بۆ ماددەی باریۆنی لەسەدا بیست و سێ بۆ ماددەی تاریک (ڕەش)، لەسەدا حەفتا و چوار بۆ هێزی تاریک، دیارە ڕووپێوی تریش هەیە چونکە بەردەوام ئەم بابەتە لەگۆڕانکاریدا دەبێت

بێجگە لە بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە چەندان بیردۆزی تر هەن بەڵام ئەمە زیاتر قسەی زانستی لەسەر کراوە، بەڵام بۆچی ئەم ڕووداوە ڕوویدا و چۆن ڕوویدا؟ هەمووی پرسیاری بێ وەڵامن.

دەکات نزیکترین خولگەی لەزەوی،٥٨٨ملیۆن کیلۆمەترە و دوورترین خاڵی خولگەیی ٩٦٧ملیۆن کیلۆمەترە،١٣٢١ جار لە زەوی گەورەترە.

زۆربەی زانایانی گەردوونناسی لایان وابوو تا ماوەیەکی زۆر کە گەردوون پێکهاتووە لەم سێ ماددە سەرەکییە کەناسراوە بەماددەی باریۆنی کەپێکدێت لە بڕۆتۆنات و نۆترۆنات و ئەلکترۆنات بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەم سێ ماددەیە بەشێکی کەمی گەردوون پێکدێنێت لەئەنجامی چاودێریی جۆڵەی گالاکسی و ئەستێرەکان دەرکەوتووە کەماددەیەک بەچاو نابینرێت بەڵام هەست بەکاریگەرییە گەورەکانی دەکرێت لەسەر ئەستێرە و هەسارەکان و تەواوی پێکهاتەی گەردوون ئەویش ماددەی بڕوا وایە کەئەم ماددەیە (darkmatter) ڕەشە کاریگەری تەواوی هەیە لەهێزی کێشکردن و فراوانبوونی گەردوون.

دوا ڕوپێو بۆ پێکهاتەی گەردوون بەم شێوەیە دانراوە: لەسەدا چوار بۆ ماددەی باریۆنی لەسەدا بیست و سێ بۆ ماددەی تاریک (ڕەش)، لەسەدا حەفتا و چوار بۆ هێزی تاریک، دیارە ڕووپێوی تریش هەیە چونکە بەردەوام ئەم بابەتە لەگۆڕانکاریدا دەبێت(٢).

بابەتی ئایا گەردوون سنووردارێکی نا کۆتایی هەیە یا سنووردارە؟ بەدڵنیایی تا ئێستا تەنها گریمانەیە و لەڕووی زانستییەوە هیچ لایەکیان نەسەلێمنراوە، دیارە ژمارەکانی گەردوونی بینراو کە بەساڵی تیشکی دەپێوریێت ئەوانیش گریمانەیین بۆ نموونە بڕوا وایە کە٣٤ملیار ساڵی ڕووناکی بێت یا ٤٦ملیار یا ستیفن هۆکینگ لای وایە بووە بە٩٣ملیار ساڵی ڕووناکی بەگشتی ئەم بابەتە بەپێی لێکۆڵینەوەی زیاتر و ژمێرە بیرکارییەکان بەردەوام لەگۆڕانکاریدا دەبێت .

ئەم بابەتە لەبەر قوڵی و وردەکاری یەکجار زۆر و نەژمێراو ناتوانرێ لەکتێبێکیشدا کۆبکرێتەوە، بۆیە پەنا بەخوا لە داهاتوودا بەباتی جیاواز و وردتر بەردەوام دەبین.

سەرچاوەکان:

١-زانستی کۆسمۆلۆجیا زانستی گەردوونناسییە و لەبنەچە و پێکهاتەی گەردوون و مێژووی گەردوون دەکۆڵێتەوە.

٢- وەرگیراوە لەکتێبی (الكون المرئي واكوان خفيه) هی لێکۆڵەری عێراقی جەواد بەشارە لەساڵی ٢٠٢٤دەرچووە.

پڕۆفایل..

- ناو تەحسینی شێخ جەواد.

- ئارەزوومەندی بواری گەردوونناسی زیاتر لەبیست ساڵ.

- بەکالۆریۆس لەیاسا، زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی.

ئیعجازێکی زانستی و پزیشکی لەبارەی ئەنجامدانی

کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ

کەڵەشاخ: لەدێر زەمانەوە هەبووە و لەسەردەمی ئیسلامدا، جارێکی تر پەرەی سەندەوە و گرنگی پێدرایەوە، هۆکاری باسکردن و پەرەسەندنەوەی کەڵەشاخ ئەوە بوو عەرەبەکان کەڵەشاخیان نەدەزانی ئەنجامی بدەن و چارەسەری خەڵکی پێ بکەن بەشێوازێکی ڕاست و دروست، ئیسلام هات و ڕەزامەندیدا لەسەر پراکتیزەکردنی چارەسەر بەکەڵەشاخ، لە سەفەری شەوی ئیسرا و میعراجدا جەختی لەسەر کراوەتەوە:

پەیامبەری خوا (ﷺ)، بەتایبەت کاتێ شەوڕەوی پێکرا بۆ ئاسمان فریشتەکان پێیان دەوت وەك خۆی دەفەرموێت: (ما مررتُ ليلةَ أُسريَ بي بملإٍ ، من الملائكةِ إلا قالوا: يا محمدُ مُرْ أُمَّتَك بالحِجامةِ) ١، صحيح الترغيب رقم (٣٤٦٣)، صحيح الجامع برقم (٥٦٧١)، صحيح ابن ماجة برقم (٢٨٠٢)، صحيح سنن الترمذى بەژمارە (١٦٧٣). واتا: لەشەوی (ئیسرا و میعراجدا) کە شەو ڕەویم پێکرا بۆ ئاسمانەکان بەلای هەر کۆمەڵێك لەفریشتەکان تێپەڕ دەبووم، ئیللا پێیان دەوتم ئەی محمد بە ئومەتەکەت بڵێ کەڵەشاخ بکەن.

ئەنجامدانی کەڵەشاخ، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پەیامبەری ئازیز و نازدار(ﷺ) فەرمانی کردووە بەئوممەتەکەی کەڵەشاخ بکەن، وە چەندەها ڕێوشوێنی نوێ و ڕێنمایی جوانی خستە نێو زانستی پزیشکی کەڵەشاخەوە، هەر لە سەردەمەکانی دوای ئیسلامیش چەندەها زانا و پزیشک کاری کەڵەشاخیان ئەنجامداوە و لەو بارەیەوە پەرتوکیان نوسیووە، لەوانە پەرتوکی (القانون)ی ئیبن سینا و چەندین پزیشک و زانا باسیان لێوەکردووە لەوانە: (ئیبن سینا، ئیبن قەییم، ئیمامی الزهراوی، ئیمامی الرازی). لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەڵەشاخ کردن بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام دەدرا، وە بەدرێژایی شارستانیەتی ئیسلامیی بەردەوام ئەنجامدراوە و پەرەی پێدراوە، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت کەڵەشاخ لە وڵاتە ئیسلامییەکان و غە یرە ئیسلامیەکانیش ئەنجام دەدرێ و هیچ

نووسینی:
کریکار قادر پوستایی

کاریگەرییەکی خراپی دروست نەکردووە، چونکە کە ئیسلام هات کۆمەڵێک مەشخەڵ و ڕێنمایی تەندروستی بۆ ئەم کارە دانا و جارێکی تر پەرەی سەندەوە و گرنگی پێدرایەوە.

چەندین توێژینەوەی زانستی و پزیشکی لەسەر کەڵەشاخ کراوە و دەیسەلمێنێ کە کەڵەشاخ سوود و گرنگییەکی زۆر باشی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ بەگشتی، تاوەکو ئەمڕۆش کەڵەشاخ وەک چارەسەرێکی پزیشکی و سروشتی ئەنجام دەدرێت، وە زانستی پزیشکی ئەو فەرموودەیەی پەیامبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ دەسەلمێنێ کە سوود و گرنگی زۆر باشی هەیە لەسەر تەندروستی چارەخواز (٢) و (٣) .

پەیامبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (الحجامة على الريق امثل وفيها شفاء و بركة) (٤ - ٥ - ٦)، اخرجه ابن ماجة فى السنن (٣٤٨٧ _ ٣٤٨٨)، والذهبى فى الطب النبوي، والمنذرى فى الترغيب والترهيب(٤/٣١٥)، وغيرهم. واتا: کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵ، باشە و شیفا و بەرەکەتی لەگەڵدایە.

شیکارییەکی زانستی و پزیشکی بۆ ئەم فەرموودەیە دەخەینە ڕوو :

بۆچی کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵ، باشترین و چاکترین دەرمانە بۆ تەندروستی مرۆڤ؟

چونکە خـــــواردن کار دەکاتە سەر کۆئەندامی هـــــەرس و چالاکی دەکات، بەو هۆیەوە سووڕی خوێن چالاک دەبێت و دەبێتە هۆی جوڵاندنی خڕۆکە بەتەمەنە ناچالاکەکان بەتایبەت لەناوچەی شـــــان (کەلەکاتی خەوتندا کۆبوونەتەوە)، هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی کرداری دابەشکردنی خواردن بۆ هەموو بەشەکانی لەش کە ئەمەش لەگەڵ کەڵەشاخ گرتن ناگونجێت، چونکە ئەو خوێنەی

زانستی پزیشکیش سەلماندوویەتی کە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ سوود و گرنگی زیاترە، وەک لەوەی کەسێک نان بخوات ئینجا کەڵەشاخی بۆ ئەنجام بدرێت

وەردەگیرێ چالاکە لەگەڵ لەدەستدانی ئەو سوودەی کەلە کاتی ئەنجامدانی کەڵەشاخ دەکرێت، ئەمەش وادەکات ئەنجامدانی کەڵەشاخ ئامانجی خۆی نەپێکێ و کەڵک و سوودی کەمتر بێ وەک لەوەی پەیامبەری خودا (ﷺ) ئاماژەی پێکردووە و زانستی پزیشکیش سەلماندوویەتی کە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ سوود و گرنگی زیاترە، وەک لەوەی کەسێک نان بخوات ئینجا کەڵەشاخی بۆ ئەنجام بدرێت. پەیامبەری خوا (ﷺ) ١٤٤٥ ساڵ بەر لە ئێستا وای فەرموە کەچی تازە زانستی پزیشکی ئەوە دەسەلمێنێ، کە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ سوود و گرنگی زۆر باشی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ (٧ -٨ - ٩ - ١٠) .

سوودە زانستی و پزیشکییەکانی ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ:

١- چالاککردنی سووڕی خوێن و ڕێگری کردن .(لەخەست بوونەوەی خوێن (پاڵفتەکردنی خوێن

٢- چالاککردنی سووڕی لیمف و گرێ لیمفییەکان و پاڵفتە کردنی لیمف لەو پاشماوانەی تێیدایە.

٣- چالاککردن و ورژاندنی شوێنەکانی پەرچەکردار لەلەشدا بەمەش ئاگایی مێشک بۆ ئەندامەکان زیاد دەکات و فرمانی دروستیان بۆ دەنێرێت.

٤- هێنانە دەرەوەی ژەهری لەش لە پاشماوەی دەرمانە کیمیاوییەکاندا، جەستە پاک دەکاتەوە لەماددە ژەهراوییەکان.

٥- ڕێڕەوی خۆشکردنی وزە لە لەشدا چالاک و زیاد دەکات و کار دەکاتە سەر زیاتر چالاک بوونی لەش.

٦- بەهێزکردنی بەرگـــــری گشتی لەش و ڕێکخستنی کاری هۆرمۆنەکان بە تایبەتی لەناوچەی برگەی حەوتی بڕبڕەی پشت لەملدا (٧). Cervical

٧- کارکردن لەسەر ڕێکخستن و هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی لەڕێی هەردوو سیستمی دەرماری بەسۆز و هاوتای بەسۆز (Sympathetic Parasympathetic) کە پێچەوانەی یەکتری کار دەکەن.

٨- چالاککردنی بەشەکانی مێشک کە بەرپرسن لە(جوولّە، زانین، بیستن، یادەوەری).

٩- چالاککردنی گلّاندەکان بە تایبەتی ژێر .مێشکە گلّاند

١٠- لابردنی فشار لەسەر دەمارەکانی لەش، بەتایبەتی سەر کە دەبێتە هۆی" چارەسەر و خۆپاراستن" لەجەلّتەی دڵ و مێشک، نەمانی ژانەسەر و سەرگێژی و بەرزە فشاری خوێن و ئازار و تەشەنوجاتی جەستە بەگشتی.

پەیامبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ قال : (احْتَجِمُوا لَا يَتَبَيَّغْ بِكُمُ الدَّمُ فَيَقْتُلَكُمْ)

واتا کەلّەشاخ بکەن نەوەکو خوێنتان تووشی زیاد بوون و لەسنوور دەرچوون بێت و فشاری بەرزبێتەوە و بتان کوژێت. (١١ - ١٣)، السلسلة الصحيحة، الصفحة أو الرقم : ٢٧٤٧ خلاصة حكم المحدث: صحيح، التخريج: أخرجه الطبري في (مسند ابن عباس) برقم (٧٧٩).

١١- هێنانەدەرەوەی ماددەی پرۆستاگلاندین کە لەکاتی شیرازە تێکچوونیدا لە خانەی توشبوودا دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئازار.

١٢- زۆربوونی ڕێژەی ماددەی کۆرتیزۆنی سروشتی لەلەشدا کە زۆر گرنگە بۆ نەخۆشییەکانی ڕۆماتیزم و لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدا نەبێت بەکار ناهێنرێت.

١٣- چالاککردن و وروژاندنی ماددە دژە .ئۆکسانەکان لە لەشدا

١٤- زۆر بوونی ڕێژەی ماددەی مۆرفینی سروشتی لە لەشدا کە ئازار شکێنێکی زۆر بەهێزە و ئەگەر بەدەرمان وەربگیرێت بۆی هەیە خووی پێوە بگرێت.

١٥-کەمکردنەوەی هەرسێ جۆری چەوری کە بریتین لە :

١. کۆلیسترۆلّی چڕ (پرۆتینات و چەوری چڕ بەرز) ئەمەش پێی دەگوترێت کۆلیسترۆلّی باش و بە سوود (HDL).

٢. کۆلیسترۆلی کەم چڕ (پرۆتیناتی کەم چەوری) ئەمەش پێی دەگوترێت کۆلیسترۆلی زیانبەخش یان خراپ (LDL)).

٣. چەوری سیانی Triglyceride)).

١٦- خانەکانی مێشک چالاک دەکات، .دەتپارێزێت لەنەخۆشی ئێم ئێس و پارکینسۆن

١٧- پلەی گەرمی لەش دادەبەزێنێت بۆ باری ئاسایی سروشتی خۆی.

١٨- لەنەخۆشییەکانی دڵ دەتپارێزێت، چارەسەر و بەسوودە بۆ غودەی دەرەقی.

١٩- کەلّەشاخ کاریگەر و بەسوودە بۆ

هاوسەنگکردنەوەی دۆخی دەروونی مرۆڤ بۆ باری ئاسایی خۆی، چونکە لەدوای ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەشی مرۆڤ هۆرمۆنی دەردەدات، کە ئەو (Endorphin) ئیندۆرفین هۆرمۆنانەی لەش کە لەکاتی هەستکردن بە ئازار و فشار، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی ڕاهێنان، نان خواردن و سێکسکردندا دەردەدرێن. ئەم هۆرمۆنانە یارمەتی کەمکردنەوەی ئازار و فشاری جەستەیی و دەروونی دەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەست بە باشی بکات. ئیندۆرفینەکان لە ژێرمێشکەڕژێن و ژێرلانکدا دروست دەبن، جۆرێکن لە دەمارەگوێزەرەوەکان و زانیارییەکان لە نێوان دەمارەخانەکاندا دەگوازنەوە، ئیندۆرفین بە واتای ناوەوەی کە ئازارشکێنە هاتووە، ((morphine جەستە و واتای ئازارشکێنی ((endorphin پێکەوە دەبنە سروشتی دەگەیەنێت، ئەم هۆرمۆنانە مرۆڤ دەخەنە دۆخێکی ئەرێنی مێشکەوە و هەستی دڵخۆشی بە مرۆڤ دەبەخشن. زیاتر لە ٢٠ جۆری ئیندۆرفینەکان لە لەشی مرۆڤدا هەیە، بێتا-ئیندۆرفینەکان بەشداری لە کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و ئازاری جەستە دەکەن، (قەلەقی، ستریس، بەرزە فشاری دەروونی، توڕەیی، خەمۆکی، وەسواسی، ڕاڕایی) کەم دەکاتەوە و کەڵەشاخ هەڵدەستێت بە ڕێکستنەوە و هاوسەنگکردنەوەی هۆرمۆنەکان لەجەستەدا، مەزاجی مرۆڤ ڕێکدەخاتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی.

٢٠- چارەسەر و بەسوودە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی پێست، وەک ئەگزیما، سەدەفی، ١٣ – ١٤- ١٥ - ١٦ – ١٧- ١٨ – ١٩ ــــــــ٢٠).

سەرچاوەکان:

١- الحجامة في العصر الإسلامي:

https://www.master-clinic.org.il) cupping

٢- العلاج بالحجامة في الطب العربي من منظور الطب الحديث

International Society for the History of Islamic Medicine

https://www.ishim.net) cupping

٣- پەرتوکی موسوعة طب الحجامة، نووسینی: دکتۆر غەسان جەعفەر، لاپەڕە (٢٧٢ - ٢٧٣ ٢٧٤ _ ٢٧٧) بەناو نیشانی" جدول ملخص باحاديث الحجامة الصحيحة.

٤- کەڵەشاخ گرتن و زانستی و ئەمڕۆ، لەئامادەکردنی: کاوە محمد شارباژێڕی، پێداجوونەوەی لەڕووی پزیشکییەوە، دکتۆر کاوە فەرەج سعدون، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١١، لاپەڕە (٤٣).

چارەسەر و بەسوودە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی پێست، وەک ئەگزیما، سەدەفی، حەساسیەت بەگشتی لەپێست دا

وادەکات خڕۆکە پیر و لەکارکەوتووەکان بچنە ناو ئەو فلتەرانەوە.

۹- بۆچی چارەسەری بە کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵدا کاریگەرترە؟

https://rabiaanjum2114.medium.com/why-hijama-cupping-therapy-is-more-effective-with-an-empty-stomach-8ad9b1f79bff

۱۰-کەڵەشاخ گرتن باشتر وایە لەبەیانیان و لەسەر گەدەی بەتاڵ ئەنجام بدرێت:

https://www.cuppingforhealth.co.uk/before-and-



۵- پەرتوکی موسوعة طب الحجامة، نووسینی: دکتۆر غەسان جەعفەر، لاپەڕە (۲۷۱ - ۲۷۲ - ۲۷۳ - ۲۷۵) بەناو نیشانی" جدول ملخص باحاديث الحجامة الصحيحة.

٦:- حديث الحجامة على الريق

صحة (maqall.net https://maqall.net.

۷:- الحجامة على الريق

۲۰... (https://hekmai.wordpress.com

۸:- مواعيد الحجامة الأربعة - الموعد اليومي

https://www.amin-sheikho.com/?p=٦٣٣٧

۹- پەرتوکی Cupping

لەنووسینی: موحەممەد ئەمین شێخو، لە لاپەڕە (۱۱۵) دەڵێت" (تاقیکراوەتەوە لەکاتێ کەڵەشاخ گرتن بۆ کەسانێک لەکاتێکدا تێر بوون، دوای شیکاری کردن بۆ خوێنەکەیان دەرکەوتووە کە نزیکە لە خوێنی ئاسایی کە لە دەمارەوە وەردەگیرێت).

تێبینی/ کەدەڵێت کەسانێک لەکاتی کەڵەشاخ تێربوون واتا نانیان خواردووە، بەزگی تێرەوە کەڵەشاخیان بۆ کراوە، وە بۆ چوونێکی زانستی تر هەیە باس لەوە دەکات" کە لە لەشی مرۆڤدا فلتەر هەیە، ئیشی ئەو فلتەرانە گرتنی، خڕۆکە پیر و لەکار کەوتووەکانە کە گەورەترین فلتەر لەنێوانی شان و مل دایە، بۆیە خواردن یان جوولە یان خۆشۆردن کاریگەریی دروست دەکات لەسەر جوولە و خواردن و خۆشۆردن

پەیوەندی نێوان پێشبینییە ئاینییەکان و ڕووداوە سیاسییەکان

نووسینی :خانمە نووسەری ئەمریکی: گریس هالسل (2000-1923ز)

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محمد سماک (-1936؟)

کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەری کتێبەکە:

خاتووگریس هالسل (١٩٢٣-٢٠٠٠ز) کچی نووسەری ئەمریکی هاری هالسلە، لە٧ی ئایاری ١٩٢٣ز لەهەرێمی تەکساس لەدایکبووە، قۆناغی زانکۆی لە زانکۆی تەکنیکی تەکساس تک لە ساڵی ١٩٣٩- ١٩٤٢خوێندووە، وە لە ساڵانی ١٩٤٤- ١٩٤٥لەزانکۆی کۆڵۆمبیا بووە، لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٥١ لەزانکۆی تەکساسی مەسیحی بووە و، ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨لە زانکۆی سۆربۆن بووە.

لەجەنگی کۆریا١٩٥٠- ١٩٥٣ و جەنگی ڤیێتنام ١٩٥٥-١٩٧٥ز دا پەیامنێری میدیاکانی ئەمریکا بووە، لەساڵی ١٩٦٥-١٩٦٨ نووسەری گوتارەکانی لیندۆن جۆنسۆنی سەرۆکی ئەمریکا بووە، چەندین کتێبی نووسیوە، یەکێکیان ئەم کتێبەیە کەلەساڵی ١٩٨٦ بە ئینگلیزی چاپ کراوە و، محمد سماک نووسەری لوبنانی لەساڵی١٩٨٩ز وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. لە١٦ی ئابی ٢٠٠٠ لە واشنتۆن مردووە.

پوختەی بابەتە هەستیارەکانی کتێبەکە:

- ڕۆناڵد ڕیگانی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا دەڵێ:»هەموو پێشبینییەکانی کە پێویست بوو پێش جەنگی هەرمجدۆن بێتە دی، هەمووی هاتوونەتەدی، ئەوەتا لە بەشی ٨٣ی سفری حزقیال هاتووە کە خوا کوڕانی ئیسرائیلی پرش و بڵاوبوو لەناو گەلە بتپەرستەکان کۆدەکاتەوە و، هەموویان دەگێڕێتەوە بۆ زەوی میعاد. ئەم بەڵێنە تەوڕاتییە دوای دوو هەزار ساڵ لەهاتنی لەم سەردەمەدا هاتەدی، ئێستا هەموو شتێک گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی وهەموویان چاوەڕێن بۆ ڕوودانی جەنگی هەرمجدۆن و دوای جەنگەکەش بۆ گەڕانەوەی مەسیح».



وە لەسفری حزقیال و سفری روئیای یۆحەنا پێشبینی زۆر ڕۆشنی تێدان بۆ سیناریۆی کۆتا ڕۆژەکانی گەردوون و بوونەوەر.

هەنگاوەکانیش بریتین لە:

- کۆکردنەوەی جولەکەکان لەگشت جیهان و گێڕانەوە و کۆکردنەوەیان لە فەلەستین.

- دروستکردن و تۆکمەکردن و پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل و فراوانکردنی دەوڵەتەکە لە ڕووباری فوڕاتەوە بۆ ڕووباری نیل.

- بنیاتنانەوەی هەیکەلی پیرۆز و پەرستگا و کوشتارگای قوربانیکردن. (دیارە ئەم پەرستگایە لەسەرشوێنی مزگەوتی پیرۆزی سەخرە و ئەقسا دەبێ).

- بەرپاکردنی جەنگی جیهانی و کارەساتی ئەتۆمی هەرمجدۆن.

- بڵاوکردنەوەی تێکدان و نەخۆشی و کارەسات و کوشتنی ملیۆنان کەس. (ئەمەش لەو جەنگە جیهانییانەی ڕوویاندا و لەو هەموو داگیرکاری و پشێویەی لەســـەدەی بیست ڕوویدا خۆدەنوێنێ).

- دەرکەوتن و گەڕانەوەی مەسیحی ڕزگارکەر.

- ئەوجولەکانەی لەوجەنگانە دەربازیان بووە ئیمان بە مەسیح دێنن.

- بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایش لە شانشینی مەسیح بۆ ماوەی هەزار ساڵ.

ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە ئەمریکا چل ملیۆن ئەندامی هەیە، وە لەناو ئەندامەکانی ڕونالد ڕیگانی سەرۆکی ئەمریکا لەوان بوو. ئەم بزووتنەوەیە هەژموونی تەواوی بەسەر دام و دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندنی ئەمریکادا هەیە و ڕۆژ بەڕۆژ لەفراوانبوون دایە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا، ئەندامانی لە دامەزراوەکانی پنتاگۆن و کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە بالادەستن و بڕیاری سیاسی و سەربازی لە بەرژەوەندی ئەوانە بەتایبەت

لە بابەتی ململانێی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەب و مسوڵمانان. لەبیروباوەڕەکانی ئەم بزاڤە دەبوو پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم واتە پێش هاتنی ساڵی ٢٠٠٠ز ئەم کارانە بکرێ:

١- هەموو جولەکەکان گەڕابنەوە فەلەستین و لەوێ نیشتەجێ بووبن.

٢- دەبێ دەوڵەتێکی جولەکە لەوێ فەرمانڕەوا بێ.

ئینجیلییە ئسولییەکان دەڵێن؛ ئەمانە مژدەی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئێمە لەڕاپەڕاندنی نەخشەکە لەسەر ڕێڕەوە ڕاستەکەین و گەڕانەوەی ڕزگارکەرەکەمان زۆر نزیکە، وە بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل گەورەترین ڕووداوە لە مێژووی هاوچەرخدا و، دەست بەسەرداگرتنەوەی یەهودا و سامیرە و قودس لەلایەن ئیسرائیل لەساڵی١٩٦٧ز دوای ٣٠٠٠ساڵ بڕوای نوێکردوینەوە و متمانەمان بە کتێبی پیرۆز زیاتر بووە.

ئینجیلییە ئسولییەکان دەڵێن؛ ئەمانە مژدەی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئێمە لەڕاپەڕاندنی نەخشەکە لەسەر ڕێڕەوە ڕاستەکەین و گەڕانەوەی ڕزگارکەرەکەمان زۆر نزیکە، وە بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل گەورەترین ڕووداوە لە مێژووی هاوچەرخدا و، دەست بەسەرداگرتنەوەی یەهودا و سامیرە و قودس لەلایەن ئیسرائیل لەساڵی١٩٦٧ز دوای ٣٠٠٠ساڵ بڕوای نوێکردوینەوە و متمانەمان بە کتێبی پیرۆز زیاتر بووە

٣- دەبێ مژدەی لاهوت و خوا بوونی مەسیح بدرێ بەهەموو میللەتان و لەناویشیان میللەتی ئیسرائیل، ئەوە سەدەیەکە لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن مژدەی پەیامی مەسیح گەیەنراوەتە گشت جیهان، خاوەنی ٠٤ نێردەی ئینجیلین لە جیهان.

٤- هەڵکشانی هەژمونی کەنیسە کە ئەمەش لەڕابردوودا کراوە و ئێستاش بەردەوامە.

٥- بەرپابوونی ئاشوب و ناکۆکی گەورە کە ببێتە هۆی هاتنی مەینەتییەکی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیدا، کەهەموو ئەوانەی بڕوایان نییە تووشی ئازارێکی سەخت دەبن، ئەمەش لەدوو جەنگە جیهانییەکە و دەرد و بەڵا و قەیرانە سیاسی و ئابووریەکانی ئەم سەدەی بیستە زۆرمان بینی.

٦- ڕوودانی جەنگی هەرمجدۆن (کە بەنیازبوون لە ساڵانی هەشتاکان لەگەڵ بەرەی پەیمانی وارشۆ و سۆڤیەت ببێ بەڵام نەکرا).

ئەم ئینجیلییانە دەڵێن، هەرچەندە زۆر شادمانین بەگەڕانەوەی جولەکەکان بۆ

فەلەستین و دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵام وا هەست دەکەین کە جولەکەکان بەتەواوی بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵنەستاون، پێویستە جولەکەکان هەموو ئەو زەویانە بگێڕنەوە کە خوا داویەتی بە عیبرانیەکان کە لە فوڕاتەوە بۆ نیلە.

فولویل چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس ڕوبەرت شیر لە٤-٥-١٩٨١دا کردووە:

شیر دەپرسێ: تۆ هەمیشە لەنووسینەکانت پێشبینی جەنگی ناوەکی و هەرمجدۆن لەگەڵ ڕووسیا دەکەیت.

- فولویل: بەڵێ، ڕووسیا لەبەر ئەوەی پێویستی بەنەوتە و یەدەگی نەوتی لەتەواوبووندایە بۆیە هێرش دێنێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش کەزۆر ڕقی لە ئیسرائیلە، ئالەم کاتەدا کارەساتی ئەتۆمی بەرپا دەبێ، خوێن لە شەقامەکان تا گەردنی ئەسپ دێ لە دۆڵی ئاسدریلۆن بۆ دووری ٢٠٠میل ئەم ڕووداوە ترسناکانە وەک توانەوەی توخمەکان و جەنگی ناوەکی بتروسی سێیەم ئاماژەی پێکردوون.

شیر: ئەدی ڕووسیا چی لێ دێ؟

فولویل: ڕووسیا هێرشکارە، هێرشکاریش بەتەواوی وێران دەبێت.

شیر: بەڵام هەموو جیهان وێران دەبێ، ئەی وانییە؟

فولویل: نەخێر هەموو جیهان نا، چونکە خوا دەگەڕێتەوە سەر زەوی، ئەو دێ بۆ ڕزگارکردنی کەنیسە، دوای حەوت ساڵ لەهەرمجدۆن دەگەڕێتەوە سەر زەوی، بۆیە هرمجدۆن هەموو زەوی وێران ناکات، لەگەڵ گەڕانەوەی خوا کەنیسەش دەبووژێتەوە، بۆ ماوەی هەزار ساڵ کەنیسە فەرمانڕەوا دەبێ، دوای ئەو هەزار ساڵە بەهەشتی نوێ و زەوی نوێ و نەمری دێ، هەموو ئەم پێزانینانە لەکتێبی پیرۆز نووسراون.

شیر: بەڵام پێت وایە کەڕووسیا بەچەکی ناوەکی لەناوچێ؟ ئایا هەموو جیهان لەگەڵ ڕووسیا لەناو ناچێ؟

فولویل: من مەبەستم لەهەموو ڕووسیا گشت مرۆڤەکانی ڕووسیا نییە، لەڕووسیا و دەوروبەری ڕووسیاش مەسیحی دڵسۆز هەن، ئەوانە دەرباز دەکرێن، جەنگەکە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دەست پێدەکا هەتا ناوەڕاستی گۆی زەوی، کە ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەگەڕانەوەی مەسیح مسۆگەرە. ئێمە لەکۆتا ڕۆژەکانی پێش هاتنەوەی پەروەردگارین.

شیر: مەبەستت لە مسۆگەربوون دوای ساڵێکە یان زیاترە ؟

فولویل: خوا هۆشداری داوینێ کە مێژووەکە بەسالّ دیاری نەکەین، هەر پێشەوایەکی ئاینی مێژوو دیاری بکا بۆ ئەو ڕووداوانە خۆی شەرمەزار کردووە، من پێم وایە پەنجا سالّی تر نابا دەیبینین.

فولویل لەسالّی١٩٨٣ کتێبێکی بەناوی (جەنگی ئەتۆمی و هاتنەوەی دووبارەی مەسیح) نووسی لەناو ئەو کتێبەدا بەشێکی بەناوی (جەنگی داهاتوو لەگەلّ ڕووسیا) تێدا بوو، فولویل دەلّێ ڕووسیا هێرش دێنێتە سەر ئیسرائیل بەلّام لە چیاکانی ئیسرائیل ڕووسیا تێک دەشکێ.

لەکۆتایی ئەو جەنگەدا سفری حزقیال ٢٩/٢دەلّێ ٨٣٪ی سوپای ڕووس لەناودەچن، ئەوەش یەکەم ئاهەنگی خوایە لەدوای هەرمجدۆن و هەڕەشەی ڕۆژهەلّات هەتاهەتایە کۆتایی دێ و ماوەی ناشتنی مردووەکان حەوت مانگ دەکێشێت.

گوتاری فۆلۆیل لە قوداسی دووی دیسەمبەری سالّی ١٩٨٤ز: لەئیسحاحی ١٦/١٦ی ئینجیل هاتووە: مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کرد و ئاوەکەی وشك کرد، تا ببیتە ڕێڕەو بۆ پاشاکانی ڕۆژهەلّات، بینیم کە سێ ڕۆحی پیس لە شێوەی بۆق لە دەمی تنینێك دەرچوون، ئەمانە ڕۆحی شەیتانی بوون، موعجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی ڕۆژی گەورە، ڕۆژی خوای بەتوانا، خۆشی بۆ ئەو کەسەی کە جلەکانی دەپارێزێ و لەو ڕۆژە ڕووت نابێ، لەو ڕۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەو شوینەی پێی دەلّێن هەرمجدۆن.

پاشان فۆلۆیل گوتی: وشەی هەرمجدۆن دەبێتە مایەی ترس و سام لە دەروونی مرۆڤەکاندا، ئەوە دوابەریەککەوتنە بەڕێزان، چونکە دوای ئەو لێکدانە خوا هەسارەی زەوی لەناو دەبات، دەقەکە لە بڕگەی ٢١ و٢٢ پێمان دەلّێ کەخوا ئاسمانەکان و زەوی لەناو دەبات.

«بتروس لە نووسینەکانیدا دەلّێ: پلەی گەرما زۆر بەرزدەبێتەوە، تەقینەوەیەکی گەورە بەرپا دەبێ. لە کاتی بەرپابوونی هەرمجدۆن دوژمنانی مەسیح گەلەکۆمەکی دەکەن و ئۆردویان بەرەو ڕۆژهەلّاتی ناوەڕاست دێ و دێن پەیکەری خۆیان لە شوێنی قودسی ئەقداس دادەنێن و داوا لە جیهان دەکەن کە بیپەرستن. لەم سەردەمەدا ملیۆنەها جولەکە سەردەبڕدرێن، کەمێک لەوان ڕزگاریان دەبێ، پەروەردگار موعجیزە دروست دەکات بۆ شاردنەوەیان، خوا لە پێناو خۆی بۆ ماوەی سێ سالّ و نیو لەشاری بەترای ئوردونی دەیان شارێتەوە کە ئێمە نازانین چۆن لەوێ دەیانشارێتەوە چونکە جولەکە گەلی هەلّبژاردەی خوان».

فۆلویل لە سیحاحی زەکەریا ١٢/١١ و١٦/١٦ وئیسحاحی ئیسحاق ٢٥ و٣٦ و٣٥ دەگوازێتەوە کە: «گۆڕەپانی جەنگی هەرمجدۆن لە دەشتی مەجیدۆ لەباکوور تاکو ئەیدۆم لەباشوور کە دووری نێوانیان ٢٠٠ میل دەبێ، وە لەڕۆژئاوا لەکەنارەکانی دەریای ناوەڕاست تاکو گردەکانی موهاب لەڕۆژهەڵات کە ١٠٠ میل پانایيەتی، دەشتی جزریل و چەقی ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانە هەموویان دەبنە شاری قودس بە بەڵگەی ئیسحاحی زەکەریا١٤ئایەتی ١-٢». لەو ناوچەیە نزیکی ٤٠ ملیۆن کۆ دەبنەوە، لە ئیسحاحی ٣/١٤دا هاتووە کە پاشاکان لەهەر چوارلاوە دێن و، ئەم دۆڵە دەبێتە سەکۆی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتی.

بۆچی ئەم هەموو جەنگە لێرە ڕوودەدات؟ بۆچی دوژمنان گەلەکۆمەیی لە مەسیحی خوا دەکەن؟ «یەکەم چونکە ئەوان ڕقیان لەسەروەری خوایە، هەمیشە شەیتان دژی مەسیح بووە، شەیتان هەموو گەلان گومڕا دەکات و لەدژی مەسیح هانیان دەدا، لەم جەنگە ڕووباری فورات وشک دەبێ ئیسحاحی ١٢/١٦ و قودس بەتەواوی وێران دەبێ، لە ئیسحاحی یۆحنا هاتووە کە « هەموو باڵندە گۆشتخۆرەکانی ئاسمان تێر دەبن لە خواردنی کەلاکی پاشاکان و سەرکردە و پاڵەوانەکان. یۆحەنا لەو خەونە دڕندەیەکی بینی، وە پاشاکانی بینین کەبۆ شەڕ لەدژی مەسیح کۆبوونەوە، مەسیح لەو خەونەدا لەسەرشێوەی پیاوێکە کە سواری ئەسپێکی سپییە، بەو شێوەیە هەرمجدۆن لەکۆتاییەکەی نزیک دەبێتەوە، پاشان مەسیح دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکە لەناو دەبا و فڕێیان دەداتە ڕووباری ئاگرەوە و هەموو ئەو دوژمنانەی سەردەبڕێ کەلەهەرمجدۆن ڕزگاریان بووە».

فالویل لەم قوداسە وێنایەکی سامناکی بۆ کۆتایی جیهان پێشکەش کرد، بەڵام نەک هەر خەمبار نەبوو، بەڵکو کۆتایی وتارەکەی بە پێکەنینەوە گوتی مژدەتان لێ بێ مەسیحیەکان دواڕۆژێکی ڕوون چاوەڕێمانە.

کۆمێنت و تۆمارەکانی فۆلوێل لە سەر پێشبینییەکانی تەورات و ئینجیل: «ئەوە ڕاستییەکەیە، بەڵام خۆشبەختانە کە کۆتایی و لەناوچوونێکی گشتگیرە بۆ هەموان».

«چونکە دوای ئەوە پاشایەتی خوای مەسیح بە هێزەوە دەگەڕێتەوە».

«هەموو مژدەدەرەکان دەڵێن گەڕانەوەی خوا مسۆگەرە».

«من متمانەی تەواوم بەوەیە کە ئێمە وەچەی کۆتایین، ئەو نەوەیەین کە نامرین تا گەڕانەوەی مەسیح نەبینین».

«ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا لەڕووسیا ڕووەدەن هەموو لەسفری حزقیال هەواڵی لێدراوە، ئەوەش ئاماژەیە کە گەڕانەوەی مەسیح نزیکە...

«ئەم پێغەمبەرە عیبرانییە ٢٦٠٠ساڵ پێش ئێستا هەواڵی پێداوین کە ئوممەتێکی لەوشێوەیە بێ باوەڕ پێش گەڕانەوەی دووەمی مەسیح لەباکووری فەلەستین بوونیان دەبێ».

نووسەری ڕاستڕەوی ئەمریکی هال لیندسی لە کتێبی داهاتووی جیهانی نوێدا نووسیویەتی:

«بێننە پێش چاوی خۆتان کە ٢٠٠ملیۆن سەربازی ڕۆژهەڵاتییەکان ڕووبەڕووی ملیۆنان سەربازی ڕۆژئاوا دەبنەوە کە دوژمنانی مەسیح لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەرکێشی ئەو ئۆردووە لەشکرییە دەکەن... عیسای مەسیح جارێ لە پێشدا گورزی خۆی ئاڕاستەی ئەوانە دەکا کە شارەکەی ئەو – قودسیان - پیس کردووە، گورزی دواتر ئاڕاستەی ئۆردوی لەشکری کۆبووەوە لە چیای مەجیدۆن دەکات، هیچ ڕووداوێکی نامۆ نییە کە لێشاوی خوێن هەتا بەرسینگی ئەسپەکان هەستێ لەدووری ٢٠٠میل لە قودس، ئەم دۆڵە هەمووی پڕ دەبێ لە ئامێر و دەزگای جەنگی و لاشەی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان و لافاوی خوێن».

مەسیحییە ڕاستڕەوەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە مەسیحییە دڵسۆزەکان توانای چوونە بۆشایی و دیدارکردن لەگەڵ مەسیحیان لەبۆشایی پێ دەدرێ و ئەو مەسیحییە دڵسۆزانە هیچ زیانیان پێناگات لەو هەموو جەنگە ئەتۆمی و کارەساتانە و تەنیا وەک تەماشاکەرێک لەناو بۆشایی لەشاشەیەک سەیری ئەم کارەساتانە وەک فلیمێکی ئەکشن دەکەن.

کتێبی پیرۆزدەڵێ «لەکۆتایی زەمان دا جولەکەکان دەگەڕێنەوە سەر قوربانیدان بە ئاژەڵان» جا جولەکە بۆ هێنانەدی ئەو داواکارییەی تەورات پێویستە هەیکەل بنیات بنێنەوە چونکە بە بێ بوونی هەیکەل ناتوانن قوربانی بە ئاژەڵ بدەن ئەوەلە سفری حزقیال ٢٩/٤٤داهاتووە.

دیواری خۆرئاوا (حائط المبکی) کە بە بەردی سپی دروستکراوە و٢٠٠پێ پانە و١٢٠٠پێ درێژە، جولەکەکان پێیان وایە ئەوە تاکە شوێنەوارە کەلەپاشماوەی هەیکەلی دووەم مابێتەوە.

لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە بنیاتنانەوەی هەیکەل تاکە ڕێگەیە بۆ گەڕانەوەی دووبارەی خوا، کتێبی پیرۆز پێمان نالێ کەدەبێ قەبارەی هەیکەل چەند بێ، بەڵام هەواڵمان دەداتێ کە قوربانیدان بەئاژەڵ دەگەڕێتەوە.

شۆینەوارناسان بەتەواوی شۆینی ئەو دوو هەیکەلە نازانن، بەڵام پێیان وایە پیرۆزترین مزگەوتەکان لەسەر شۆینی هەیکەلن. مەسیحییە ڕاستڕەوەکان پێیان وایە کە جولەکە پەڕگیرەکان ئەم شۆینەوارە ئیسلامییانە دەتەقێننەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی وروژاندنی جیهانی ئیسلامی و بەرپاکردنی جەنگێکی گەورە دژی ئیسرائیل بەهۆی ئەو گەلەکۆمەییەی ئیسلام دژی ئیسرائیل مەسیح بۆ یارمەتی ئیسرائیل دێتە ناو جەنگەکەوە، ئەو مەسیحە لای جولەکەکان بۆجاری یەکەمە دێ و لەوەوپێش نەهاتووە، بەڵام لای ئێمەی مەسیحی بۆجاری دووەمە دەگەڕێتەوە. هۆل لندسی گوتوویەتی :»من دڵنیام کە جولەکەکان هەیکەلی سێیەمیان بنیات دەنێن.

تەنیا یەک ڕووداو لەبەردەم تەواوبوونی ڕۆڵی ئیسرائیل لەشانۆگەرییەکەدا ماوە کەلەو دیمەنە گەورەیەی کۆتاییدا سەروەری مەینەتییە مێژوویییەکەی قەرەبوو بکاتەوە، ئەویش بنیاتنانی هەیکەلە دێرینەکەیە کەبەپێی یاسای موسا تەنیا یەک شوێن هەیە بۆ بنیاتنانی لەسەر گردی مۆری لەهەمان شوێنی دوو هەیکەلی پێشوو».

